IX ٩ نیشانەکان بنیادنانی کڵێسای تەندروست

# Church Elders

# پیرانی کڵێسا

چۆن
وەک عیسا
گەلی خودا
بەڕێوە ببەین



جێرمی ڕین

وەرگێڕان: نەریمان تاهیر
ئەندازیار سروش

بنیادنانی کڵێسای تەندروست

# پیرانی کڵێسا

## چۆن وەک عیسا گەلی خودا بەڕێوە ببەین

جێرمی ڕین


Email: jamala@worksmail.net
Email: contact@handofhelp.info
Skype: jamalabumajd
www.handofhelp.info
UK: +44 (0) 7966 610944
Iraq: +964 (0) 751 792 5515
iraq, erbil, Ankawa, Hershem 28 / 23

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO
Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

Originaly published in English under the title
Church Elders
by
Crossway
Amazon ISBN: 978-1985864054
Copyright© 2014 by Jeramie Rinne
All rights reserved

- ناوی کتێب: پیرانی کڵێسا
- نووسەر: جێرمی ڕین
- وەرگێڕانی: ئەندازیار سروش & نەریمان تاهیر eng.srush@gmail.com
- چاپی یەکەم، ٢٠٢٠
- چاپخانە:
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن:

مافی چاپکردنی لەلایەن ڕێکخراوی هاند ئۆف هێڵپ پارێزراوە

هەموو ئایەتەکانی لە چاپی کوردیی سۆرانی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.

پیرانی کڵێسا: چۆن وەک عیسا گەلی خودا بەڕێوە ببەین
مافی بڵاوکردنەوەی لەلایەن جێرمی ڕین پارێزراوە
(کرۆسوەی) هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە.
ناونیشان:
1300 Crescent Street
Wheaton, Illinois 60186
هەموو مافەکانی پارێزراوە. هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی نووسەر ناکرێت چاپ بکرێتەوە، یان بەهەر ڕێگەیەک و بە هەر شێوەیەک ببەخشرێت، ئەلیکترۆنی، فۆتۆکۆپی، تۆماری دەنگی، مەگەر ئەوەی کە لەگەڵ یاسای مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بگونجێت.
دیزاینی بەرگ: کۆمپانیای دواڵ ئایدێنتیتی
وێنەی بەرگ: واینبرێزەنیکا
چاپی یەکەم، ٢٠١٢
لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاپ کراوە.
ئایەتەکان لە وەشانی ئێن ئای ڤی (وەشانی نێودەوڵەتی نوێ)وە وەرگیراوە.
978-1-4335-3233-7 ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی کاغەزی
978-1-4335-3234-4 ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی
978-1-4335-3235-1 ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی پی دی ئێف
978-1-4335-3236-8 ژمارەی ستاندەری نێودەوڵەتی پەڕتووکی مۆبیپاکێت
کتێبخانەی کۆنگرێس، کەتەلۆگی داتا و زانیاری بڵاوکراوە
ناو: لیمەن، جۆناتان، ١٩٧٣ – نووسەر.
ناونیشان: پیرانی کڵێسا: چۆن وەک عیسا گەلی خودا بەڕێوە دەبەیت/ جێرمی ڕین.
ناونیشانی دیکە: لە سەرەوەی ناونیشانەوە: بنیادنانی کڵێسای تەندروست
بەرگی ڕەق:ISBN 978-1-4335-2327-5
پەڕتووکی ئەلیکترۆنی: ISBN 978-1-4335-3236-8
پی دی ئێف: ISBN 978-1-4335-3234-4
١. تەمبێکردنی کڵێسایی. ٢. تەمبێکردنی کڵێسایی - توێژینەوە.
کتێبی پیرۆز – یەزداناسی.
8-dc22.‘262
20110463829
کرۆسوەی خزمەتێکی تایبەت بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمپانیای بڵاوکراوەکانی هەواڵی خۆشە.
LB 20 19 18 17 16 15 14 13 12
13 12 11 10 9 8 7 6 5 4 3 2 1
9Marks ISBN: 978-1-951474-59-1

# ناوەڕۆک

لاپەڕە


| | |
|---|---|
| پێشەکیی زنجیرە کتێبەکان | ١ |
| پێشەکی | ٣ |
| بەشی یەکەم: پێشبینی مەکە یان پێش ڕوداوەکان مەکەوە | ٧ |
| بەشی دووەم: با بۆنی مەڕت لێ بێت | ٢٣ |
| بەشی سێیەم: خزمەتی وشەکە بکە | ٣٧ |
| بەشی چوارەم: بەدوای ونبووواندا بگەڕێ | ٤٩ |
| بەشی پێنجەم: بەبێ خۆزاڵکردن ڕابەرایەتی بکە | ٦١ |
| بەشی شەشەم: پێکەوە شوانایەتی بکەن | ٧٥ |
| بەشەی حەوتەم: نموونەی کەسێکی ڕۆحیی پێگەیشتوو | ٨٧ |
| بەشی هەشتەم: پاڕانەوە لە خودا لەپێناوی مێگەل | ٩٩ |
| کۆتایی: ئەرکی جاویدانیی شوانایەتی | ١١١ |

# پێشەکیی زنجیرە کتێبەکان

ئایا باوەڕت بەوە هەیە بەرپرسیاریەتی تۆیە کە یارمەتی بنیادنانی کڵێسایەکی تەندروست بدەیت؟ ئەگەر خۆت بە شوێنکەوتووی مەسیح دەزانیت، ئەوا باوەڕمان وایە کە بەڵێ، ئەوە بەرپرسیاریەتی تۆیە کە یارمەتی بنیادنانی کڵێسایەکی تەندروست دەدات.

عیسا فەرمانت پێدەدات کە قوتابی دروست بکەیت (مەتا ٢٨: ١٨- ٢٠). یەهوزا دەڵێت لە باوەڕدا خۆت بنیاد بنێ (یەهوزا ٢٠- ٢١). پەترۆس بانگهێشتت دەکات کە بەهرەکانت بۆ خزمەتکردن بەکاربهێنیت (یەکەم پەترۆس ٤: ١٠). پۆڵس پێت دەڵێت کە بە خۆشەویستییەوە ڕاستیی ڕابگەیەنە تاکو کڵێساکەت گەشە بکات و پێبگات (ئەفەسۆس ٤:١٣، ١٥). ئایا دەبینیت کە ئێمە ئەوە لە کوێ دەهێنین؟

ئەگەر تۆ ئەندام یان ڕابەری کڵێسای، زنجیرە کتێبەکانی بنیادنانی کڵێسای تەندروست ئامانجی ئەوەیە کە یارمەتیت بدات تاکو ئەم داواکارییەی کتێبی پیرۆز بەجێ بگەیەنیت، وە ڕۆڵی خۆت لە بنیادنانی کڵێسایەکی تەندروستدا بگێڕیت. بەجۆرێکی دیکە دەتوانین بڵێین کە ئومێدوارین ئەم کتێبانە یارمەتیت بدەن لەوەی کە کڵێساکەت خۆشبوێت بەو جۆرەی کە عیسا کڵێساکەتی خۆشدەوێت.

ڕێکخراوی ٩نیشانەکان پلان و بەرنامەی ئەوەیە کە کتێبی کورت و پووخت لەسەر هەریەک لەو نیشانانە بنووسێت کە مەرقۆس بە نۆ نیشانەکانی کڵێسایەکی تەندروست ناوزەدی کردووە، لەگەڵ یەک کتێبی دیکە سەبارەت بە فێرکردنی دروست. بەدوای ئەم کتێبانەدا بگەڕێ: وتاردانی ڕوون و ئاشکرا، یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز، ئینجیلی پیرۆز، گۆڕینی باوەڕ، مزگێنیدان، ئەندامێتیی کڵێسا، تەمبێکردنی کڵێسایی، بەقوتابیبوون و گەشەکردن، لەگەڵ ڕابەرایەتی کڵێسا.

کڵێسا خۆجێییەکان ئیشیان ئەوەیە کە شکۆی خودا بۆ گەل و نەتەوەکان نیشانبدەن. ئێمە ئەم کارە دەکەین لەڕێگەی چاوخستنە سەر ئینجیلی عیسای مەسیح، وە بە مەبەستیی ڕزگاریی متمانەی پێ دەکەین، ئینجا بە پیرۆزی و یەکبوون و خۆشەویستیی خودایی یەکترمان خۆش دەوێت. نوێژ دەکەین کە ئەم کتێبە هاوکاری و یارمەتیت بدات.

**مارک دێڤەر و جۆناتان لیمەن**
**هەڵەچنی زنجیرە کتێبەکان**

# پێشەکی
# من پیری کڵێسام ... دەبێت چی بکەم؟

زۆر لـە شـوانی[a] کڵێسـاکان دەتوانـن کتێبێـک بنووسـن بـە ناونیشـانی «ئـەوەی لـە کۆلێـژی یەزدانناسـی فێریـان نەکـردم سـەبارەت بـە خزمەتـی شـوانایەتی». ڕەنگـە ئـەم کتێبـە چەنـد بەشـێکی ئازاربەخـش و ئاڵـۆزی تێدابێـت، وەکـو: «چـۆن ڕزگار دەبیـت لـە کۆبوونـەوەی کارێکـی بێزارکـەر و نەویسـتراو» یـان «چـی دەڵێیـت کاتێـک وتـار دەدەیـت لـە پرسـەی ماتەمینـی منداڵێکـی سـێ سـاڵاندا". خزمەتـی شـوانایەتی چەندیـن شـێواز لەخـۆ دەگرێـت لـە ئـازار، دڵشـکان و دەیـان خاڵـی دیکـە کـە هیـچ کۆلێژێـک ناتوانێـت فێـرت بـکات.

جگـە لـەوەش خزمەتیـش چەنـد شـتێکی کتوپـڕی خۆشـی تێدایـە. کـەس لـە کۆلێـژی یەزدانناسـی بـە منـی نەگـوت کـە مـن دەکەومـە داوی خۆشەویسـتی گەلـی کڵێسـاکەم یـان مـن کورسـی پێشـەوەی ڕیـزی یەکەمـم دەبێـت بـۆ ئـەوەی سەرڕاسـتی خـودا و هێـزی ئینجیـل ببینـم کـە کار لـە ژیانـی خەڵکـدا دەکـەن. کـەس باسـی ئـەو خۆشـی و قایلبوونـەی بـۆ نەکـردم کـە هەسـتی پـێ دەکـەم لـە ئەنجامـی کارکردنـم لەگـەڵ پیرانـی پـارت تایـم[b] لـە کڵێسـاکەمدا.

پیرانـی پـارت تایمـم خۆشـدەوێت.c مـن قـەرزاری مرۆڤگەلێکـی زۆر باشـم، سـەرباری جەنجاڵـی خشـتەی کاری خۆیـان، وە سـەرقاڵیيان بـە ئەرکـی خێزانییـان، بـە کات و بـە پـارە قوربانـی دەدەن، وە بـە فرمێسـکەوە نوێـژ دەکـەن، بۆ ئـەوەی کڵێسـا خۆجێییەکەیـان بەڕێوە ببـەن. حـەز دەکـەم کـە دەیانبینـم پێکـەوە لەنێـو ئالنگارییـەکان تێدەکۆشـن، هەڵـە دەکـەن، لەنێـو هەمـوو ئەوانەشـدا پێدەگـەن. کارەکـە وەکـو بەسـەربردنی کاتێکـە بـە یـاوەری دوازدە قوتابییەکـە: پیاوانـی ئاسـایی، بـێ کەموکـوڕی نیـن و دەژیـن بـۆ ئـەوەی بـە نیعمەتـی خـودا

a شوان: بەڕێوەبەری کڵێسا یان قەشە. وەرگێڕ.

b پیر – پیری کڵێسا: ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کڵێسا. وەرگێڕ.

c مەبەسـتم لـە بەکارهێنانـی پـارت تایـم واتـای بنەڕەتییـە بـۆ وشـەی «خۆبەخـش» یـان «کارگـەری بـێ کـرێ». مەبەسـتم لـە بەکارهێنانـی وشـەکە ئـەوە نییـە کـە جیـاکاری بکـەم لـە نێـوان پیاوانـی ئایینـی و پیـرەکان. بەڵکـو بـە پێچەوانـەی ئـەوە، ئـەم کتێبـە بەڵگەیـە بـۆ سـەلماندنی بیرۆکـەی ئـەوەی کـە پیـری کارگـەر بەبـێ پـارە و شـوان یـان قەشـەیەک کـە پـارە وەردەگرێـت هەمـان پلەیـان هەیـە، تەنانـەت ئەگـەر کۆمەڵێـک خەڵـک پـارە بـە شـوان یـان قەشـە بـدەن بـۆ ئـەوەی کاتـی زیاتـر تەرخـان بـکات بـۆ ئەنجامدانـی ئەرکەکـەی.

بانگهێشـتێکی نائاسـایی بهێننـه دی. پیرانـی کڵێسـاکەم وەکـو کۆمەڵێـک بـرای ڕاسـتەقینەی منـن؛ ناتوانـم بیـر لـەوە بکەمـەوە کـە دەتوانـم بەبـێ ئـەو بـرا شـوانانەم خزمـەت بکـەم.

بـە هۆکارێکـی دیکـە پیرەکانـم خۆشـدەوێت: ئـەوان پلانـی خـودان بـۆ ڕابەرایەتیـی کڵێسـاکانی. هـەردەم خـودا شـوان و ڕابەرانـی گەلەکـەی دانـاوە. خـودا موسـا و سـاموئێل و دادوەرانـی دایـە گەلـی ئیسرائیـل. هەروەهـا داودای پاشـای بـۆ دیاریکـردن، یەکـەم شـوانی ئیسرائیـل کـە بـێ ڕکابـەر بـوو. سـەرباری ئـەوەش، هەمـوو ئـەو پیاوانـە، لەنێویشـیان داود، بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان کەوتـن. پاشـایانی دوای داود گەلیـان بـەرەو بتپەرسـتی و ستەمکاری بـرد. بـەم شـێوەیە، پێغەمبـەران دەسـتیان کـرد بـە باسـکردنی شـوانی داهاتـوو، واتـە «داود»ی نـوێ (بـۆ نموونـە، ئیشـایا ٩: ١-٧؛ حزقیـال ٣٤: ٢٠-٢٤).

خـودا بەڵێنەکـەی خـۆی هێنایـە دی کـە عیسـای نـارد، کـوڕی داود، شـوانە چاکەکـە، ئـەوەی لـە پێنـاوی مەڕەکانـی ژیانـی خـۆی بەخشـی و لەنێـو مـردووان هەسـتایەوە. بـەڵام ئەمـە هەمـوو شـتێک نەبـوو. عیسـا نێردراوانـی ڕاسـپارد، ئینجـا پیرانـی ڕاسـپارد بـە ئەرکـی شـوانایەتی مێگەلەکـەی وەک ئـەوەی شـوانی یاریـدەدەری ئـەو بـن و لـە ژێـر سەرپەرشـتی ئـەودا بـن هەتـا ئـەوەی بـۆ دووەم جـار دێـت (ئەفەسـۆس ٤: ٧-١٣؛ یەکـەم پەتـرۆس ٥: ١-٤). بۆیـە پیـران یاریـدەدەری عیسـان لـە شـوانایەتی کڵێسـاکانی.

### ◌ لەخواترسن، نیازی چاکیان هەیە، شڵەژاون

هـە چەنـدە لەبـەر ئـەو هۆیانـە، پیرانـی کڵێسـام خـۆش دەوێـت، بـەڵام تێبینـی کێشـەیەکی دووبـارەم کـردووە. لەگـەڵ ئـەوەی پیـرەکان بـە شـێوەیەکی جیـاواز لەخواترسـن و نیـازی چاکیـان هەیـە، بـەڵام زۆر دەشـڵەژێن سـەبارەت بـەوەی لـە پلـەی پیـری کڵێسـادا چ کارێـک بکـەن. هەمـوو کات پیـران بـە تـەواوی درک بـەوە ناکـەن کـە پێویسـتە چـی بکـەن. درۆم نەکـردووە ئەگـەر بڵێـم ئێمـە، ئێمـەی شـوان، لـەو شـڵەژانەیاندا بەشـدارین.

لـە ئەنجامـی ئەمـەدا، پیـرەکان حـەز دەکـەن نموونـەی دیکـەی ڕابەرایەتـی وەربگـرن بـۆ بەڕێوەبردنـی کڵێسـا، ئیـتر زۆربـەی جـار پشـت دەبەسـتن بـە ئەزموونـە کەسـی و تەکنیکییەکانـی خۆیـان. بەبـێ وەسـفی کتێبـی پیـرۆز بـۆ ئەرکـی پیـر، دەبینیـت کـە ئاساییە ئـەو کەسـانە پشـت ببەسـتن بـە زانیـاری پێشـووی خۆیـان. ئـەوان پێیـان وایـە کـە پلـەی پیـر وەکـو ئەمانەیـە: بەڕێوەبردنـی قوتابخانـە، بەڕێوەبردنـی کۆمپانیـا، بەڕێوەبردنـی کەشـتی جەنگـی، بەڕێوەبردنـی پـڕۆژە، بەڕێوەبردنـی ئۆپراسـیۆن، سەرپەرشـتیکردنی بەڵێنـدەرە

لاوەکییـەکان و کارکـردن وەک ئەندامێـک لـە ئەنجومەنـی نوێنـەران.

سـەلمێنراوە کـە لایەنەکانـی ئـەو ئەزموونانـەی ژیـان هـەردەم سوودبەخشـن بـۆ ڕۆڵـی پیرانـی ڕابـەر، بـەڵام سەرپەرشـتیکردنی کاروبـاری کڵێسـا ئەرکێکـی ناوازەیـە.

## ◌ "من پیری کڵێسام... ئێستا دەبێت چی بکەم؟"

ئـەم کتێبـە هـەوڵ دەدات کـە وەسـفێکی ئەرکـداری پوخـت بـە گوێـرەی کتێبـی پیـرۆز پێشکەشـی پیـران بـکات. دەمەوێـت پوختەیەکـی چێژبەخـش سـەبارەت بـە ئەرکـی پیـران پێشـکەش بکـەم کـە خوێندنـەوەی ئاسـان بێـت، وە بکـرێ پێشـکەش بکرێـت بـۆ پیرێکـی دیاریکـراوی نـوێ یـان ڕەنگـە کەسـێک بیەوێـت بزانێـت پیـری کڵێسـا چییـە و چـی دەکات. هیـوادارم ئـەم کتێبـە وەڵامـی پیاوێکـی لەخواتـرس و نیـاز پـاک بداتـەوە: «مـن پیـری کڵێسـام ... ئێسـتا دەبێـت چـی بکـەم!"

بـەڵام ئـەم کتێبـە هـەر بـۆ پیرانـی ئێسـتا نییـە یـان بـۆ ئەوانـەی چاویـان لەوەیـە ببن بـە پیـر لـە کڵێسـا، بەڵکـو بـۆ ئەندامانی کڵێساشـە. هەمـوو کۆمەڵـی بـاوەڕداران پێویسـتیان بەوەیـە کـە لـە پلانـی خـودا بـۆ کڵێسـای خۆجێیـی و نێوخۆیـی تێبگـەن، لەوانـەش پلانـی خـودا بـۆ ڕابەرایەتـی. لەوانەیـە ئەندامانـی کڵێسـا وەک خـودی پیـران هەمـان شـپرزەیی و سەرلێشـێواوییان هەبێـت سـەبارەت بـە وەسـفی ئەرکـداری بـۆ ڕۆڵـی پیـر.

نوێـژ دەکـەم کـە ئـەم کتێبـە گـورز و تەکانێکـی تەندروسـت بداتـە گەلـی کڵێسـا، کـە ئەندامـان و ڕابـەران سـەبارەت بـە ڕوانگەیـەک بـە گوێـرەی کتێبـی پیـرۆز یـەک بگـرن بـۆ خزمـەت و ڕابەرایەتـی کڵێسـای خۆجێیـی. هیـوادارم باوەڕدارانـی سسـت و ناچـالاک ئـەم کتێبـە بخوێننـەوە، ئەوانـەی هیـچ ناکـەن جگـە لـە گەرمکردنـی کورسییەکانی کڵێسـا، وە حـەز و خولیـای خۆیـان تاقـی بکەنـەوە بـەوەی هانیـان بـدات بـۆ شـوانایەتی خێـزان و کڵێسـاکانیان. لـە کۆتاییـدا، نوێـژ دەکـەم کـە خـودا ئـەم کتێبـە بچووکـە بەکاربهێنێـت بـۆ ئـەوەی ڕێـڕەوی ژیانـی چەنـد کەسـێک بگـۆڕێـت بـەوەی بانگهێشـتیان بـکات بـۆ کارکـردن لـە خزمەتـی شـوانایەتی بـە تـەواو خۆتەرخانکردنـەوە.

## ◌ پیران، چاودێران، شوانەکان

وشـەیەکی پوخـت سـەبارەت بـە دەسـتەواژەکان: لـەم کتێبـەدا دەسـتەواژەکانی **پیـر و چاودێـر** لەبـری یـەک بـەکار دەهێنـم لەبـەر ئـەوەی پەیمانـی نـوێ بـە تێکـەڵ

بەکاریدەهێنێـت.[d] پیرایەتـی یـەک ئەرکـە و دوو ناسـناوی هەیـە.

بەڵـێ، لـە ڕاسـتیدا سـێ ناسـناون. لـە بەشـی دووەمـدا دەیسـەلمێنم کـە دەسـتەواژەی قەشـە (شـوان) ئاماژەیـە بـۆ خـودی پلـەی کڵێسـایی وەکـو پیـر و چاودێـر. لـە لایەنـی کتێبـی پیـرۆزەوە، «شـوان» دەبێتـە «چاودێـر». ئـەو کەسـەی لـە کڵێسـادا کـە زۆر جـار پێـی دەڵێیـن «شـوان»، ئـەو پیـری کڵێسـایە و پـارە وەردەگرێـت، ئـەو کەسـەش کـە لـە کڵێسـادا پێـی دەڵێیـن «پیـر» یـان «چاودێـر» ئـەو شـوانێکی نافەرمییـە و بەبێ پـارە خزمـەت دەکات.

جـا ئەگـەر پیـر بێـت، یـان شـوان، یـان چاودێـر، یـان قەشـە، بـە کرێیـەک کار بـکات یـان خۆبەخـش، ئـەوا هەمـان پلـە یـان ئەرکـی هەیـە. **بـەڵام ئـەم ئەرکـە چییـە؟** پێویسـتە پیـران لـە کڵێسـا خۆجێییەکانـدا چـی بکـەن؟ فەرمانەکانـی عیسـای ڕابـەر چییـە بـۆ شـوانە یاریـدەرەکان، ئەوانـەی کـە لـە ژێـر ڕابەرایەتـی ئـەودا کار دەکـەن؟ چـۆن دەزانـن داخـوا سـەرکەوتوون لـە بەجێهێنانـی ئەرکەکـە؟

بـەر لـەوەی وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە بدەینـەوە، پێویسـتە کارێکـی گرنـگ بکەیـن. دەبێـت لـە دەسـەڵاتەکانی پیـر تێبگەیـن بـە گوێـرەی کتێبـی پیـرۆز. ئەگـەر بیـر لـەوە دەکەیتـەوە کـە ئەرکـی پیـر بـە ئەسـتۆ بگریـت، ئـەوا ئەرکـی لەپێشـینەت ئەوەیـە بزانیـت داخـوا ئامادەیـت یـان نـا!

d تێبینـی وشـەکانی (پیـران، چاودێـران، شـوان، ) لەبەرامبـەر یەکـتر بەکارهاتـوون لـەم دەقانـەدا: (کـردار ٢٠: ١٧، ٢٨؛ تیتـۆس ١: ٥-٧؛ یەکـەم پەتـرۆس ٥: ١-٥).

# بەشی یەکەم
# پێشبینی مەکە یان پێش ڕوداوەکان مەکەوە

مـن بـەر لـە تەمەنـی هەرزەکاریـم بوومـە قوتابـی مەسـیح، لـە ڕێگـەی خزمەتێکـی دڵسـۆزانەی یەکێـک لـە کڵێسـاکانی پیرانـی باپتیسـت لـە دەرەوەی لاس ڤێـگاس. کاتێـک تەمەنـم بـووە بیسـت و شـەش ساڵ، بوومـە شـوانی سـەرەکی (یـان دەتوانیـت بڵێیـت: «پیری سـەرەکی») لـە کڵێسـایەکی بچووکـی باپتیسـت لـە دەوروبـەری شـاری بۆسـتن، لـە ویلایەتـی ماسەچوسێت. ڕەنگـە وا تێبگەیـت کـە مـن لـە هەمـوو ئەرکەکانـی پلـەی پیـر تێگەیشـتبووم. بـەڵام بـاوەڕ دەکەیـت یـان نـا، هەتـا ئـەو پلەیـەم وەرنەگـرت، دەسـتم بـە خوێنـدن نەکـرد بـۆ ئـەوەی بزانـم ئاخـۆ کتێبـی پیـرۆز سـەبارەت بـە پیرانـی کڵێسـا چـی دەڵێـت.

کاتێـک ئـەوەم کـرد، دوو شـتم بینـی. یەکـەم: سەرسـام بـووم لـەو هەمـوو وتانـەی کـە کتێبـی پیـرۆز سـەبارەت بـەو بابەتـە دەیڵێـت. کتێبـی پیـرۆز لـە نزیکـەی زیاتـر لـە دە دەقـدا باسـی پیرانـی کـردووە. بـۆم ڕوون بـووەوە کـە پیـرەکان وەکـو مەسـیح لایەنـی بـژاردەی کڵێسـا نیـن؛ چونکـە ئـەوان پلانـی خـودان بـۆ بەڕێوەبردنـی کڵێسـاکانی. چـۆن لـەم شـتە بـێ ئـاگا بـووم؟

دووەم: سەرسـام بـووم چـۆن باسـکردنی ئەرکـی پیـران بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆز، زۆر جیـاواز بـوو لـەوەی

مـن بیسـتبووم. پێـم وابـوو کـە مـن شایسـتەم بـۆ ئـەوەی ببمـە شـوان و پیـر لەبـەر ئـەوەی عیسـام خۆشـدەوێت، وە لەبـەر ئـەوەی مـن پلەیەکـی زانسـیم بەدەسـتهێناوە لـە یەکێـک لـە کۆلێژەکانـی یەزدانناسـی، وە بـە لـە ئاسـتێکی باشـدام لـە وتـاردان. لەمـە زیاتـر پێویسـتیم بـە چییـە؟!

ڕەنگـە تـۆش پێـت وابێـت کـە بە هـۆکاری جیـاواز پێویسـتە ببیتـە پیـری کڵێسـا. وە ڕەنگە لـەو بـاوەڕەدا بیـت کـە کاتـی هاتـووە بچیتـە پـاڵ ئەنجومەنـی پیرانـی کڵێسـا؛ لەبـەر ئـەوەی تـۆ ئەندامێکـی سەرڕاسـت بوویـت لـە کڵێسـا، دوو جـار لـە لێژنـەی نێردراوییتـی خزمەتـت کـردووە، لـە ماڵەکەتـدا میوانـداری کۆبوونـەوەی خوێندنـی کتێبـی پیـرۆزت کـردووە و وە منداڵانـی پۆلـی دووەمـت فێـر کـردووە لـە قوتابخانـەی ڕۆژانـی یەکشـەممەدا لـەو کاتـەی کـە لێپـرسراوەکان هیـچ مامۆسـتایەکی دیکەیـان نەبـووە. هـەروەک هەمـوو ئـەو شـتانەی لـە

ئەستۆتدا بووە کردووتە، ئێستا کاتی تۆ هاتووە بۆ ئەوەی ڕابەرایەتی بکەیت.

یان ڕەنگە پێت وابێت کە تۆ ئەندامێکی هەر دەبێت لە ئەنجومەنی پیراندا بیت بە هۆی ئەو بەخشینە زۆرە داراییەی کە هەتە. وە کڵێسا نەیدەتوانی کە ئەو ساڵە بە بودجەیەکی باش تێپەڕێنێت بەبێ ئەو چەکەی بانک کە تۆ بەخشیت. ئەوانەی بە دەستفراوانی دەبەخشن شایانی ئەوەن کە حیساب بۆ قسەیان بکرێت، وە پێگەیەکی بەرزیان هەبێت لە ئەنجومەنە کارگێڕییەکان. ئەوانە یاساکانن؛ ئەگینا کڵێساکەت پشت بە ڕابەرێک دەبەستێت ئەزموونی تەواوی نییە لە بواری کارەکاندا.

هەروەها ڕەنگە کە پێت وابێت پێویستە تۆ ڕابەر بیت لە کڵێسا لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی کڵێسا ڕابەریت. ڕەنگە تۆ بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی سەرکەوتوو بیت، ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگایەکی قازانج نەویست بیت، سەرۆک بەش بیت، سەرۆکی تیپێکی سەربازی بیت، یان مەشقکاری تیپێک بیت. بەو پێیە، بە متمانەوە پێت وایە کە لێهاتوویت، وە ئەزموون و بەهرەکانی ڕابەرایەتیت وات لێدەکات بژاردەیەکی نموونەیی بیت بۆ پلەی پیر. ئەی وا نییە؟

هەروەک لە پێشەکیدا گوتم، کە ڕۆڵی یەکەمینت، پەیوەست بە پلەی پیر، دڵنیابوونەوەیە لەوەی شایانی ئەوەی ببیتە پیری کڵێسا یان نا، لەسەر بنەمای ئەو شایستەییەی کە لە کتێبی پیرۆزدا باسکراون. تەنانەت ئەگەر پێشتریش وەک پیر خزمەتت کردبێت، با کتێبی پیرۆز لێهاتوویت بپشکنێت بۆ هەڵبژاردنت بۆ ئەم پلەیە.

لە خوارەوە باسی شەش دەسەڵاتی پیر دەکەین کە لە پەیمانی نوێوە وەرگیراوە. بە نوێژ و نزاوە بیخوێنەوە. ڕامان بکە و بیریان لێ بکەوە، ئینجا بانگی کەسانی دیکە بکە بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەگەڵ بکەیت. ئەم بەشە بە هاوسەرەکەت پیشان بدە، یان چەند برادەرێکت، یان یەکێک لە پیران، وە بپرسە: «ئایا ئەم تایبەتمەندییانە لە مندا هەیە؟«

### ◌ دەزانیت کە تۆ شایستەی بۆ خزمەتکردن وەک پیرێکی کڵێسا، ئەگەر تۆ...

### ◌ حەز دەکەی کە ببیتە پیرێکی کڵێسا

لە یەکێک لە درێژترین بڕگەکانی فێرکاری لە پەیمانی نوێدا سەبارەت بە پیران،

پۆڵسی نێردراو دەست بە قسە دەکات و دەڵێت: «ئەم قسەیە ڕاستە: ئەگەر یەکێک چاوی لە چاودێری بێت، حەزی لە چاکەکارییە» (یەکەم تیمۆساوس ٣: ١). وە پۆڵس باسی ئەوەی کردووە و دەڵێت: «ئەو مێگەلەی خودا بلەوەڕێنن کە لەنێوانتاندایە، وەک چاودێر خزمەتیان بکەن، نەک بە ناچاری، بەڵکو بە ویستەوە وەک چۆن خودا دەیەوێت» (یەکەم پەترۆس ٥: ٢).

پێویستە ئێوە بە حەز و خواستی خۆتەوە خوازیاری ئەو پۆستە بیت. چاودێری پێویستی بە سەرڕاستییە. ئەگەر لە ناختدا تینوویێتیت بۆ ئەم ڕۆڵە نەبێت، ئەوا هێز و وزەت بەفیڕۆ دەڕوات. بێگومان، ئەمە واتای ئەوە نییە کە هەر کەسێک بیەوێت ببێتە پیرێک ئەوا شایستەیە بۆ ئەو ڕۆڵە، بەڵام واتە نەبوونی حەز و ئارەزوو کێشەیە.

یەکێک لە ئەندامانی کڵێساکەم توانایەکی باشی هەیە کە ببێتە نمونەیەکی باش بۆ ئەرکی پیرایەتی. بەرپرسانی دەستەی هەڵبژاردن داوایان لێ کرد وەک پیرێک لە کڵێسادا خزمەت بکات. لەڕاستیدا سێ جار داوامان لێکرد. وا دیار بوو کە جاری سێیەم کاریگەری لەسەری هەبوو، ڕازی بوو؛ لە کۆتاییدا بە داواکەمان ڕازی بوو. بەڵام، لەدوای ئەوەی زیاتر قسەم لەگەڵی کرد، ئەوە ڕوون بووەوە کە زۆر حەز ناکات لەوەی ببێتە پیرێکی کڵێسا. ڕازی بوو کە خزمەت بکات، بەشێکی لەبەر ئەوە بوو کە دوو جاری پێشتر داواکەی ئێمەی ڕەت کردبووەوە. وە لە کۆتاییدا، بە پاڵنەری هەستکردن بە ئەرک بەرامبەر بە کڵێسا ناچار بوو کە قبووڵی بکات. ڕێک ئەوەیە کە پەترۆس هۆشداری دەربارەی داوە.

هەروەها پێی گوتم کە حەز دەکات هەندێک کات تەرخان بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ دراوسێ و خەڵکی گەڕەکەکەی باسی ئینجیل بکات. ناتوانم وێنای ئەو خەفەتە بکەم کە دەکرێ هەستی پێ بکات لەوەی تەنها کاتەکانی بەسەر ببات لە بەڕێوەبردنی مێگەلی خودا لە کاتێکدا پەرۆشی ئەوە بوو بچێتە پاڵ ئەو خەڵکانەی کە ڕزگار دەبن. لەبەر ئەوە لەدوای نوێژکردنێکی زۆرەوە، ڕای خۆی گۆڕی و بە ئازایەتییەوە پاشگەز بووەوە لە هەڵبژاردنی بۆ جاری سێیەم بۆ پلەی پیر. خەریک بوو تێکەڵی بکەین لە نێوان مزگێنیدەر و پیردا.

سەرباری ئەوەی هەموو پاڵنەرەکان خراپ نین، پێویستە لە ناختەوە حەزت هەبێت کە ببیتە پیری کڵێسا. ئایا ڕۆحی پیرۆز پەرۆشییەکی پیرۆزی لە دڵتدا داناوە بۆ بەڕێوەبردنی کڵێسای نێوخۆیی؟ ئایا پاڵنەرەکەت چییە؟

### ◌ نموونەی کەسایەتییەکی لەخواترس

ڕەنگە پێت وابێت کە گرنگترین ئاکاری تایبەت کە پێویستە لە پیردا هەبێت لێهاتووییە لە بەڕێوەبردنی کڵێسادا. سەرباری ئەوەی کە توانای بەڕێوەبردن بەشێکە لە تواناکانی چاودێری کڵێسا، کتێبی پەیمانی نوێ زۆر چڕ دەبێتەوە لەسەر ئەو کەسایەتییەی کە لەخواترسە. پێویستە لەسەر شوانە یاریدەدەرەکانی عیسا کە ڕەنگدانەوەی ئاکارەکانی کەسایەتی عیسایان هەبێت. پیرێک بە لەخواترسی و بەهرەیەکی مام ناوەندی ڕابەرایەتی بناسرێت باشترە لە ڕابەرێکی خاوەن کەسایەتییەکی ئەفسوناوی بۆ جەماوەر و کەموکوڕی گەورە لە ڕەوشتیدا.

بە وردی ئەم دوو لیستە بخوێنەوە کە پۆڵس باسی کردوون و تایبەتمەندییەکانی چاودێری لەخۆگرتووە لە دوو بڕگەی کتێبی پیرۆز کە لە خوارەوەدا هاتووە. پێویستە ئەم شتانە لەگەڵ پیردا بگونجێت وەک جلێک کە بەرگدوور بە تایبەتی بۆی دەدوورێت:

> «چاودێر دەبێت گلەیی لەسەر نەبێت، مێردییەک ژن بێت، وریا و ژیر و بەڕێز و میوان دۆست بێت، بتوانێت خەڵک فێربکات، سەرخۆش و توندوتیژ نەبێت، بەڵکو دڵنەرم بێت، شەڕفرۆش نەبێت، حەزی لە پارە نەبێت.» (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٢، ٣).

> «لەبەر ئەوەی چاودێر سەرکاری خودایە، پێویستە گلەیی لەسەر نەبێت، خۆسەپێن و تووڕە و سەرخۆش و شەڕفرۆش نەبێت، چاوی لە دەستکەوتی ناڕەوا نەبێت، بەڵکو میوان دۆست بێت، حەز لە چاکە بکات، ژیر بێت،ڕاستودروست و پیرۆز و خۆڕاگر بێت» (تیتۆس ١: ٧،٨).

بە هۆی گرنگی کەسایەتی هاوشێوەی مەسیح، با ڕاوەستین بۆ ئەوەی بە وردی بیر لە چەند تایبەتمەندییەکی ئەو کەسایەتییە بکەینەوە.

**گلەیی لەسەر نەبێت.** پۆڵس خشتەی تایبەتمەندییەکانی بە بێ گلەیی و گیروگرفت دەست پێکردووە. ئەم وەسفانە واتای ئەوەی نییە کە پیر لە سەرووی گوناە ناونراوە، وە لە ژیانێکی ڕۆحی و مەعنەوی بێ گوناهدا بژییێت. ئەگەر حاڵەکە بەو شێوەیە بێت، ئەوا پێویستە کڵێساکان هەموو پیرەکانیان دەربکەن. بەڵکو ئەو کەسەی بێ

گلەییە پلەیەکی نموونەیی هەیە لە هاوشێوەبوونی مەسیح، وە بێ گوناهی شتێکی زەقە. کە باسی کەسێک بکرێت بێ گلەییە سیفەتێکی نزیکە بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی ناوبانگ باش لەلای ئەوانەی لە دەرەوەن (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٧)، ڕاستودروست و خۆڕاگر (تیتۆس ١: ٨).

سابیتی ئەنیابیلی لە کتێبەکەی سەبارەت بە شایستەییەکانی پیران باسی ئەو ئاکارە دەکات و نووسیویەتی: «مەبەست لەوەی کە مرۆڤ بێ گلەیی بێت، لەسەر پیر پێویستە کەسێک بێت هەمووان ببینن کە هەڵسوکەوت و ڕەوشتی بێ خەوشە. خەڵکی تووشی کۆست دەبن لە کاتی بیستنی تۆمەتێک کە کەسێکی ئاوا ئەنجامی دابێت.»[e]

دیاریکردن و کاندیدکردنی کەسێک کە بێ گلەیی و پاکە بۆ ڕێبەرایەتی، نیشانەی متمانەی ئەندامانی کڵێسایە بەو کەسە. سەرباری ئەوەش، ئەو ڕابەرانەی کڵێسا کە بە بێ گلەیی و پاک ناسراون لە لای کۆمەڵگا شایەتی کڵێسا دەپارێزن، کە پۆڵس دەڵێت: «دەبێت ناوبانگی باش بێت لەلای ئەوانەی لە دەرەوەن، نەوەک قسەی بێتە سەر و بکەوێتە بەر داوی شەیتان» (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٧).

**خۆڕاگر و هێمن و لەسەرخۆ.** بەگوێرەی ئەو وێنەیەی کە پۆڵس پیشانی دەدات پێویستە کە پیران ڕێکوپێک بن، ژیر بن، دڵنەرم بن، هێمن و خۆڕاگر بن. بەسەرخۆدا زاڵبوون بە بەرهەمی ڕۆحی پیرۆز دادەنرێت (گەلاتیا ٥: ٢٣)، وە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی ژیانی کەسی مەسیحی. بە کورتی، ئەو مرۆڤەی پڕە لە ڕۆحی پیرۆز بەوە جیا دەکرێتەوە کە بەسەرخۆدا زاڵە.

شایانی سەرنجە کە لە هەردوو لیستدا پۆڵس سەبارەت بە نیشانە تایبەتەکانی نەبوونی هێمنی و بە سەرخۆدا زاڵ نەبوون هۆشداری دەدات و ئاگادارمان دەکاتەوە: ئاڵوودەبوون بە مەی و سەرخۆشی ژیانی مرۆڤ تێکدەدات و پەلکێشی دەکات بۆ گوناهی زیاتر. پیاوێک دەناسم، کاتێک بووە پیری کڵێسا وازی لە خواردنەوەی مەی هێنا. ئەوەی ئەو پیاوە دەیویست ئەوە بوو کە بێ گلەیی بێت سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە خواردنەوەی مەی، وە نموونەیەکە لەبەردەم هەر ئەندامێکی کڵێسا تێبکۆشێت بۆ ڕزگاربوون لە ئاڵوودەبوون بە مەی یان زێدەڕۆیی کردن لە خواردنەوەی.

هەر چەندە کتێبی پیرۆز داوا لە پیران ناکات کە واز بهێنن لە خواردنەوەی مەی،

e. Thabiti Anyabwile, Finding Faithful Elders and Deacons (Wheaton, IL: Crossway, 2012), 57.

بـەڵام ئـەوان دەبێـت توانـای نکۆڵیکـردن لـە خـودی خۆیـان هەبێـت کـە ئـەم بـرا پیـرە پیشـانی دا.

ئایـا ئاڵوودەبوونــت هەیــە و دەیشــاریتەوە، ئاڵوودەبوونــی وەک کحــول، مــادەی بێهۆشـکەر، بابەتـی بەدڕەوشـتی، یـان قومـار؟ ئایـا جڵەوگیریـت لەدەسـت دەدەیـت لـە تووڕەبوونـت، بەهەدەردانـی پـارە، جوێنـدان، یـان دووزمانـی؟ ئایا پێویسـتت بە دواخسـتنی هەنگاوێکـە بـۆ ئـەوەی ببیتـە پیـری کڵێسـا تاوەکـو بـۆ ماوەیـەک خـۆت تەرخـان بکەیـت بۆ نەهێشـتنی گوناهێکـی دیاریکـراو کـە لـەلات بووەتـە نەریـت، تاوەکـو چاکـەی خۆڕاگریـت گەشـە بـکات؟

**نەرمونیانـی.** پەندێکـی سـواحیلیfبەناوبانگ هەیـە دەڵـێ: «کاتێـک فیـل شـەڕ دەکات، پـێ لـە گیـا دەنرێـت». لەسـەر هەمـان ئـاواز، کاتێـک شـوانی کڵێسـا لـە شـەڕ و توندوتیـژی تێـوە دەگلێـت، مێگەلەکـە ئـازار دەچێژێـت. بۆیـە پۆڵـس وەسـفی پیـری شایسـتەی کـردووە بـەوەی «سـەرخۆش و توندوتیـژ نەبێـت، بەڵکـو دڵنـەرم بێـت، شـەڕفرۆش نەبێـت» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٣: ٣) وە «خۆسـەپێن و تـووڕە... نەبێـت،» (تیتـۆس ١: ٧). چاودێرانـی کڵێسـا کـە خۆپەرسـت بـن، خۆسـەپێن، شـەڕفرۆش، هەلپەرسـت، دڵـڕەق، هەڵەشـە و سەرکێشـی بکـەن ئـەوا ئەندامانـی کڵێسـا دەخەنـە ژێـر پێیـان و وێرانیـان دەکـەن.

بـە پێچەوانـەی ئەوانـەی پێشـتر باسـمان کـرد، پێویسـتە کـە پیـران هانـی دڵنەرمـی و نەرمونیانـی بـدەن. دڵنەرمـی بـە مانـای لاوازی و تـرس نییـە. پیـری دڵنـەرم بـە نەرمونیانـی شـوان و هەسـتیاری باوکێکـی خۆشەویسـتەوە پەیـڕەوی دەسـەڵاتەکانی دەکات. جارێـک، تەماشـای بەرنامەیەکـی تەلەفزیۆنیـم دەکـرد دیمەنێکی پیشـان دا کە کیسـەڵێک دەڕۆیشـت بـە ڕێـدا هەتـا ئـەوەی لـە فیلێـک نزیـک کەوتـەوە کـە لـە گۆمێـک ئـاوی دەخـواردەوە. کـە فیلەکـە تەماشـای خـوارەوەی کـرد، زۆر بـە وریاییـەوە بـە پێـی کیسـەڵەکەی لادا نـەوەک بەبـێ مەبەسـت پـێ لـەو ئاژەڵـە بچووکـە بنێـت. سەرسـام بـووم کاتێـک بینیـم چـۆن ئـەو ئاژەڵـە گەورەیـە ئەوەنـدە گرنگـی دا بـەو ئاژەڵـە کـە زۆر بچووکـترە لـە خـۆی. خەڵکـی هەمـان هەسـتی سەرسـامییان دەبێـت کاتێـک لەلایـەن ڕابـەری کڵێسـاوە بـە نەرمونیانییەوە هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵ دەکرێـت.

ئایـا تـۆ نەرمونیانیـت یـان توندڕەویـت؟ ئایـا بـاوەڕت بـە ئاشـتییە یـان وروژێنـەری ململانێیـت؟ ئایـا بەباشـی گـوێ دەگریـت یـان قسـە بـە بەرامبەرەکـەت دەبڕیـت بـۆ

fزمانی فەرمی کینیا. وەرگێڕ

ئـەوەی ڕای خـۆت دەربـڕیـت؟ زەحمەتـە ئـەو شـتانە لـە ناخـی خۆتـدا هەڵبسـەنگێنیت. ئازایەتیـت هەبێـت و داوا لـە چەنـد ئەندامێکـی کڵێسـا بکـە کـە دەتبینـن بـۆ ئـەوەی هەڵسـەنگاندنێکی ڕاشـکاوانەت پـێ بڵێـن.

**چاوچنـۆک نەبێـت.** پێویسـتە پیـران «چاوچنـۆک نەبـن بـۆ پـارە». پەتـرۆس دەڵێـت کـە پێویسـتە پیـران خزمـەت بکـەن، «نـەک بـۆ دەسـتکەوتی شـەرمەزاری، بەڵکـو بـە چالاکییـەوە» (یەکـەم پەتـرۆس ٥: ٢). ئـەم وشـانە هەڕەشـەیەکی تونـدە بـۆ ئـەو شـوانانەی کـە خزمەتەکانیـان بەکاردەهێنـن بـۆ ئـەوەی دەوڵەمەنـد بـبن، وە بـۆ ئـەوەی ژیانێکـی خـۆش بگوزەرێنـن. هۆشـیار بـە لـەو شـوانانەی بەرهەمـی مێگەلەکەیـان دەخـۆن.

چاوچنۆکـی تەنهـا کێشـەی ئـەو شـوانانە نییـە کـە پـارە وەردەگـرن؛ ئـەو پیـرە پـارت تایمانـەش کـە لەپێنـاو پەیداکردنـی پـارە دەژیـن، بـە زەحمـەت دەتوانـن کات و وزە بڕەخسـێنن لـە چاودێریکردنـی کۆمەڵـی بـاوەڕداران لـە کڵێسـادا. هەندێـک جـار پیرانـی پـارت تایـم یـاری بـە کڵێسـاکان دەکـەن، لـە ڕێـگای ئـەو بەخشـینانەی کـە پێشکەشـی دەکـەن. ڕەنگـە دەسـەڵاتیان بەسـەر بودجـەی کڵێسـادا هەبێـت، وە داهاتـە داراییەکانـی کڵێسـا بـەرەو خزمەتێـک دەبـەن کـە حـەزی پـێ دەکـەن. ئـەوان بـاری تەندروسـتی کڵێسـا و سـەرکەوتنی لەسـەر بنەمـای ئـەو ڕاپۆرتـەی مانگانـە هەڵدەسـەنگێنن کـە خەزنـەدار پێشکەشـی دەکات. وە کاتێـک کەسانێک کڵێسـا بەڕێـوە دەبـەن کـە پارەیـان خۆشـدەوێت، ئـەوا ئەنجامـی مەحاڵـی ئەوەیـە کـە خزمەتـەکان ڕادەوەسـتن، وەکـو هـاوکاری هـەژاران، چاندنـی کڵێسـا، جاڕدانـی جیهانـی. بۆچـی پارەیەکـی زۆر لـە بابەتێـک خـەرج بکرێـت کـە ڕاسـتەوخۆ دەوڵەمەندبوونـی ئـەو بەشـەی لـێ ناکەوێتـەوە کـە پیـرە چاوچنۆکەکـە بەسـەریدا زاڵـە؟

چـۆن هەڵسوکەوت لەگـەڵ پـارەدا دەکەیـت؟ ئایـا خۆشـت دەوێـت و بـۆ کۆکردنـەوەی دەژیـت؟ ئایـا لـە بەخشـین بـە کڵێسـای خۆجێیـی، و بڵاوکردنـەوەی ئینجیـل، وە دابینکردنـی پێویسـتییەکانی خەڵـک چێـژ وەردەگریـت ؟ ئایـا دەیـەک دەبەخشـیت یـان بەخشـینێکی کـەم، بەخشـینێکی بـە دەسـتفراوانی و قوربانیدەرانـە یـان تەنهـا هێمایـەک بـۆ بەخشـین؟ ئایـا بەخشـینەکەت بـە مەرجـە؟ ئیـتر بـە وردی خـۆت بپشـکنە، بـەوەی «لەبـەر ئـەوەی خۆشویسـتنی پـارە یەکێکـە لـە سـەرچاوەکانی هەمـوو جـۆرە خراپەکارییـەک» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٦: ١٠).

بـەر لـەوەی کۆتایـی بـە گفتوگۆکانمـان بهێنیـن، هیـوادارم بـۆ سـاتێک ڕابوەسـتیت، وە

بیر لـە عیسـا بکەیتـەوە. کاتێـک ڕابەرانـی جولەکـە تاوانباریـان کـرد بـەوەی هاوپەیمانـی شـەیتانە هیـچ تۆمەتێـک پێیـەوە نەچەسـپا، لەبـەر ئـەوەی **بـێ کەموکـوڕی** بـوو. وە کاتێـک پەتـرۆس شمشـێرەکەی بـۆ هەڕەشـە بـەرز کـردەوە، دەرفەتـی ئـەوەی بـۆ ڕەخسـا ڕابـکات لـەو کەسـانەی بـۆ گرتنـی هاتبـوون، عیسـا هێمنـی خـۆی پاراسـت، مکـوڕ بـوو لەسـەر جێبەجێکردنـی ئـەوەی ئـەو و بـاوک پلانیـان بـۆ داڕشـتبوو کـە لەسـەر خـاچ بێتـە دی. عیسـا دڵنـەرم و نەمونیـان بـوو لـە هەڵسـوکەوتکردنی لەگـەڵ لاوازەکان و برینـدار و کەسـانی نەخۆشـدا. وە کاتێـک شـەیتان شانشـینەکانی جیهانـی پیشـان دا، عیسـا چاوچنـۆک نەبـوو؛ بەڵکـو لـەم سـاتەدا بـە سـیفەتی شـوانێکی تـەواو هەڵسـوکەوتی دەکـرد کـە خـودا مێگەلەکـەی پێـی ڕاسـپاردبوو، ئـەو نموونەیەکـی پێشـکەش کـرد شـایانی ئەوەیـە کـە پیرانـی کڵێسـای سـەردەمی ئێسـتامان بیگرنـە بـەر.

## ◌ توانای فێرکردنی کتێبی پیرۆزت هەیە؟

پۆڵـس دەڵێـت کـە چاودێـر (بەڕێوەبـەر) دەبێـت «بتوانێـت خەڵـک فێـر بـکات» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٣: ٢). فێرکردنـی کتێبـی پیـرۆز بابەتێکـی سـەرەکییە لـە خزمەتـی پیـری شـوان. لـە بەشـی سـێیەم بـە وردەکارییـەوە باسـی بابەتـی فێرکـردن دەکەیـن. بـەڵام ئێسـتا بـە سـادەیی ئـەم پرسـیارە لـە خـۆت بکـە: «ئایـا وشـەی پـەروەردگارم فێـری خەڵـک کـردووە و ئەنجـام و کاریگـەری بەرچـاوم هەبـووە؟»

بـە درێژایـی چەندیـن سـاڵ، پیرانـی کڵێسـاکەمان بـەردەوام بـوون لـە گفتوگۆکـردن لـە بابەتـی هەڵبژاردنـی ئـەو کەسـانەی کـە ڕەنگـە ببنـە پیـری کڵێسـا. جارێکیـان یەکێکیـان باوەڕدارێکـی پێشـنیار کـرد کـەوا چەندیـن سـاڵ بـوو ئەندامێکـی سەرڕاسـتی کڵێسـا بـوو. سـەبارەت بـە کەسـایەتی ئـەو کەسـە خواناسـە و هاوسـەرگیرییە ڕێکوپێـک و دروسـتەکەی قسـەمان کـرد. ئینجـا ئـەو خزمـەت و لیژنانەمـان ژمـارد کـە تێیـدا خزمەتـی کردبـوو. زانیمان کـە ئـەم کەسـە سـەدان کاتژمێـر خۆبەخشـانە خزمەتـی کـردووە. هەرچەنـدە زیاتـر باسـمان کـرد، زیاتـر ڕوون دەبـووەوە کـە پێویسـتە ئـەم کەسـە لـە کڵێسـادا پلـەی پیـری پـێ بدرێـت.

ئینجـا یەکێـک ئـەم پرسـیارەی کـرد: «ئایـا دەتوانێـت خەڵکـی فێـری کتێبـی پیـرۆز بـکات؟»

بێگومـان ئـەو پیـاوەی باسـی دەکەیـن بـە پێشـەنگییە باشـەکەی زۆر شـتی فێـر کردیـن. بـەڵام پۆڵـس مەبەسـتی لـەوە نەبـووە کاتێـک مەرجێکـی دانـا کـە پێویسـتە پیـر توانـای

فێرکردنـی هەبێـت. پۆڵـس مەبەسـتی ئـەوە بـوو کـە پیـر توانـای گەیاندنـی ئینجیـل و بیروبـاوەڕی کتێبـی پیـرۆزی هەبێـت بـۆ گوێگـران بـە شـێوەیەکی زارەکـی و بەرهەمـدار. پێویسـتە کـە پیـر «دەسـت بـە پەیامـی متمانـەوە بگرێـت کـە بەگوێـرەی فێرکردنـە، تاکـو بتوانێـت بـە فێرکردنـی دروسـت خەڵـک هانبـدات، سەرزەنشـتی بەرهەڵسـتکاران بـکات» (تیتـۆس ١: ٩).

بـەڵام لـە هەندێـک بـاردا زانیـمان کـە ئـەم برایـە هەرگیـز وتـاری نـەداوە تەنانـەت لـە گرووپێکـی بچوکیشـدا، وەکـو کۆمەڵـەی بچووکـی مـاڵان. لەبـەر ئـەوە بڕیارمـان دا هەڵبژاردنـی ئـەم برایـە بـە شـێوەیەکی کاتـی دوا بخەیـن تاوەکـو لەگەڵیـدا ئـەو بابەتـە ڕوون بکەینـەوە لـە گفتوگۆیەکـی دیکـەدا بـۆ درێـژەدان بـە بابەتەکـە.

پیرانیـش وەکـو عیسـا شـوانایەتی بـاوەڕداران دەکـەن. هـەروەک عیسـا بـە دەسـەڵاتەوە وشـەی خـودای ڕادەگەیانـد، پێویسـتە پیرانیـش تواناکانـی خۆیـان بزانـن بـۆ فێرکردنـی کتێبـی پیـرۆز بـە لێهاتوویـی.

## ئایا بەباشی خێزانەکەی خۆت بەڕێوە دەبەیت؟

کۆمەڵـگای ئەمریکـی سـنوورێکی دابڕینـی ڕوون دادەنێـن لـە نێـوان کاری گشـتی و تایبـەت، وە لەنێـوان چوارچێـوەی مـاڵ و کاردا. ئێمـە ڕابـەر هەڵدەسـەنگێنین لـە بـواری کارکـردن بـە تواناکانـی لەسـەر زیادکردنـی بـڕی قازانـج و هێنانـەدی ئامانجـی کۆمپانیا، نەک لەسـەر بنەمـای چاکـی و باشـی ژیانـی کەسـیی. کـەس بـۆی نییـە خـۆی لـە منداڵەکانـی، هاوسـەرگیرییەکەی، ژیانـی سێکسـی هەڵبقورتێنـێ.

بـەڵام لـە خێزانـی خـودا، ژیانـی پیـر لـە ماڵەکـەی خۆیـدا گرنگییەکـی زۆری هەیـە. لـە ڕاسـتیدا، هاوسـەرگیری و پـەروەردەی منـداڵ بەڵگەیەکـی ڕوونـە لەسـەر شایسـتەیی پیـر بـۆ ئـەم پلەیـە. بیـر لـە سـێ ڕێـگا بکـەوە مـرۆڤ پێویسـتە بیـکات لـە بەڕێوەبردنـی خێزانەکەیـدا بـۆ ئـەم پلـە ڕابەرییـە لـە کڵێسـادا. پێویسـتە پیـر:

**خاوەنـی یـەک ژن بێـت.** زۆربـەی وەرگێڕانەکانـی کتێبـی پیـرۆز بـە ئینگلیـزی وشـەکانی پۆڵسـی بـەم شـێوەیە نووسـیوە «مێـردی یـەک ژن» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٣: ٢؛ تیتـۆس ١: ٦). بـەڵام هەندێـک لـە وەرگێڕانـەکان نووسـیویانە :"پیـاوی یـەک ژن بێـت." زەحمەتـە کـە بزانیـن چـۆن بـە وردی بزانیـن چـۆن ئـەم دەربڕینـە وەربگێڕدرێـت. بـەڵام، بـەلای کەمـەوە، گەیاندنـی

تێگەیشتنی مێردی دڵسۆزە کەوا ڕێز لە پەیمانی هاوسەرگیری پیرۆز دەگرێت.

ئایا بەردەوام لە باری سێکسییەوە وەفادار بوویی بۆ هاوسەرەکەت؟ ئایا تەماشای ماڵپەڕی بەدڕەوشتی دەکەیت؟ ئایا پێشتر لە ژنەکەت جودا بوویتەتەوە؟ ئێستا پەیوەندی نێوان خۆت و هاوسەرەکەت چۆنە؟ بێگومان هیچ کەسێک هاوسەرگیرییەکی خەیاڵی و بێ گەردی نییە. بەڵام ئەگەر هاوسەرگیرییەکەت بە ناڕەحەتی بەڕێوە دەچێت (یان لەمەش خراپتر) ئەگەر لە ڕابردوودا لە هاوسەرگیریت ئەزموونی شکستت هەبووە، پێویستە لەگەڵ پیران و شوانە داناکاندا قسە بکەیت بەر لەوەی هەوڵ بدەیت ببیتە پیر.

چۆنیەتی هەڵسوکەوتت لەگەڵ بوکەکەت گرنگییەکی زۆری هەیە ئەگەر بیر لەوە بکەیتەوە ڕۆژێک ببیتە شوانی بووکی مەسیح.

ئایا مەرجە کە «مێردی یەک ژن بێت» ئەو برایانەی کە هاوسەرگیرییان نەکردووە نابێت ببنە پیری کڵێسا؟ لەسەر بنەمای فێرکردنی پۆڵس کە لە شوێنی دیکەدا ڕوونە سەبارەت بە خزمەتی زگورتەکان، وە لەسەر بنەمای ئەوەی پۆڵس نێردراوێکی زگورت بووە (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٧، ٢٥-٢٨)، وا دیارە کە خودی زگورتییێتی پێویستە ڕێگر نەبێت لەبەردەم دانانی کەسێک لە پلەی چاودێردا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر هاوسەرگیریت نەکردبێت، لە خۆت بپرسە: ”ئایا پارێزگاری لە پاکی سێکسیم دەکەم؟ ئایا من بێ کەموکوڕیم لە پەیوەندییەکانم لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا؟»

**باوکێکی سەرکەوتوو:** لێهاتوویی لە کارگێڕی و بەڕێوەبەریدا بۆ پیران گرنگە. پێویستە چاودێران توانای ڕابەرایەتییان هەبێت، ئەوەش بەگوێرەی ئەوەی لەگەڵ ناوەڕۆکی نازناوەکە ڕوون دەبێتەوە «چاودێر». لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە هەتا ئاستێکی نموونەیی «بەڕێوەبردن» لەگەڵ فەرمانبەر، پلانڕێژی، وە پلانی دارایی و ستراتیژی پێکەوە گرێ دەدەین. پۆڵس نموونەیەکی دیکەی ڕابەرایەتی داناوە: ڕابەرایەتی ماڵ و منداڵ. پیر ئەوەیە کە بەسەر ماڵی خۆیدا زاڵ بێت و بەباشی بەڕێوەی ببات و منداڵەکانی بە شێوەیەک پەروەردە دەکات کە ئەوپەڕی ڕێزی لێ بگرن. «ئەگەر کەسێک نەزانێت خێزانەکەی بەڕێوە ببات، چۆن چاودێری کڵێسای خودا دەکات؟» (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٤، ٥).

ئایا ئێوە هاوشێوە و وێکچونێک دەبینن لە نێوان باوک بوون لەگەڵ ئەوەی

پیـری کڵێسـا بیـت؟ لـە هـەردوو بـاردا پیـاو ڕۆڵـی ڕابەرایەتـی هەیـە. وە لـە هـەردوو بـاردا، بەرپرسـیاریەتیی سـەرەکی لـە ئەسـتۆ دەگرێـت لـە یارمەتیـدان لەژێـر چاودێـری ئـەو بـۆ ئـەوەی گەشـە بکـەن و پێکـەوە گونجـان بژیـن. هەریـەک لـە باوکایەتـی و پیرایەتـی ڕێنمایـی خەڵـک و ئاراسـتەکردنیان لەخـۆ دەگرێـت بـەرەو پێگەیشـتن لەنێـو چوارچێـوەی کۆمەڵـەی بـاوەڕداران. فێـر بـە کـە خێزانـی خـودا بەڕێـوە ببەیـت بـەوەی سـەرەتا خێزانـی خـۆت بەڕێـوە ببەیـت. ئایـا منداڵەکانـت هەڵسـوکەوتیان جوانـە یـان جڵەوگیـر ناکرێـن؟ ئایا منداڵەکانـت لـە ماڵـەوە فێـری وشـەی خـودا و ئینجیـل دەکەیـت؟ یـان منداڵەکانـت ڕقیـان لـە دڵڕەقیـت و کەمـی پەیوەندیـت دەبێتـەوە لەگەڵیـان (ئەفەسـۆس ٦: ٤)؟ بـە گشـتی کەشـی ماڵـەوەت چۆنـە؟ ئایـا چاوێریکـردن و سیسـتەم زاڵـە، یـان کەشـێکی ژەهـراوی، ناتەندروسـت و ئـاژاوە؟

ئایـا لـە ئەرکـی پیرایەتـی، ئـەم دەقـە ئـەو برایانـە ناگرێتـەوە کـە منداڵیـان نەبـووە؟ نەخێـر، لـە ڕووی بنەمـاوە نەخێـر. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئەگـەر پیـاوی هاوسـەردار ڕەتـی کـردەوە منداڵـی ببێـت بـۆ ئـەوەی شـێوازێکی ژیانـی دیاریکـراوی هەبێـت بەبـێ ئـەوەی منداڵ لەبەردەمـی ببنـە ڕێگـر، پێویسـتە ئەمـە نیگەرانمـان بـکات. ئایـا خۆشویسـتنی جیهان ڕێگـری لێکـردووە لـە گوێڕایەڵبوونـی ئـەم ڕاسـپاردە سـەرەکییەی هاوسـەرگیری: «بـەردار بـن و زۆر بـن» (پەیدابـوون ١: ٢٨)؟ بـەڵام ئەگـەر پیـاو بـە هـۆکاری لـە دەرەوەی خواسـتی خـۆی منداڵـی نەبێـت، پێویسـتە لـە قۆناغێکـی ژیانیـدا لـە کاتـی بەقوتابیکردنـی کەسـانی دیکـەدا پاسـاوی توانـای بەرهەمداربوونـی خـۆی بهێنێتـەوە. ئەمـەش بنەماکەیـە: پیاوانێـک بـە شـوان دەستنیشـان کـراون ئەگـەر بەڕاسـتی لـە خزمەتێکـی شـوانایەتی کاریگـەر بەشـدار بووبـن.

**میواندۆسـت بێـت:** پۆڵـس دوو جـار ڕایسـپاردووە کـە چاودێـران «میواندۆسـت بـن» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٣: ٢؛ تیتـۆس ١: ٨). مێواندۆسـت بـوون دەکـرێ دەرخـەری ئەمانـە بێـت، میهرەبانـی و نەرمونیانـی و چاودێـری خـاوەن پێویسـتییەکان و سـەرگەردانەکان و ئەوانـەی بەدەسـت تەنهاییـەوە دەناڵێنـن، هەمـوو ئـەم ئاکارانـە بـۆ پیـر سوودبەخشـن. هەروەهـا میوانـداری شـتێکی دیکـە دەکات و دەرفەتێـک دەداتـە کەسـانی دیکـە کـە بـە کـردەوە ژیانـی خێزانیـت ببینـن.

ئایـا کەسـانی دیکـە کاتێـک دێنـە ماڵەکـەت لـە دوای ئـەوەی تـۆ بانگهێشـتت کـردوون بـۆ نانخـواردن چـی دەبینـن؟ بێگومـان خێزانێکـی بـێ کەموکـوڕی نابینـن. بـەڵام، ئایـا

میوانـەکات هەسـت بـە گەرموگـوڕی و ڕێـزی بەرامبـەر دەکـەن لـە دەنـگ و زمانـی جەسـتە لـە نێـوان خـۆت و هاوسـەرەکەت؟ لـە نێـوان تـۆ و منداڵەکانـت؟ ئایـا دەبینـن کـە منداڵەکانـت گوێڕایەڵـی تـۆن، وە تـۆش بـە ڕێگایەکـی تەندروسـت کاردانـەوەت هەیـە کاتێـک منداڵەکانـت سـەرپێچی دەکـەن؟ ئەگـەر ماڵەکـەت کڵێسـا بێـت، ئایـا میوانـەکان دەیانەوێـت جارێکـی دیکـە بێنـەوە ماڵەکـەت؟

## ◌ ئەگەر نێر بێت[g]

پێویسـتە ئێسـتا ئەمـە ڕوون بێـت، بـەڵام بـا بـە ڕاشـکاوی پێـت بڵێـم کـە خـودا تەنهـا پیاوانـی بانگهێشـت کـردووە بـۆ ئـەوەی ببنـە پیـری کڵێسـا. بیـر لـەم تێبینییانـەی خـوارەوە بکـەوە:

- پۆڵـس دوو جـار گوتوویەتـی، هـەروەک پێشـتر بینیـمان، لـە دوو شـوێنی جیـاواز، پێویسـتە چاودێـر مێـردی یـەک ژن بێـت.
- بـەر لـەوەی پۆڵـس باسـی بابەتـی چاودێـران بـکات دەسـتبەجێ گوتوویەتـی: «ڕێگا نـادەم ژن فێرکـردن بـدات و دەسـەڵاتی بەسـەر پیـاودا هەبێـت، بەڵکـو دەبێـت لـە هێمنیـدا بێـت» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٢: ١٢). لەسـەر بنەمـای هاوڕێیەکـی ڕاسـتەوخۆی دەقـەکان، پێویسـتە ئـەم ئایەتـە جێبەجـێ بکرێـت، بـە لایەنـی کـەم، بـۆ ڕۆڵـی چاودێـر، کـە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بـە هەریـەک لـە ڕۆڵـی فێرکـردن و پیادەکردنـی دەسـەڵات دەناسرێـت.
- پۆڵـس ڕابەرایەتـی کڵێسـای بـە ڕابەرایەتـی خێـزان بەسـتووەتەوە. هـەروەک خـودا داوای لـە پیـاوان کـردووە کـە هاوسـەرگیری بکـەن و منـداڵ پـەروەردە بکـەن (ئەفەسـۆس ٥: ٢٢ – ٦: ٤)؛ بـە هەمـان شـێوە داوا لـە پیـاوان دەکات کـە ڕابەرایەتی کڵێسـا و خێزانـی کڵێسـا بکـەن.

ئایـا ئەمـە واتـا پێویسـتە ژن کـە هیـچ کاتێـک فێرکـردن نـەکات و شـوانایەتی نـەکات یـان گوناهـە ئەگـەر ژن پێشـەنگ بێـت لـە خواپەرسـتیدا؟ بێگومـان نەخێـر. ئـەم ژنـە

---

[g]باش دەزانـم کـە ئـەم بابەتـە مشـتومڕی زۆری لەسـەرە، وە بەداخـەوە، ناتوانـم هیـچ بڵێـم جگـە لـە ئامـاژە بـۆ کردنێـک بـۆ چەنـد پاساوێک کـە پشـتگیری ڕا و بۆچوونـی مـن بێـت. وە بـۆ چوونـە نێـو ناوەڕۆکـی گشـتگیر و تـەواوی دەق و بابەتەکانـی پەیوەسـت بەمـە، بڕوانـە:

Wayne Grudem, *Evangelical Feminism and Biblical Truth: An Analysis of More than Disputed Questions* (Colorado Springs, CO: Multnomah, 2004).

لەخواترسانەت لەبیر بێت کە خودا بەکاریهێناون بۆ ڕێنوێنیکردنی تۆ و دروستکردنت، وەکو ئەوەی من لەبیرمە. بەڵام ئەرکی پیر زیاترە لەوەی تەنها بەهرەدارێک یان خزمەتێک بێت. وشەی «پیر» بۆ ئەرکێکی دیاریکراوە، وە ڕۆڵێکی خودایی دیاریکراوی هەیە، وە پێگەیەکی دیاریکراوە لەنێو پەیکەری ڕێکخستنی کڵێسای ناوخۆیی، تەواو هەروەک وشەی «باوک» بۆ پێگەیەکی خودایی دیاریکراوە، خودا لە خێزاندا دایناوە. هەروەک ڕۆڵی باوک، بە هەمان شێوە خودا داوای کردووە بە دەسەڵاتداری پیاوانی شایستە بۆ ڕۆڵی پیر.

## ◌ ئەگەر باوەڕدارێکی چەسپاویت لە باوەڕ

پۆڵس هۆشداری داوە لەوەی باوەڕدارە نوێیەکان ئەرکی پیر بگرنە ئەستۆ، دەڵێت: «تازە نەبێت لە باوەڕ، نەوەک لووتبەرز بێت و هەمان سزای شەیتانی بەسەردا بدرێت» (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٦).

هەندێک جار ئەوانەی تازە باوەڕیان هێناوە سەرساممان دەکەن بە دڵگەرمییە ڕۆحییەکەیان، وە بە گۆڕانە خێراکەیان، وە جاڕدانیان بەبێ ترس. بەڵام ئارام بگرە بەر لەوەی ئەم کەسە نوێیە لە باوەڕ، پڕ لە وزەیە، لە ئەرکی پیر دابنێیت؛ چونکە زۆر لە هەنگاوی گەشەکردن و تاقیکردنەوە لەبەردەمی چاوەڕێی دەکات. دەستەواژەی پیر، لە ناوەڕۆکدا ئاماژەیە بۆ دانایی، ئەزموون، ئەمانەش ئاکارێکن کە باوەڕداری نوێ نییەتی.

ئەگەر لە باوەڕدا نوێیت، چڕ ببەوە لە قووڵبوونەوە لە مەسیحدا، بە ئاگا بە لە لووتبەرزی ڕۆحی. لە ڕاستیدا، با هەنگاوێک بگەڕێینەوە دواوە: دڵنیا بەوە لە ڕاستی قبووڵکردنت بۆ مەسیح، واتە باوەڕی ڕاستەقینەت هەیە و گومان و دوودڵ نیت لەوەی کە ئاخۆ تۆبەت کردووە لە گوناهەکانت و باوەڕت هێناوە کە عیسا لە گوناهەکانت خۆشدەبێت؟ ئایا باوەڕت هەیە کە تەنها بە مردنی عیسا و هەستانەوەی خودا ڕزگاری کردیت لە دۆزەخ و لەگەڵی ئاشتبوویتەوە؟ ئایا دووبارە لەدایک بوویتەتەوە؟ هیچ شتێک کڵێساکان وێران ناکات وەکو دانانی شوان و پیری بێباوەڕ. چۆن کەسێک دەتوانێت وەکو شوان خزمەت بکات لە ژێر سەرکردایەتی عیسادا، وە ڕەنگدانەوەی کەسایەتی عیسای هەبێت ئەگەر هێشتا باوەڕدار نەبێت.

کڵێساکەمان لە کۆبوونەوەی ساڵانەدا پیران هەڵدەبژێرێت. داوا لە پیرانی کاندیدی

ئـەم کۆبوونەوەیـە دەکەیـن کـە باسـی بکـەن چـۆن تۆبەیـان کـردووە و چـۆن باوەڕیـان بـە عیسـا هێنـاوە. بـەڵام زۆربـەی جـار ئێمـە چەندیـن سـاڵە ئـەم پیاوانـە دەناسـین و پێشـتر لـە ئەرکـی پیـردا خزمەتیـان کـردووە. کڵێسـا دەیەوێـت جارێکـی دیکـە گـوێ بگرێـت لـە دانپێدانانـی ئـەم پیاوانـە بـە باوەڕهێنانیـان بـە عیسـا. دڵنیـا نیـم لـەوەی کـەی کڵێسـاکەمان دەسـتیکرد بـە پەیڕەوکردنـی ئەمـە، بـەڵام هیـوادارم کـە وازی لـێ نەهێنیـن.

### ◌ ئایا ئەمە لەسەر تۆ پەیڕەو دەبێت؟

دەمەوێـت ئێسـتا شـتێک بکەیـت. بـەر لـەوەی بچیتـە بەشـی داهاتـوو. دەمەوێـت (یەکـەم تیمۆسـاوس ٣: ١-٧) بـە دەنگێکـی بـەرز بخوێنیتـەوە. مـن تـەواو ڕژدم لەسـەر ئـەوەی دەیڵێـم؛ بـڕۆ شـوێنێک تایبەتمەنـدی خـۆت هەبێـت، ئەگـەر ئەمـە پێویسـت بـکات، وە بـە دەنگێکـی بـەرز ئـەم ئایەتانـە بخوێنـەوە:

> «ئـەم قسـەیەڕاسـتە: ئەگەریەکێـک چـاوی لـە چاودێـری بێـت، حـەزی لـە چاکەکارییە.چاودێـر دەبێـت گلەیـی لەسـەر نەبێـت، مێـردی یـەک ژن بێـت، وریـا و ژیـر و بەڕێـز و میـوان دۆسـت بێـت، بتوانێـت خەڵـک فێربـکات، سـەرخۆش و توندوتیـژ نەبێـت، بەڵکـو دڵنـەرم بێـت، شـەڕفرۆش نەبێـت، حـەزی لەپـارە نەبێـت. خێزانەکـەی بـاش بەڕێـوە ببـات، منداڵەکانـی بەوپـەڕی ڕێـزەوە ملکـەچ بـن. ئەگـەر کەسـێک نەزانێـت خێزانەکـەی بەڕێـوە ببـات، چـۆن چاودێـری کڵێسـای خـودا دەکات؟ تـازە نەبێـت لـە بـاوەڕ، نـەوەک لووتبـەرز بێـت و هەمـان سزای شـەیتانی بەسـەردا بدرێت. دەبێـت ناوبانگـی بـاش بێـت لـەلای ئەوانـەی لـە دەرەوەن، نـەوەک قسـەی بێتـە سـەر و بکەوێتـە بـەر داوی شـەیتان.»

کاتێـک لـە ژێـر پشـکنیندا بـووم بـەر لـە دەسـت لەسـەر دانانـم بـۆ خزمەتی شـوانایەتی، یەکێـک لـە پیـاوەکان ئـەو داوایـەی لـێ کـردم؛ کتێبـی پیرۆزەکـەم کـردەوە و (یەکـەم تیمۆسـاوس (٣: ١-٧)م بـە دەنگێکـی بـەرز لەبـەردەم پیاوەکـە و لەبـەردەم ئـەو خەڵکـە خوێنـدەوە کـە لـە هۆڵەکـەدا بـوون. کاتێـک تـەواو بـووم، پیاوەکـە پێـی گوتـم: «سـوپاس بـۆ خوێندنـەوەی ئەمـە. ئێسـتا یـەک پرسـیارم مـاوە. ئایـا ئەمـە لەسـەر تـۆ جێبەجـێ دەبێـت؟» ئینجـا دانیشـت. پێویسـتە هاوشـێوەی عیسـا بیـن ئەگـەر دەمانەوێـت کڵێسـاکانی ئـەو بەڕێـوە ببەیـن، وە عیسـا هەمـوو ئـەم ئـاکارە تایبەتانـەی تێـدا بەرجەسـتە دەبێـت.

دەبێ مەڕەکان تایبەتمەندی و نیشانەکانی شوانێکی گەورە لە ژیان و کەسایەتی ئەو شوانانەدا ببینن کە لە ژێر چاودێری ئەودان. بۆیە، ئایا دەتوانم بپرسم کە لەسەر بنەمای ئەم وەسفەی ئەرکی پیر کە ئێستا خوێندتەوە: ”ئایا ئەم دەقە لەسەر تۆ جێبەجێ دەبێت؟»

# بەشی دووەم
# با بۆنی مەڕت لێ بێت

لـە کاتێکـدا لـە ڕێڕەوەکـە ڕاوەسـتابووین، لـەدوای پەرسـتش لـە کڵێسـا، میوانێکـی نـوێ گوتـی: «کەواتـە ئـەم کڵێسـایە وەک کاری تـۆ وایـە، وە تـۆ لـە بـواری فرۆشـیاری کار دەکەیـت، وە خـودا بەرهەمهێنەکەیـە». (خۆزگـە تـەواوی سـەربوردەکانی ڕۆژانـەم بـە هەمـوو گفتوگـۆ سـەیرەکانەوە تۆمـار بکردبـا کـە لـەدوای چەنـد سـاتێک چوومـە نـاوی، لـە کاتێکـدا لـە بەشـی دواوەی کڵێسـاکە ڕاوەسـتابووم!)

وەڵامم دایەوە: «نەخێر، ڕێک ئەمە نا».

پیاوەکـە دەیویسـت بـە پشتبەسـتن بـە ئەزموونەکانـی لـە کڵێسـا تێبـگات، وا دیاربـوو کـە شـارەزایە لـە کاری بازرگانـی و فرۆشـیاریدا؛ ئـەوە وای لێکردبـوو کـە هـەوڵ بـدات لـە ژێـر ڕۆشـنایی زانیـاری پێشـووی ڕاڤـەی واتـای کڵێسـا بـکات.

بـە داخـەوە، تەنهـا ئـەو کەسـانەی لـە کڵێسـادا نوێـن ئـەم هەڵەیـە ناکـەن؛ شـوانەکان، پیـران، ئەندامانـی کڵێسـاش زۆر جـار بـە هەڵـە لـە ڕوانگەیەکـی بازرگانـی و دامەزراوەییەوە ڕاڤـەی واتـای کڵێسا دەکـەن.

بـە دڵنیاییـەوە کڵێسـاکان لایەنـی تایبـەت بـە کارکردنـی بازرگانییـان هەیـە؛ کـە زۆر جـار پشـت بـە بەرپرسـانی دارایـی دەبەسـتێت، بودجـە، فەرمانبـەر، سیاسـەتی پەیوەسـت بـە کرێـکاران، ئاسـانکاری و بیمـە، وە هێڵـکاری بـۆ بەڕێوەچوونـی ئامانجەکان، وە دەسـتەی ناوخـۆ و لیژنـەکان. هـەر بەشـێک لـەو بەشـانەی باسـمان کـرد بەشـێکە لـە ژیانـی کۆمەڵەی بـاوەڕداران لـە کڵێسـا، وە پێویسـتە بەباشـی بەڕێـوە بـبردرێ بـۆ شـکۆمەندی خـودا؛ کڵێسـا نێوخۆییـەکان پێکهاتەیەکـی ڕێکخراوەییـە.

کێشـە سـەرهەڵدەدات کاتێـک ئـەم پێکهاتانـە هاوشـێوەی کاری بازرگانـی بەشـێک دەبێـت لـە مۆدێلێکـی بازرگانـی گشـتگیر بـۆ کۆمەڵـەی بـاوەڕداران کـە فێرکردنـی کتێبـی پیـرۆز فەرامـۆش دەکات؛ ڕەنگـە شـتەکە بـەم شـێوەیە بێـت:

- شوان = سەرۆک / سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی
- تیمی کارکردن = جێگرانی سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی

- ئەندامان = پشکدارەکان/کرێکارە دڵسۆزەکان
- میوانەکان = ئەوانەی ڕەنگە ببنە کڕیار

ئەی ڕۆڵی پیر چی دەبێت؟

- پیران = ئەندامانی ئەنجومەن

لەم مۆدێلەدا وەسفی ئەرکی پیر هاوشێوەی وەسفی ئەرکی ئەندامی ئەنجومەنە. ئەوانن کە شوان (شوانەکان) دادەنێن بۆ ڕابەرایەتی خزمەت. ئینجا پیرەکان پێکەوە کۆدەبنەوە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی بۆ هەڵسەنگاندنی خزمەت، وە چاودێری کاروباری دارایی و دانانی سیاسەتەکانی کارکردن دەکەن. وە شوانەکان لەبەردەم ئەندامانی ئەنجومەن پێشنیارەکانی دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی پیران لەسەر ڕازی بن یان نا، بەگوێرەی ئەم مۆدێلە شوانەکان خزمەت دەکەن، وە پیرەکان بەڕێوە دەبەن. بەڵام ئەم مۆدێلەی پیران دەستەوەستانە لە بەرجەستەکردنی ڕاستییەکی سەرەکی کتێبی پیرۆز بەوەی پیرانیش شوانن.

### ◌ **پیر = شوان**

بە شێوازێک، وە لە قۆناغێکدا، جیاوازیمان کرد لە نێوان شوان و پیر، لە نێوان ئەو کەسانەی لە خزمەت پارە وەردەگرن و ئەندامانی ئەنجومەن کە هیچ کرێیەک وەرناگرن. بەڵام پەیمانی نوێ جیاوازی ناکات لە نێوان ئەم دوو ڕۆڵەدا.

شوان کێیە؟ وشەی «شوان» لە وشەی ”poimen“ی یۆنانییەوە وەرگیراوە. ئاماژەیە بۆ شوان و تەواو واتای وشەکەی هەیە، وەک ئەو کەسانەی کە لە کێڵگەکان کاریان دەکرد لە گێڕانەوەی لۆقا سەبارەت بە لەدایکبوونی عیسا. بەڵام زۆر جار وشەکە ئاماژەیە بۆ عیسا، شوانە دڵسۆزەکەمان. هەروەک کرداری ”poimaino“ی لێ دادەڕێژرێت، کە واتا ”دەلەوەڕێنێت» یان «ئاگای لە مێگەلەکە دەبێت». بۆیە قەشە شوانە، هەروەک لەوەڕاندن و چاودێریکردن واتا گرنگیدان بە مێگەلەکە. وە سەیر نییە کە وشەی «لەوەڕاندی» لە وشەی ”pastor“ی لاتینی وەرگیراوە کە واتا لەوەڕاندی!

ئەمە بە بەشێکی گرنگ دادەنرێت، کەوا پەیمانی نوێ هەردوو شێوزای ناو و کرداری وشەی «لەوەڕاندن» بەکاردەهێنێت سەرباری زمانێکی وێناکردنی فراوانتر بۆ چاودێری، بۆ وەسفکردنی **پیران و کارەکەیان**. تەماشای ئەم ئایەتانەی خوارەوە بکەن

کـەوا تێیـدا لەسـەر بابەتـەکان جەخـت دەکەمـەوە، هـەردوو شـێوازی ”poimaino“ و ”poimen“ وەرگێـڕدراوە.

پۆڵس هۆشداری بە پیرانی کڵێسای ئەفەسۆس دەدات، دەڵێت:

«ئاگاتـان لـە خۆتـان و لـە هەمـوو مێگەلەکـە بێـت، کەڕۆحـی پیـرۆز ئێـوەی کـردووە بـە چاودێـر بەسـەریانەوە. شـوانایەتی کڵێسـای خـودا بکـەن، کـە بـە خوێنـی خـۆی کڕیویەتـی» (کـردار ٢٠: ٢٨).

وە پەترۆس بە شێوازێکی هاوشێوە نووسیویەتی:

«وەک پیرێکـی هاوڕێتـان، داوا لـەو پیرانـە دەکـەم کـە لەنێوتانـدان، شـایەتی ئازارەکانـی مەسـیح و هاوبەشـی ئـەو شـکۆیەی وا ڕادەگەیەنـرێ: ئـەو مێگەلـەی خـودا بلەوەڕێنـن کـە لەنێوانتاندایـە، وەک چاودێـر خزمەتیـان بکـەن، نـەک بـە ناچاری، بەڵکو بـە ویستەوە وەک چـۆن خـودا دەیەوێـت، نـەک بـۆ دەسـتکەوتی شـەرمەزاری، بەڵکـو بـە چالاکییـەوە، خۆتـان بەسـەر ئەوانـەدا مەسـەپێنن کـە دراونەتـە دەسـتتان، بەڵکـو ببنـە نموونـە بـۆ مێگـەل. کاتێکیـش سـەرۆکی شـوانان دەردەکـەوێ، تاجـی شـکۆ وەردەگـرن کـە کاڵ نابێتـەوە» (یەکـەم پەتـرۆس ٥: ١-٤).

وادیـارە پەتـرۆس باسـی ئـەوە دەکات کـە عیسـا لـەدوای هەسـتانەوەی پێـی گـوت: «بەرخەکانـم بلەوەڕێنـە.» وە «مەڕەکانـم بلەوەڕێنـە» (یۆحەنـا ٢١: ١٥، ١٧).

سـەبارەت بـەو ئەرکانـەی کـە عیسـا وەک بەهـرە داویەتییـە کڵێسـاکەی چـی دەبـێ بگوترێـت؟ پۆڵـس باسـی خشـتەیەک  دەکات کـە پێکدێـت لـە نێـردراو، پێغەمبـەر، مزگێنیـدەر، ئینجـا «شـوان و مامۆسـتا» (ئەفەسـۆس ٤: ١١). لـە ڕێزمانـی زمانـی یۆنانیـدا بـەدوای یەکداهاتنـی شـوان و مامۆسـتا ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە کـە هەردووکیـان یـەک ئـەرک و ڕۆڵیـان هەیـە. کەواتـە، شـوانی کڵێسـاکان مامۆستاشـن. هـەروەک پێشـتر بینیـمان، فێرکردنـی ئەکێکـی جەوهەرییـە بـۆ ئەرکـی پیـر.

### ◌ بابەتی سەرەکی

جارێکیـان برادەرێـک کـە پیرێکـی پـارت تایـم بـوو پێـی گوتـم: «زەحمەتتریـن شـتی

پەیوەست بە خزمەتەکەم وەک پیر ئەوەیە کە باوەڕ بکەم من شوانێکی ڕاستەقینەم». بەڵام ناکریت کتێبی پیرۆز لەوە ڕوونتر بێت. ئەگەر پیری کڵێساکەتی، ئەوا تۆ شوانێکی ڕاستەقینەیت، تەواو وەک ئەو شوانە پسپۆڕەی کە پارە وەردەگرێت.

ڕەنگە هێشتا گومانت هەبێت. ئایا جیاوازی نییە لە نێوان ئەوانەی بە تایبەت دیاری کراون کە وەک شوان خزمەت دەکەن و پارە وەردەگرن و کەسانی «ئاسایی» کە لە ئەرک و پێگەی دیکەدا کار دەکەن و خۆبەخشن لە خزمەتکردن وەک پیر؟ بەڵێ، جیاوازی هەیە. بۆ نموونە، ئەو شوانانەی کە پارە وەردەگرن زۆر جار بڕوانامەیەکی ئەکادیمی فەرمییان بەدەست نەهێناوە لە فێرکردنی یەزدانناسیدا، وە لە هەفتەدا کاتی زیاتریان هەیە بۆ خزمەت، هەروەها ئەزموونێکی زیاتریان هەیە لە بواری شوانایەتی و خزمەتی کڵێسا و فێرکردن. هەروەها ڕەنگە، هەرچەندەش کە پێویست نییە هەموو کاتێک بەو شێوەیە بێت، ئەو شوانانەی کە پارە یان پاداشت وەردەگرن بەهرەداتر بن لە خزمەتی شوانایەتی یان وتاردان، ئەوەش وا دەکات کە بە دەوامی تەواو دابمەزرێنرێت بۆ ئەوەی خزمەت بکەن.

بەڵام شوانی تایبەتمەند کە پارە وەردەگرێت کات و فێرکردن، بەهرە و دڵگەرمی زۆری هەیە، لە ڕووی لۆژیکییەوە (وە لە ڕووی کتێبی پیرۆزیشەوە) واتای ئەوە نییە کە پیرانی پارت تایم بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان لە شوانی تایبەتمەند کەمترن. ئاگرکوژێنەوە خۆبەخشەکان ڕووبەڕووی هەمان ئاگر دەبنەوە کە ئەو ئاگرکوژێنەوانە ڕووبەڕووی دەبنەوە کە مووچە وەردەگرن. هەروەک پیرە خۆبەخشەکان ڕووبەڕووی هەمان ئالنگارییەکانی شوانایەتی دەبنەوە کە شوانە تایبەتمەندەکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. وە پێویستە کە پیرانی پارت تایم ڕێزی شوانە تایبەتمەندەکان بگرن وەک ئەوەی «لە نێویاندا پلەبەرزترە“h، بەڵام پیرانی پارت تایمیش لە هەمان ئاستی ئەوانن.

### ◌ شکڵ و شێوازێکی نوێ و جیاواز

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسمان کرد، ئەگەر بمانەوێ وەسفی ئەرکی پیر پوخت بکەینەوە، دەکرێ بە سانایی بڵێین: «مەڕەکانم بلەوەڕێنە». ئەگەر لەم کتێبەدا

hبۆ گفتوگۆیەکی سوودبەخش سەبارەت بەم تێگەیشتنە، بڕوانە:

**Alexander Strauch, Biblical Eldership: An Urgent Call to Restore Biblical Church Leadership (Littleton, CO: Lewis and Roth, 1995), 45-50.**

تەنها یەک شتت لەبیر بێت، با ئەوە بێت کە پیران شوانن، وە ڕۆڵی سەرەکییان چاودێریکردنی ئەندامانی کڵێسایە هەروەک چۆن شوان مەڕەکانی خۆی دەلەوەڕێنێت. وە بە دەربڕینێکی وردتر، پیران شوانن لە ژێر سەرکردایەتی سەرۆکی شوانان؛ کە خزمەتی شوانە دڵسۆزەکە دەکەن بەوەی مەڕەکانی ئەو دەلەوەڕێنن.

کەواتە، پێت وایە کرداری «شوانایەتی» چییە؟ لە ڕووی کردارەوە چۆنە؟ بەشەکانی داهاتووی ئەم کتێبە لایەنە جیاوازەکانی شوانایەتی دەپشکنێت. وە باسی چەند شتێک دەکەین، وەکو: فێرکردن، ڕابەرایەتی، نوێژ.

بەڵام، بەر لەوەی بچینە نێو «ڕێنمایی کارکردن» بۆ ئەرکی شوان، پێویستمان بەوەیە دوو کاریگەری گشتگیر ببینین لە شکڵ و شێوازی پیر کە ڕۆڵی شوان دەگێڕێت. دەکرێ بەڕاستی تێبگەین لە بیرۆکەی ئەوەی پیران شوانن، وە ئەوان تەنها ئەندامی ئەنجومەن نین لە ڕێکخراوێکی قازانج نەویست، بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە خزمەتی پیران لە کڵێساکەمان بەلای کەمەوە بە دوو ڕێگای سەرەکی.

### ◌ بۆنی مەڕیان لێدێت

کاریگەری یەکەمی نموونەی پیر کە بە ڕۆڵی شوان هەڵدەستێت لە پێویستی ئەوەیە کە لەگەڵ ئەندامانی کڵێسا لە پەیوەندیدا بێت.

ساتێک ڕاوەستە و بیر لە شوانی مەڕی ڕاستەقینە بکەوە. ڕەنگە شوانێکت لە دەشت بینیبێت کار دەکات، ڕەنگە خۆت بینیبێت یان لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بێت. ڕەنگە هەرگیز نەتبینیبێت، بەڵام سەبارەت بە شوان لە کتێبی پیرۆز خوێندوتەتەوە، ئەوەندە بەس بێت بۆ ئەوەی بتوانیت لە هزرتدا وێنای بکەیت.

چی دەبینیت؟ ئایا شوانێک دەبینیت لە لەوەڕگایەکی سەوزدا مێگەلەکەی دەلەوەڕێنێت؟ ڕەنگە ئەوە بهێنیتە پێش چاوت کە شوانێک جلوبەرگێکی دەشتەکی لەبەردایە، دارێکی بەدەستەوەیە کە سەرێکی چەماوەتەوە و پێیەوە مەڕەکان ئاراستە دەکات بۆ چوونە نێو پشتیرێکی دەورەدراو بە شورایەکی بەردین. وە ڕەنگە (زەبووری ٢٣) بڵێیتەوە و ئەندێشەی ئەم شوانە بکەیت کە وا دەرخات مەڕەکانی پاڵکەوتوون لەنێو لەوەڕگایەکی سەوز و لە گۆمێکدا ئاو دەخۆنەوە.

بیر لە هەر چییەکیان بکەیتەوە، وێنە هزرییەکانمان کە ئەندێشەیان دەکەین

بەلای کەم لە یەک شتدا هاوبەشن. لە هەموو ئەم وێنانەدا، شوان لەنێو مەڕەکانیدا دەبینرێت. نەک لە شوێنێکی دوور؛ بەڵکو لەنێو مەڕەکانیدا دەڕوات، دەستیان لێدەدات و قسەیان لەگەڵ دەکات، هەروەک دەیانناسێت لەبەر ئەوەی لەگەڵیان دەژییێت. لە ئەنجامی ئەوەدا بۆنی مەڕی لێدێت.

ڕەنگە لە بری ئەوەی بیر لە شوانی مەڕی ڕاستەقینە بکەیتەوە، پێویستە بە سادەیی بیر لە عیسا بکەیتەوە. لە ئینجیلەکاندا دەبینین کە هەردەم عیسا لەنێو خەڵکدایە. جگە لەو کاتانەی کە لە تەنهاییدا نوێژی دەکرد، وا دیارە کە عیسا تەواوی کاتەکەی لەگەڵ قوتابییەکانی بەسەر دەبرد، لەگەڵ کۆمەڵی خەڵک؛ بۆ هەرکوێ دەچوو دەستی لە خەڵک دەدا، فێری دەکردن، مەشقی پێ دەکردن. شوانە دڵسۆزەکە نە تەنها ژیانی لە پێناوی مەڕەکانی دادەنا، بەڵکو ژیانی خۆشی لەگەڵ ئەوان بەسەربرد.

هەروەک شوانی ڕاستەقینە لەگەڵ مێگەلەکەی دەژییێت و مەڕەکانی دەناسێت، وەک چۆن عیسا سەرقاڵ بوو بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ قوتابییەکانیدا، بە هەمان شێوە پیران ژیانی خۆیان لەگەڵ ئەندامانی کڵێسا بەشدار دەکەن. ئەوان وای دەبینن کە خەریکی خزمەتی ئەوانن. بەشەکانی داهاتووی ئەم کتێبە باسی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەرکی پیر دەکات، وە هەمووی وای دادەنێت کە پیران لەگەڵ خوشک و براکانیان لە پەیوەندی نزیکدا دەژین.

با ئێستا نموونەیەک وەربگرین کە میواندۆستییە. هەروەک لە بەشی ڕابردوو بینیمان، هەردوو لیست کە تایبەتمەندییەکانی چاودێر دادەنێن لەسەر ئەو پیاوەی کە دەیەوێت ئەم پلەیەی هەبێت ئەوەی تێدا هاتووە کە میواندۆست بێت بۆ بێگانە (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٢؛ تیتۆس ١: ٨). بۆچی ئەم هەموو جەخت کردنەوەیە لەسەر میواندۆستی؟ میواندۆستی تەنها دڵی بەخشندە و ئاراستەی دڵی خزمەتکار دەرناخات، بەڵکو نیشانی دەدات کە ئەو کەسەی چاوی لە پلەی چاودێرە لەگەڵ خەڵک بێت و بەدوای ڕێگایەکدا بگەڕێت بۆ ئەوەی لە ژیانی خۆیدا پێشوازییان لێبکات. زۆربەی کات پیاوانی میواندۆست حەز دەکەن هەردەم لەنێو خەڵکدا بن ئەگەر کڵێسا لە پێگەی پیر دایانبنێن.

لە بەرامبەر ئەوەدا، ئەو چاودێرانەی کە بە مۆدێلی پیر کار دەکەن وەک ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران نابێت لەنێو خەڵکدا بن، کە دەتوانن لە کۆبوونەوەی مانگانەدا

بەشـدار بـن، وە بەشـداری گفتوگۆکانـی ئەنجومەنـی کارگێـڕی دەکـەن، دەنگـی خۆیـان دەدەن، ئینجا دەگەڕێنـەوە ماڵەکانیـان و هەسـتیش بـەوە دەکـەن ئەرکـی خۆیـان جێبەجێ کـردووە. کاتێـک ئـەم شـێوازە بەسـەر پیرانـدا زاڵ دەبێـت خۆیـان مانـدوو ناکـەن و ناچنە ناو ململانـێ لەگـەڵ ئـەوەی قسـەیان بـۆ دەکات، ئەندامێکـی شـەکەتی کڵێسـا لەبـەر ئـەوەی زیاتـر لـە سـاڵێکە بـێ کارە، وە نـەک لەگـەڵ برایـەک کـە هـەوڵ دەدات نەگەڕێتـەوە بـۆ بەکارهێنانـی هیرۆییـن، وە نـە لەگـەڵ خوشـکێک لەگـەڵ پیاوێکـی بـێ بـاوەڕ لـە پەیوەندیـدا تێـوەگلاوە، وە هیـچ کێشـەیەک لەمـەدا نابینێـت. ئـەوان پێیـان وایـە: «ئایـا شـوانێکمان دانەمەزرانـدووە بـۆ ئـەوەی ڕێگـری لـەو ئاژاوەگێڕییـە بـکات؟!» ڕەنگە بەڕاسـتی بانگهێشـت کرابیـت ببیتـە شـوان و لـە هزرتـدا ئـەم بەرپرسـیارییێتانە دەگریتـە ئەسـتۆ. بـەڵام ئەگـەر پیرێکـی پـارت تایـم بیـت، ئـەوا کاتـی هاتـووە خـۆت ئامـادە بکەیـت بـۆ ئـەوەی یارمەتـی داویـت و بچیتـە نێـو جەنگەکانـی شـوانایەتی و لەپـاڵ تیمـی کارکـردن کـە پـارە وەردەگـرن و وە خـۆت خزمەتێکـی شـوانایەتی کـرداری بکەیـت و ڕاسـتگۆ لـە دڵـەوە.

### ◌ کەسێکی نەشیاوت داناوە بۆ ئەرکێک!

ئایا ئەم جۆرە کارکردنە لەگەڵ خەڵک مایەی مەترسییە؟

ڕەنگـە پێـت وابێـت: «تـۆ بـاش نیـت بـۆ کارکـردن لەگـەڵ خەڵکـدا. وە باشـترە بـۆ تـۆ کار بکەیـت لەگـەڵ ژمـارەکان یـان کۆمپیوتـەر یـان ئامێـری کارەبایـی. وە تـۆ کەسـێکی گۆشـەگیریت و لـە ئەزموونـی کەسایەتیت ئەمـە سـەلمێنراوە. وە بـە ڕاشـکاوی تـۆ کەسـێکی زۆر نائاسـاییت“.

پێویسـت نییـە لەسـەرت تـۆ زۆر کـراوە بیـت یـان تـەواو سـاکار بیـت بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ ئەندامانـی کڵێسـاکەت لـە پەیوەندیـدا بیـت. تـۆ تەنهـا پێویسـتت بەوەیـە ئەوانـت خۆشـبوێت. بـەر لـە دەسـتپێکردنی پەرسـتش لـە کڵێسـاکەت دەسـتپێشـخەر بـە بـۆ گفتوگۆیەکـی لەسـەرخۆ لەگـەڵ بێوەژنێکـی پیـر، یـان ئـەم ژن و مێـردە بـۆ نانـی ئێـوارە بانگهێشـت بکـە، هەندێـک ئەنـدام بانگهێشـت بکـە کـە پەیوەندییـان لەگـەڵ کڵێسـا کەمـە. خەڵکـی خۆشەویسـتی گرنگیپێدانـی ڕاسـتەقینە دەزانـن لـەو کاتـەی دەیبینـن، هەرچەنـدە ئەگـەر بـە شـێوازێکی شـاراوە و نامـۆش بێـت. خۆشەویسـتی لـە هەمـوو ڕێگـری و بەربەسـتێک تێدەپەڕێـت.

ڕەنگـە هۆکارێکـی دیکـەت هەبووایـە بـۆ دوودڵـی لـەوەی پەیوەسـتە بـە خزمەتـی

شـوانایەتی بـۆ ئەندامانـی کڵێسـا. ڕەنگـە دەترسـیت لـەوەی کێشـەکانی خەڵـک لەسـەرت کەڵەکـە بێـت، یـان وا دەکەیـت بابەتەکـە خراپـتر بێـت بـە هەوڵدانـی گەمژانـە بـۆ یارمەتیـدان. هـەروەک تـۆ بڕوانامـەی ئەکادیمیـت لـە کۆلێـژی یەزدانناسـی وەرنەگرتـووە لـە ڕاوێـژ یـان فێرکـردن. خـۆت بـە کـێ دەزانیـت تاوەکـو ڕۆڵـی شـوان بگێڕیـت؟

بـا ڕاشـکاو بـم، مـن ناڵێـم کـە هەمـوو ئەوانـەی حـەز دەکـەن ببنـە پیـری کڵێسـا ئـەوا شایسـتەن. ئـەوەی دەیڵێـم ئەوەیـە کـە پیـاوە شایسـتەکان پێویسـتە نەڵێـن کـە شایسـتە نیـن و پێویسـت نییـە ئـەوە بکـەن بـە هـۆی ترسـیان لـە نەتوانینـی چارەسـەری ئـەو ململانێیانـەی خەڵکـی پێیـدا ڕەت دەبـن.

فەرمـوو لەگـەڵ چەنـد بیرۆکەیەکـی خێـرا سـەبارەت بـە شـوانایەتی ئـەو کەسانەی کـە بـە کێشـەی گـەورەدا تێدەپـەڕن:

- خودا لە کتێبی پیرۆزیدا پیرانی داناوە و ئەو دەزانێت کە چی دەکات.
- عیسا دەتوانێت لە ڕێگای تۆوە کار بکات؟
- شـوانایەتی بـە پێگـەی یەکـەم پەیوەسـت نییـە بـە چارەسـەرکردنی کێشـەکانی خەڵـک (بـۆ زانیـاری زیاتـر سـەبارەت بـەم بابەتـە بڕوانـە خـوارەوە).
- ڕەنگـە دانایـی زیاتـرت هەبێـت بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆز کـەوا ئـەوەی بەشـداری پـێ دەکەیـت زیاتـرە لـەوەی کـە پێـت وایـە.
- هەموو کات دەتوانیت داوای یارمەتی لە عیسا و کەسانی دیکە بکەیت.

## گۆڕینی لەسەرخۆ

بـەر لـە سـی سـاڵ، کڵێسـای باپتیسـت کە تێیـدا وەک شـوان خزمـەت دەکەم بانگهێشـتی شـوانێکی کڵێسـای پرزبێتریەنـی کـرد بـۆ ئـەوەی ببێتـە شـوانی گـەورە. ئـەم شـوانە بەهـرەی وتاردانـی ڕاڤـەکاری هەبـوو، جەماوەرێکـی زۆر لـە دەوری کۆبوونـەوە بـۆ ئـەوەی گوێـی لـێ بگـرن، هەروەهـا کاریگـەری زۆری هەبـوو لـە ژیانـی چەندیـن کەسـدا. جگـە لەمـەش شـتێکی دیکـەی کـرد چەندیـن سـاڵی دوای ڕۆیشـتنی کاریگەرییـە ئەرێنییەکـەی لـە کڵێسـاکەمان بـەردەوام بـوو: ڕابەرایەتـی کۆمەڵێـک بـاوەڕداری کـرد لـە کڵێسـا بـۆ ئـەوەی مۆدێلێکـی پیـران دروسـت بـکات لـە بەڕێوەبردنـی کڵێسـا.

لـەو کاتـەی کـە هاتمـە کڵێسـا، زیاتـر لـە دە سـاڵ بـوو کـە پیـری تێـدا بـوو. بـەڵام

لەدوای ئەوەی وردتر لە ڕوانگەی کتێبی پیرۆزەوە ئەرکی پیرمان خوێندەوە، بۆمان ڕوون بووەوە ئێمە، ئێمەی پیر پێویستمان بە هاوسەنگی هەیە. زۆربەی وزەکەمان لە هەڵسوکەوتکردن بەسەر دەبرد وەک ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی دەزگایەک، وە زۆر کەمتر گرنگیمان بە چاودێریی گەل دەدا؛ لەبەر ئەوە دەستمان کرد بەوەی کە بە هێواشی گرنگی زیاتر بە شوانایەتی بدەین. هەتا ئێستاش کۆبوونەوەکانی مانگانەمان دەکەین، گرنگی بەوە دەدەین کە هاوشێوەی ئەنجومەنی نوێنەرانە. دیسان دەیڵێم، ئەمە یەکێکە لە پێکهاتەکانی ڕۆڵی پیر و ژیانی کڵێسا. هەروەها هەوڵمان دەدا زیاتر لەگەڵ ئەندامانی کڵێسا کات بەسەر ببەین.

بۆ نموونە، زیاتر لە ساڵێک پێش ئێستا، لیستێکی ئەندامانی کڵێسامان لەنێو پیرەکان دابەش کرد کە لە پەرەسەندنی کڵێسادا وەرگیرابوو، ئینجا ئامانجێکمان لەبەردەمان دانا کە پەیوەندی بە هەر ئەندامێک بکەین لەم لیستەدا، لانی کەم یەک جار لە ماوەی ساڵێکدا. هەنگاوێکی بچووک بوو بۆ چاککردنی پەیوەندییەکان. لەگەڵ ئەوەی هەنگاوێکی بچووک بوو، بەرهەمێکی دەستبەجێی هەبوو. ئەندامەکان تەنها بە پێزانینیان کاردانەوەیان نەبوو، بەڵکو ئامادە بوون زیاتر کراوە بن لەبەردەم پیراندا. ئەم جۆرە خزمەتەی شوانایەتی وەکو ئالنگاییەکە بۆ پیرەکان بەڵام بەرهەمدار بوو. سەرباری ئەوە، هەستم بە حەسانەوە کرد لەبەر ئەوەی تیمێکی فراوانم لەگەڵ بوو یارمەتییان دەدام لە هەڵگرتنی بارەکانی چاودێریکردنی زیاتری کۆمەڵەی باوەڕداران.

هێشتا ڕێگاکەی بەردەمان درێژە، بەڵام پیرانی کڵێساکەمان زیاتر بۆنی مەڕی لێدەهات.

## ◌ ئامانجەکە چییە؟

پوختەی ئەوەی پێشوو: پیران هەر شوانی کڵێسان. دەستەواژەی شوانایەتی وێنەیەکی وەرگیراوە، واتای گرنگ لەخۆ دەگرێت بۆ خزمەتی پیران. یەکەم، کاری پیر بە پێگەی یەکەم لە ڕێگای پەیوەندییەکانی ئەندامانی کڵێسادایە. ئەو خزمەتەی کە پیر دەیکات پەیوەستە بە خەڵک زیاتر لەوەی پەیوەست بێت بە بەرنامەوە.

جگە لەوەی وێنەی شوانایەتی تەنها پێمان ناڵێت کەی پێویستە کاری پیر ئاراستە بکرێت، واتا، پەیوەندییەکان بە چ ئاراستەیەکن، هەروەها پێمان دەڵێت بۆ چیشە. بۆچی پێویستە کە پیران تێکەڵی ئەندامانی کڵێسا بن و بەشداری ژیانیان بکەن؟

وە هـەوڵ دەدەن چ ئامانجێـک بپێکـن؟ ئایـا ئامانجەکـە کـورت دەکرێتـەوە لەسـەر دروسـتکردنی کەشـێکی هەسـت و هاوسـۆزی خێزانـی لـە کڵێسـادا؟ جێبەجێکردنێکـی دیکـە هەیـە لـە جێبەجێکردنـە بنەڕەتییەکانـی مۆدێلـی شـوانایەتی: پیـران خزمـەت دەکـەن بـە ئامانجـی گەشـەپێدانی ئەندامانـی کڵێسـا بـەرەو پێگەیشـتن لـە ژیانـی مەسـیحیی.

جارێکـی دیکـە بیـر لـە شـوان بکـەوە. وێنایـەک کـە ئەرکـی ڕۆژانـەی لەنێـو مـەڕەکان جێبەجـێ دەکات: ئالیکیـان دەداتـێ، بـەرەو دۆڵەکـە دەیانبـات، لـە ئاژەڵـی دڕنـدە پارێزگارییـان لێـدەکات، برینەکانیـان تیـمار دەکات، یـان بـەدوای ئـەوەدا دەگەڕێـت کـە ون بـووە. بۆچـی شـوان ئـەم شـتانە دەکات؟ ئایا ئامـانج و مەبەسـتی چییـە؟ ئـەوان مـەڕی پێگەیشـتوون. ڕۆژ بـە ڕۆژ شـوان مانـدوو دەبێـت بـۆ ئـەوەی مـەڕی سـەلامەت و قەڵـەو و بەسـوود دەسـتەبەر بـکات.

ئایـا پیـران ئامانجـی هاوبەشـیان هەیـە؟ پیـران بـە کۆششـەوە کار دەکـەن لـە پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ ئەندامانـی کڵێسـا بـۆ یارمەتییـان لەسـەر گەشـەکردن لـە عیسـای مەسـیحدا. وە چاودێـران کار دەکـەن و نوێـژ دەکـەن و خزمـەت دەکـەن تاکـو خوشـک و براکانیـان بـە شـێوەیەکی نزیکـتر و قوڵـتر عیسـا بناسـن، وە بـە سەرڕاسـتیەوە ملکەچـی بـن، وە بـە شـێوەیەکی ڕوونـتر ڕەنگدانـەوەی ئاکارەکانـی ئەویـان هەبێـت، جا ئەگـەر وەک تـاک بێـت یـان وەک خێزانـی کڵێسـا. سـەرباری ئـەوە، باوەڕدارانـی پێگەیشـتووی تەندروسـت لـە ڕووی ڕۆحییـەوە زیـاد دەکـەن کـە پەیامـی ئینجیـل جـاڕ بـدەن بـۆ کەسـانی دیکـە و یارمەتـی کەسـانی دیکـە بـدەن بـۆ گەشـەکردن لـە مەسـیحدا.

پۆڵس بە ڕاشکاوی باسی کردووە کە گەشەکردن ئامانجی خزمەتی شوانایەتییە:

> «ئیـتر مەسـیح بـە هەندێکـی دا ببنـە نێـردراو، هەندێـک پێغەمبـەر، هەندێـک مزگێنیـدەر، هەندێـک شـوان و مامۆسـتا، بـۆ ئامادەکردنـی گەلـی پیـرۆزی خـۆی بـۆ کاری خزمـەت، بـۆ بنیادنانـی جەسـتەی مەسـیح، هەتـا هەمووـمان بگەیـن بەیەکێتـی بـاوەڕ و ناسـینی کـوڕی خـودا، ببینـە مرۆڤێکـی پێگەیشـتوو، بگەینـە ئەنـدازەی تـەواوی پڕیێتـی مەسـیح» (ئەفەسـۆس ٤: ١١-١٣).

کاتێـک پیـران بەباشـی ئەرکەکانیـان بەجێدەهێنـن، ئیتر بـاوەڕداران بە «...منداڵ» نامێنن، بەڵکـو «لـە هەمـوو شـتێکدا گەشـە بکەیـن، لەناو ئـەوەی سـەرە، واتـە مەسـیح.» (ئایەتەکانی

١٤، ١٥). پێویستە لەسەر پیران کە ئەوپەڕی توانایان وەگەڕ بخەن بۆ ئەوەی لەگەڵ پۆڵس بڵێن: «ئێمە ئەوە ڕادەگەیەنین، هەموو کەسێک ئاگادار دەکەینەوە و بەوپەڕی داناییەوە فێریان دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین هەریەکێکیان وەک کەسێکی پێگەیشتوو بەیەکبوون لەگەڵ مەسیحدابهێنینە بەردەم خودا» (کۆلۆسی ١: ٢٨).

## ◌ بەڕێوەبردنی دەزگایەک

جارێکی دیکە بەراوردی هزری شوانایەتی بکە، بەو پیرەی کە هەڵدەستێت بە ئەرکەکەی بە شێوازی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران. کاتێک پیر لە بنەڕەتدا خۆی وەک ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەبینێت، پێیان وایە کە ئەرکیان بەڕێوەبردنی لایەنە جیاوازەکانی کڵێسایە وەک دەزگایەک. وە واتای «سەرکەوتن» بە ڕای ئەوان مکوڕبوونە لەسەر ئەوەی بودجەی گشتی و باری دارایی دەزگاکە باش بێت، پارێزگاریکردن لە شوێن و تەلارەکان، وە چاودێریکردنی چالاکی و بەرنامە ئاست بەرزەکان کە ژمارەیەکی زۆر خەڵک تێیدا ئامادە بێت. پیرانی جۆری ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران هەست دەکەن بەڕێوەبردن ئامێرێکە و زیاتر گرنگی پێدەدەن لەوەی گرنگی بدەن بە گەشەی ئەندامانی کڵێسا و زیادکردنی پێگەیشتنیان.

پێشتر باسم کرد کە ژێرخانی دەزگایی کڵێسا وەکو: بودجەی، کردارەکانی، بەرنامەکانی، شوێنەکانی، وە فەرمانبەرانی، بەڕاستی گرنگییان هەیە. بەڕێوەبردنێکی کاریگەر لە خۆیدا خزمەت و بەهرەی ڕۆحیی سوودبەخشە بۆ کۆی جەستەی مەسیح، وە دەرفەت بۆ پیران دەڕەخسێنێت کە بۆ شوانایەتی خۆیان تەرخان بکەن. شایانی باسە کە بیرۆکەیەکی بچووک سەبارەت بە ڕێکخستن وای کرد موسا لە پەیمانی کۆن و نێردراوان لە پەیمانی نوێ بتوانن بانگهێشتەکانیان بهێننە دی، ئەنجامەکەشی بەرەکەت بوو بۆ گەلی خودا (دەرچوون ١٨: ١٣-٢٧؛ کردار ٦: ١-٧). پیران بەرپرسیارێتییەکی گشتی دەگرنە ئەستۆ کە پەیوەستە بە سەرپەرشتی ژێرخانی ڕێکخستنی کڵێسا بە سیفەتی ئەوەی شوانن و گرنگی بە پەیوەندی دەدەن لەگەڵ ئەندامان.

بیرۆکەیەکی سەرەکی: پێویستە دەزگا بەردەوام خزمەتی ئەندامەکانی بکات. بەرنامە و کردارەکان لە باشترین باریدا جگە لە ئامراز بۆ هێنانە دی ئەرک هیچی دیکە نییە کە ئەندامەکان یارمەتی یەکتر بدەن بۆ گەشەکردن و پێگەیشتن لە مەسیحدا.

ئەزموونم فێرم دەکات کە پیران بە ئاسانی کێش دەبن بەرەو دەمودەزگا لە بری

ئەندامـان، وە بـەرەو کەپـر لەبـری مێـو[i]، دەکەونـە نـاو گفتوگـۆی زیاتـر و کۆششـێکی زیاتـر دەکـەن بـۆ ڕێکخسـتنی لایەنـە لۆجیسـتییەکان (سـەرچاوەکان، پـلان، جێبەجێکـردن) لـە بری کۆششـکردن بـۆ گەشـەپێدانی کەسـەکان. تـەواو دڵنیـا نیـم لـە هـۆکاری ڕوودانـی ئەمـە. ڕەنگـە لەبـەر ئـەوە بێـت کـە بەرنامـە و سیاسـەتی کاروبارەکانـی بەڕێوەبـردن دەکـرێ پلانـی بـۆ دابنرێـت و جێبەجـێ بکرێـت، لـە کاتێکـدا خزمەتـی یارمەتیدانـی کەسـەکان بـۆ گەشـەکردن لـە مەسـیحدا ئـاژاوەی تێدایـە، وە شـتێکی ڕێکخـراو نییـە کـە بتوانرێـت پێشـبینی بکرێـت، هـەروەک بـە هێواشـی بەڕێـوە دەچێـت. لـە ڕاسـتیدا، هەرگیـز ئەرکـی شـوانایەتی خەڵـک لـەم ژیانـەدا کۆتایـی پێنایـەت و ناتوانیـن جڵەوگیـری بکەیـن.

پێویسـتە پیـران بەرگـری و پێشـگیری بکـەن لـەوەی بکەونـە نێـو ئـەوەی تەنهـا بەڕێوەبـەری دەزگا بـن، لەبـری ئـەوە، پێویسـتە لەسـەریان پارێـزگاری بکـەن لـە ئاراسـتەکردنی کڵێسـا وەک کۆمەڵێـک بـاوەڕدار بـەرەو پێگەیشـتن لـە مەسـیحدا. وە بـۆ یارمەتیـدان لـە هێنانـەدی ئەمـە، پێشـنیارت بـۆ دەکـەم کـە بـۆ گفتوگـردن لـە کۆبوونـەوەی داهاتـووی پیـران پرسـیارێک یـان دوو پرسـیار لـەم جـۆرە پرسـیارانەی خـوارەوە بکەیـت بـۆ خشـتەی کارەکان:

- ئـەو ئامرازانـە چیـن کـە یارمەتـی کڵێسـاکەمان دەدەن تاکـو زیاتـر ڕەنگدانـەوەی عیسـای هەبێـت؟ وە ئـەم ئامرازانـە چیـن کـە یارمەتیـمان نـادەن بـۆ ڕەنگدانـەوەی عیسـا؟
- ئایـا ململانـێ هەیـە لـە کڵێسـادا چارەسـەر نەبووبێـت؟ ئایـا ئێمـەی پیـر دەتوانیـن کـرداری ئاشـتەوایی بەڕێـوە ببەیـن؟
- ئایـا هیـچ ئەندامێـک دەناسـین کـە لـە گوناهـی زەقـدا تێوەگلابێـت، یـان تەنانـەت سـەردانی کڵێسـا نـەکات؟ کـێ پەیوەندییـان پێـوە دەکات؟
- چیـن ئـەو سـیپارانەی کتێبـی پیـرۆز یـان بـاوەڕە یەزدانناسـییەکان کـە ئەندامانـی کڵێسـاکەمان پێویسـتە لـە ساڵی داهاتـوو بیخوێنـن؟ وە بۆچـی؟
- ئایـا ئەندامانـی کڵێسـاکەمان چۆنیەتـی جاڕدان بۆ کەسانی دیکـە و بەقوتابیکردنیان دەزانـن؟ ئایا ئەمـە دەکەن؟
- ئایا ئێمە کڵێسایەکی نوێژخوێنین؟

---

i Colin Marshall and Tony Payne, The Trellis and the Vine: The Ministry MindShiftThat Changes Everything (Kingsford, NSW, Australia: Mattias Media, 2009).

## ◌ ڕادەستکردنی بەرگەکە

کاتێک عیسا بۆ ئاسمان بەرز بووەوە، ئەم ڕێنماییانەی کۆتایی دایە قوتابییەکانی:

«بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن، فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون. دڵنیابن من هەمووڕۆژێک لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمان» (مەتا ٢٨: ١٩، ٢٠).

عیسا قوتابییەکانی ڕاسپارد ئەوە بکەن کە بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردوو خۆی لەگەڵیان دەیکرد. قوتابییەکانی کۆ کردەوە، جیای کردنەوە، وای لێکردن گەشە بکەن لە ڕێگای فێرکردنی ڕاسپاردەکانییەوە؛ شوانە دڵسۆزەکە تەنها ژیانی نابەخشێت لە پێناوی ئەم مەڕانەدا بەڵکو لە نێویشیاندا دەژییێت و دەیانگۆڕێت. عیسا قوتابی دروست کرد: خەڵکی خۆشیانویست، گوێڕایەڵی بوون، باسی ئەویان بۆ خەڵکی دیکە دەکرد.

ئێستا دەبینین عیسا ئەم قوتابیانە دەنێرێت بۆ ئەوەی کەسانی دیکە بکەنە قوتابی. لەپاش ئەمە، نێردراوەکان بەرگی شوانایەتییان لە عیسا وەرگرت و بانگهێشتی زیاتری خەڵکییان کرد لە شوێنکەوتوانی عیسا، وە خستیاننە نێو کڵێساکان، وە لە ڕێگای فێرکردنیانەوە یارمەتییان دان بۆ گەشەکردن.

لەدوای ئەوەی نێردراوان ئەم کڵێسا نێوخۆییانەیان دامەزراند کە پێکهاتبوون لە قوتابییان، قوتابییەکانی لەلایەن خۆیانەوە بەرگی خزمەتی شوانایەتییان ڕادەست کرد لەسەر بنەمای پەیوەندییەکان لەگەڵ خەڵک و بە ئامانجی پێگەیاندنیان. ئەم بەرگەیان ڕادەستی کێ کرد؟

ڕادەستی پیرانی کڵێسایان کرد!

# بەشی سێیەم
# خزمەتی وشەکە بکە

پێم وایە پیرەکان حەپەسابوون.

لـە کۆنگـرەی سـاڵانەی پیـران کۆبووینـەوە بـۆ گفتوگۆکردنـی ئامانجەکانمـان بـۆ سـاڵی داهاتـوو، وە بـۆ پێداچوونـەوەی وەسـفی ئەرکـی پلـەی چاودێـر بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆز. کاتێـک بابەتـی فێرکـردن وروژێـنرا، ئـەم ئالنگارییـەم خسـتە بـەردەم ئامادەبـووان: «دەمەوێـت لـە کاتێکـدا لـەم سـاڵە دوو لـە پیـرەکان لـە بەیانـی ڕۆژانـی یەکشـەمە وتـار بـدەن».

لەگـەڵ ئـەوەی هەندێـک لـە پیرانـی پـارت تایـم لـە هەندێـک کڵێسـادا وتـار دەدەن، بـەڵام لـە کڵێسـاکەی ئێمـە هـەردەم وتارەکانـی ڕۆژانـی یەکشـەمە لەلایـەن ئـەو شـوانانەوە بەڕێـوە دەچێـت کـە پـارە وەردەگـرن. کڵێسـا پەنـای بـۆ وتاردانـی پـارت تایمـەکان نەدەبـرد تەنهـا لـە کاتـی لەنـاکاوی نەبێـت. لەبـەر ئـەوە شـتێکی چاوەڕوانکـراو بـوو کـە پیـرەکان کاردانـەوەی سەرسـوڕهێنەریان هەبێـت بـۆ ئـەو ئاڵنگارییەکـەی لەبەردەمیـان دامنـا، وە چـاوەکان زەقبوونـەوە، لەگـەڵ پێکەنینێکـی شـاراوە و لـە ناخـدا پەسـت.

جگـە لـەوەی مـن هەوڵـم نـەدەدا کـە شـتێکی نابەجـێ بکـەم، هەمـوو ئـەوەی هەبـوو مـن دەمویسـت سـەرنجیان ڕابکێشـم بـۆ بانگهێشـەکەیان بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆز بـۆ فێرکردنـی وشـەی خـودا. ئەگـەر پیـرەکان شـوانایەتی مێگەلـی عیسـا بکـەن، یەکـەم ئەرکـی سـەرەکییان تێرکردنـی دەروونـی ئەندامانـی کڵێسـایە بـە وشـەی خـودا؛ بەبـێ خـواردن، مـەڕەکان لاواز دەبـن، وە دەمـرن، بەبـێ ناندانێکـی ڕێکوپێـک لـە ڕێـگای فێرکردنـی کتێبـی پیـرۆزەوە، بـاوەڕداران لـە ڕووی ڕۆحییـەوە برسـی دەبـن.

فێرکـردن لـە هـەر ڕۆڵێکـی دیکـە زیاتـر نیشـانەیەکە کـە پیرانـی کڵێسـای نێوخۆیـی پـێ جیادەکرێتـەوە. لـە بەشـی یەکەمـی ئـەم کتێبـەدا بینیـمان کـە پیرانـی شایسـتە هـەر دەبێـت توانـای فێرکردنیـان هەبێـت (یەکـەم تیمۆسـاوس ٣: ٢). شـایانی تێبینیکردنـە کـە شایسـتەییەکانی پیـران و خزمەتـکاران کـە پۆڵـس باسـی کـردووە لـە (یەکـەم تیمۆسـاوس ٣) لـە دوو لیسـتی هاوشـێوەن جگـە لـە یـەک جیـاوازی ڕوون: پێویسـتە پیـران توانـای فێرکردنـی وشـەی خودایـان هەبێـت، لـە کاتێکـدا لـە خزمەتـکاردا ئـەم مەرجـە داواکـراو

نییـە. پیـران و خزمەتـکاران پێویسـتە لـە هەمـان ئاسـتدا هاوشـێوەی مەسـیح بـن، بـەڵام تەنهـا پیـران پێویسـتە کـە لێهاتویـی ڕاڤەکردنـی کتێبـی پیـرۆز و جێبەجێکردنیـان هەبێـت.

لـە بەشـی دووەمـدا لـەو ڕاسـتییەدا ڕامایـن کـە پیـران شـوانن. کاتێـک پۆڵـس لیسـتێکی ئەرکـە جیاوازەکانـی نووسـی کـە عیسـا بـە کڵێسـای بەخشـیوە، ئەرکـی شـوانایەتی و ئەرکـی فێرکردنـی تێکـەڵ کـرد: «مەسـیح بـە هەندێکـی دا ببنـە نێـردراو، هەندێـک پێغەمبـەر، هەندێـک مزگێنیـدەر، هەندێـک شـوان و مامۆسـتا» (ئەفەسـۆس ٤: ١١).

لێـرەدا تێبینـی دوو شـت بکـە. یەکـەم: هەمـوو خاوەنێکـی ئـەم ئەرکانـە وشـەی خـودا دەگەیەنـن. هـەروەک نێردراوانـی شـایەتحاڵ وشـەکانی عیسـا و کردارەکانـی ڕادەگەیەنـن و تۆمـاری دەکـەن. پێغەمبەران ڕاسـتەوخۆ لە خـوداوە وشـەکانی ڕادەگەیەنـن، مزگێنیدەرەکان لەسـەر هەمـان ئـاواز و راسـتەوخۆ مزگێنـی ئینجیـل بـڵاو دەکەنـەوە. شـوانەکان باوەڕدارانی کڵێسـا نێوخۆییـەکان فێـر دەکـەن. ئەمـەش دەمانبـات بـۆ تێبینـی دووەم. وشـەکانی «شـوان و مامۆسـتا»، لـە ئایەتـی یـازدە پێکـەوە هاتـوون. لـە زمانـی یۆنانیـدا، یـەک ئامـرازی پێناسـاندن بـۆ هـەردوو نـاو دانـراوە، کـە ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی نـاوەکان هەریەکـە وەسـفی ئـەوەی دیکـە دەکات. بـەو شـێوەیە، دەربڕینـی «شـوان و مامۆسـتا» ئامـاژە نییـە بـۆ دوو ئـەرک بەڵکـو بـۆ یـەک ئـەرک، واتـا: ئەرکـی «شـوانی مامۆسـتا».

## ◌ حوکمی خودا بە وشەکەی خۆی

لـەو ڕاسـتییەی کـە خـودا دەیەوێـت پیـران گەلەکـەی فێـر بکـەن نابێـت تووشـی شـتێکی کتوپـڕ و سەرسـوڕمان بیـن. خـودا بـە وشـەکەی حوکمـی گەلەکـەی خـۆی دەدات؛ بۆیـە، خـودا هـەردەم ڕابەرانـی گەلەکـەی کردووەتـە بریـکاری گەیاندنـی وشـەکەی.

خـودا بەڵێنەکانـی خـۆی بـە ئیبراهیـم و ئیسـحاق و یاقـوب داوە، ئەوانـەی کـە ڕۆڵـی خۆیـان سـەرکردایەتی هۆزەکەیـان کـردووە بـۆ متمانەکـردن بـەو بەڵێنانـە و گوێڕایەڵـی خـودا.

هـەروەک خـودا وشـەی پەیمانـی دایـە موسـا، کـە بـە ڕۆڵـی خـۆی هەسـتا و گەلـی ئیسرائیلـی فێـر کـرد (دواوتـار ٤: ١). وە موسـا فەرمانـی بـە باوکانـی گەلـی ئیسـرائیل کـرد کـە منداڵەکانیـان بەڕێـوە ببـەن و فێـری شـەریعەتیان بکـەن (دواوتـار ٤: ٩؛ ٦: ٤-٢٥). وە ئـەم فەرمانـە دووبـارە بـووەوە بـۆ باوکانـی بـاوەڕدار لـە کڵێسـا (ئەفەسۆس ٦: ٤). کاهینـان

لـە ئیسرائیـل تەنهـا قوربانییـان نەدەکـرد، بەڵکـو گەلیشـیان فێـری فەرمانەکانـی خـودا دەکـرد (لێڤییـەکان ١٠: ١٠، ١١؛ دووەم پوختـەی مێـژوو ١٠: ٣؛ ١٧: ٧-٩). خـودا ڕێنوێنـی گەلەکـەی کـرد و بەهێـزی کـردن بـە ناردنـی پێغەمبـەران کـە ڕایاندەگەیانـد: «یـەزدان ئـاوا دەڵێـت». تەنانـەت پاشـای ئیسرائیـل، لێـی چـاوەڕێ دەکـرا کـە بـە ڕژدی شـەریعەتی خـودای خوێندبێـت (دواوتـار ١٧: ١٨-٢٠).

ئینجـا عیسـا شـوانە دڵسـۆزەکەمان بـوو، یەکەم وتاربێـژی توانـادار و گرنگترینیـان. کاتێک عیسـا خەڵکەکـەی بینـی: «دڵـی پێیـان سـووتا، چونکـە وەک مـەڕی بـێ شـوان وابـوون، هەر بۆیـە دەسـتی کـرد بـە فێرکردنیـان بـە زۆر شـت» (مەرقـۆس ٦: ٣٤). چـوار ئینجیلەکـە پـڕن لـە نموونەکانـی عیسـا، ڕاڤەکردنەکانـی، وتارەکانـی، گفتوگۆکانی. عیسـا وشـەی بەجەسـتەبووە (یۆحەنـا ١: ١، ٤)، ئـەوەی کـە هەمـوو فەرمایشـتەکانی پەیمانـی کۆنـی تـەواو کـرد (مەتـا ٥: ١٧؛ لۆقـا ٢٤: ٢٥-٢٧، ٤٤-٤٧)، بـە درێژایـی مـاوەی خزمەتـە گشـتییەکەی لەسـەر زەوی وشـەی خـودای لـێ دەڕژایـەوە.

لـەدوای هەسـتانەوەی عیسـا، فێرکـردن و خزمەتـە جاڕدانەکـەی گواسـتەوە بـۆ نێـردراوان (مەتـا ٢٨: ١٩، ٢٠). هـەروەک ئینجیلـەکان پـڕن لـە فێرکردنـی عیسـا، بـە هەمـان شـێوە سـیپارەی کـرداری نێـردراوان و نامـەکان پـڕن لـە فێرکردنـی نێـردراوان. نێـردراوان کەسـانی دیکەیـان بـە قوتابـی کـرد لـە ڕێـگای وتارەکانیانـەوە و ئـەو قوتابییانەیـان خسـتبووە نێـو کڵێسـا، وە پیرانیـان بـۆ هەمـوو کڵێسـاکان دانـا و بـە فێرکردنـی نێـردراوان پەیمانیـان پێـدان (کـردار ١٤: ٢٣).

سـاتێک ڕاوەسـتە، لـە خۆشـی ئـەم شـتە ڕامێنـە. عیسـا زینـدووە، وە لـە ئاسـمان پاشـایەتی دەکات، وە فەرمانڕەوایـی کڵێسـاکەت دەکات. وە لـە کڵێسـاکەت پەیـڕەوی لـە دەسـەڵاتی پاشـایانەی دەکات لـە ڕێـگای کتێبـی پیـرۆزەوە. وە مێگەلەکـەی ئێسـتا گوێڕایەڵی دەبـن بـە گوێڕایەڵییـان بـۆ کتێبـی پیـرۆز. بۆیـە، ئەگـەر تـۆ پیریـت و بـە سەرڕاسـتی وشـەی خـودا فێـری خەڵـک دەکەیـت، ئـەوا عیسـا بـە دەسـەڵاتی لەسـەر مێگەلەکـەی خزمەتـی وشـەکەی خـۆی دەکات، لـە ڕێـگای ئـەو فێرکردنـەی تـۆ پێشکەشـی دەکەیـت.

### ◌ بەشداربوون لە فێرکردندا

لـە ڕووی کردارییـەوە، ئـەم چەمکـە چ کاریگەرییەکـی لەسـەر پیـران هەیـە؟ کاریگـەری ئەمـە چییـە لەسـەر وەسـفی ئەرکـی پیـر؟ پێـم وایـە کـە دوو کاریگـەری هەیـە. پێویسـتە

کاریگەری یەکەم ڕوون بێت: پێویستە پیران بەشداری بکەن لە خزمەتی فێرکردن لە کڵێسادا. ئەگەر تۆ پیریت، ئەوا پێویستیت بەوەیە خەریک بیت بە ڕاڤەکردنی کتێبی پیرۆز و ڕوونکرنەوەی.

لەگەڵ ئەوەدا، زۆر جار پیران خۆیان بە دوور دەگرن لە فێرکردن. تەنانەت ئەو پیرانەش کە شایستە و توانادارن بۆ فێرکردنی وشەی خودا لەو دەرفەتانە پاشگەز دەبنەوە کە بۆ فێرکردن بۆیان دەڕەخسێت. ئەمەش بە چەند هۆکارێک ڕوودەدات، لە هەموویان بەربڵاوتر ئەوەیە کە هەست دەکەن توانای ئەوەیان نییە. پیرانی پارت تایم توانا سروشتییەکان و ئەزموونەکانیان لە فێرکردن و مەشقی یەزدانناسی بەراورد دەکەن بە تواناکانی ئەو شوانانەی کە پارە وەردەگرن، وە هەندێک جار لە ئەنجامی ئەوەدا تووشی شکست دەبن. ئەوان پێیان وایە: ”چی وا دەکات ئەندامانی کڵێسا حەز بکەن گوێبگرن لە کەسێکی ئارەزوومەندی وەکو من، لە کاتێکدا لە تیمەکەدا وتاربێژ و مامۆستای شارەزایان هەیە؟“ سەرباری ئەوە، زۆر جار چاودێرانی پارت تایم چەندین کاتژمێر لە دەرەوەی کڵێسا کار دەکەن، بۆیە کاتی پێویستیان کەمە بۆ ئەوەی وانەکانیان ئامادە بکەن. کێ حەز دەکات کە خۆراکێکی ناتەواو بداتە مەڕەکان؟

بەڵام، ئەگەر تۆ پیریت، ئەوا تۆ مامۆستایت، بۆیە ڕێ مەدە ئەم مەترسی و شکستانە ڕێگریت لێبکات لە ئەنجامدانی خزمەتی فێرکردن. لەبری ئەوە، هان بدرێ و بانگهێشتکراویەکەت تەواو بکە بە بەکارهێنانی باشترین تواناکانت.

هان بدرێ بەوەی کە فێرکردن لە زۆر شوێنی جۆراوجۆر ڕوودەدات. تەنها وتاری بەیانی ڕۆژی یەکشەمە نییە. پیران دەتوانن کە خۆراک بە مێگەل بدەن لە کۆبوونەوەی گەورە یان لە قاڵبی زۆر کەسییدا. دەتوانیت لە پۆلی قوتابخانەی ڕۆژانی یەکشەممە کتێبی پیرۆز فێری خەڵک بکەیت، یان بۆ کۆمەڵێکی بچووک لەماڵەوە یان لە قوتابخانەی هاوینەی منداڵان، یان بۆ یەک کەس لە پەیوەندی مامۆستا بە قوتابییەکەی. بەدوای فێرکردندا بگەڕێ لە هەر شوێنێک لە کڵێسادا و بڕۆ بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی.

کۆمەڵی باوەڕداران لە کڵێساکەمان کۆمەڵێکی بچووکی خەڵکی کەمبۆدیایی لەخۆ دەگرێت. وە لە ماوەی نێوان ١٩٨١ و ١٩٨٢، چەند ئەندامێکی کڵێسا بڕیاریان دا خۆبەخش یارمەتییان بدەن بۆ هاتنیان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی قەیرانی پەنابەرانی کەمبۆدیاییەکان. زۆر لەم کەسە کەمبۆدیاییانە باوەڕیان هێنا و

بوونە ئەندامـی کڵێسـا. لـە پۆلـی خوێندنـی کتێبـی پیـرۆز لـە ڕۆژانـی یەکشـەممە بـە زمانـی خمـری ئامـادە دەبـوون کـە زمانـی فەرمـی کەمبۆجیایـە. چەندیـن سـاڵ کاریگـەر بـووم بـە بینینـی پیـران کـە لـە ڕێـگای وەرگێـڕی ڕاسـتەوخۆ ئـەم پۆلانەیـان فێـر دەکـرد؛ پیـرەکان درکیـان بـە پێویسـتییەکان دەکـرد، بەربەسـتی ڕۆشـنبیری و زمانیـان تێپەڕانـد بـۆ ئـەوەی خۆراکـی مێگەلەکـە بـدەن.

هەروەهـا هـان بـدرێ بـەو ڕاسـتییەی کـە بەهـرەی فێرکـردن لـە کۆمەڵێکـی جیـاواز لـە خاڵـی بەهێـز و هەڵسـوکەوتەوە دێـت. ئەگـەر توانـای ئـەوەت نییـە کـە سـەرنجی جەماوەرێکـی گـەورەی بـاوەڕدار بوروژێنـی و وایـان لێبکەیـت بـۆ مـاوەی چـل و پێنـج خولـەک لەنێـو قسـەکانی تـۆ نقـووم بـن، ئەمـە واتـای ئـەوە نییـە پێویسـتە کـە واز لـە بانگهێشـتییەکەت بهێنیـت بـۆ ئـەوەی ببیتـە مامۆسـتا. واز لـە بـەراوردی نەزۆکانـە بهێنـە، وە بیـر لـەوە بکـەوە چـۆن بەهـرەکان و ئەزموونەکانـی ژیـان و ئـەو کەسـایەتییەی بەکاربهێنیـت کـە خـودا پێـی بەخشـیویت.

مایـکڵ یەکێـک بـوو لـە ئەندامانـی کڵێسـاکەم، هەسـتی بـە گرنگیدانێکـی زۆر دەکـرد بـەو پیاوانـەی کـە چەندیـن سـاڵ بـوو لـە شکسـتدا بـوون بەهـۆی داوکەوتنیـان بـە گوناهـی ئاڵوودەبوونـی هەمەچەشـن. وە هـۆکاری گرنگیدانـی لـە بنەڕەتـدا ئـەوە بـوو کـە عیسـا ڕزگاری کردبـوو لـە گوناهـی ئاڵوودەبـوون و بەهێـزی کردبـوو. بـەو شـێوەیە، خوێندنـی کتێبـی پیـرۆزی ڕێکخسـت سـەبارەت بـە جۆرەکانـی ئاڵوودەبـوون. مایـکڵ بەرنامەیەکـی چارەسـەری یـان چاکبوونـەوەی بەکارنەهێنابـوو، بەڵکـو تەنهـا فێـری کتێبـی پیـرۆزی دەکـردن. بـەڵام ئەزموونـی لـە ژیـان، وە هـاودەردی کـردن وای لێکردبـوو توانـای پەیوەنـدی هەبێـت لەگـەڵ ئـەم پیاوانـەی کـە لەگـەڵ ئاڵوودەبـوون لـە ململانێـدا بـوون، بـە ڕێگایەکـی جیـاواز لـەو ڕێگایـەی کـە مـن لـە وتارەکانـم دەیگرمـە بـەر لـە ڕۆژانـی یەکشـەممەدا. مایـکڵ تەنانـەت یەکێـک نەبـوو لـە پیـران، بـەڵام نموونەکـەی پیشـانمان دەدات چـۆن خـودا ئەزموونـە جۆراوجۆرەکانـی ژیانمـان بەکاردەهێنێـت بـۆ فێرکردنـی وشـەکەی.

لـە کۆتاییـدا، هـان بـدرێ بـەو ڕاسـتییەی کـە مامۆسـتایانی کتێبـی پیـرۆز دەکـرێ چاکـتر بـن. پێویسـتە هەمـوو مامۆسـتایەک پەیـڕەوی لـە ڕێنماییەکانـی پۆڵـس بـکات بۆ تیمۆسـاوس:

> «هەتـا دێـم بایـەخ بـە خوێندنـەوەی گشـتی نـووسراوە پیـرۆزەکان و وتـاردان و فێرکـردن بـدە. ئـەو بەهرەیـەی لـە تۆدایـە پشـتگوێی مەخـە، ئـەوەی بـە پێشـبینی وەرتگرتـووە کاتێـک پیرانـی کڵێسـا دەسـتیان لەسـەر

دانایـت. بایـەخ بـەم شـتانە بدە، هەمـوو توانای خۆتـی تێـدا بەکاربهێنە،تاکو پێشـکەوتنت بـۆ هەمـووان دەربکەوێـت» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٤: ١٣-١٥).

خـودا داوا لـە مامۆسـتایان دەکات بـۆ ئـەوەی پێش بکەون و گەشـە بسـێنن نـەک ئەوەی کـە تـەواو و کامـڵ بـن. خـۆت بـە مامۆسـتایانی دیکـە بـەراورد مەکـە؛ بەڵکـو فێرکردنەکـەت بـەراورد بکـە بـە سـاڵی ڕابـردووت یـان پێنـج سـاڵی ڕابـردوو، وە هـەوڵ بـدە بـۆ باشـتربوون. ئێمـە باشـتر دەبیـن کاتێـک «پەیـڕەوی لـەو شـتانە دەکەیـن» (یـان «خوێندنـەوە، وتـاردان، فێرکـردن»)، وە کاتێـک «پێیانـەوە پەیوەسـت دەبین»).

بۆیـە دەرفەتـی فێرکـردن بقـۆزەوە. خـۆت هـان بـدە. ئەگـەر پیاوانێکـی مەشـقکار دەناسـیت لەوانـەی لـە کڵێسـاکەتدا شـارەزایی یەزدانناسـییان هەیـە، داوایـان لـێ بکـە ڕێنوێنیـت بکـەن بـۆ کتێبـی سـوودبەخش لـە پێنـاوی بەهێزکردنـی ئـەو لایەنانـەی لـە زانیـاری کەمـت هەیـە. وە داوا لـە مامۆسـتایان و پیرانـی دیکـە بکـە کـە گـوێ لـە وانەبێژییەکانـت بگـرن و بـە ڕاو و سـەرنجەکانیان لەبارەیـەوە ئامۆژگاریـت بکـەن.

ئەگـەر شـوانی کڵێسـاکەت کـە هەمـوو ڕۆژانـی یەکشـەممە وتـار دەدات لێـت بپرسـێت ئاخـۆ حـەز دەکەیـت ڕۆژی یەکشـەممە وتـار بدەیـت، سەرکێشـی بکـە و بڵـێ: «بەڵـێ!»

## ◌ پارێزگاری لە فێرکردنەکان بکە

فێرکردنەکانـی پیرانـی کڵێسـا لایەنێکـی دیکـەش لەخـۆ دەگرێـت. چاودێـر نـە تەنهـا بەشـداری لـە فێرکـرن و وتاردانـدا دەکات، بەڵکـو دەبێـت کڵێسـا لـە فێرکردنـی هەڵـە بپارێزێـت. پێویسـتە لەسـەری لـە مەیدانـی بیروبـاوەڕدا بـە دوو ڕۆڵ هەڵبسـتێت، ئـەو دەبێـت فێرکردنەکانـی خـۆی بـە کردەوەیـی جێبەجـێ بـکات و پارێـزگاری لـەو فێرکردنانـە بـکات: «دەسـت بـە پەیامـی متمانـەوە بگرێـت کـە بەگوێـرەی فێرکردنـە، تاکـو بتوانێـت بـە فێرکردنـی دروسـت خەڵـک هانبـدات، سەرزەنشـتی بەرهەڵسـتکاران بـکات» (تیتـۆس ١: ٩).

نەریتـی ئاژەڵـە دڕنـدەکان ئەوەیـە کـە مـەڕ بکەنـە نێچیـر، وەک چـۆن شـوانەکان بەرپەرچـی شـێر و گـورگ دەدەنـەوە، بـە هەمـان شـێوەش پیـران، پێویسـتە لەسـەریان بەرپەرچـی مامۆسـتایانی درۆزن بدەنـەوە. پۆڵـس هۆشـداری دایـە پیرانـی ئەفەسـۆس و دەڵێـت:

«دەزانـم پـاش ڕۆیشـتنم گورگـی ڕفێنـەر دێنـە ناوتـان، بەزەییـان بـە مێگەلەکـە نایەتەوە.

هەروەها لەنێو خۆتاندا خەڵکانێک پەیدا دەبن کەڕاستیی دەشێوێنن، تاکو قوتابییەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. بۆیە ئێشک بگرن، لە بیرتان بێت بۆ ماوەی سێ ساڵ شەو و ڕۆژ بە فرمێسکەوە نەوەستاوم لە ئاگادارکردنەوەی هەریەکێکتان» (کرداری نێردراوان ٢٠: ٢٩-٣١).

دەبێ پۆڵس ترسێکی تایبەتی هەبووبێت لە فێرکردنی هەڵە لە ئەفەسۆسدا؛ چونکە لە نامە بۆ کڵێسای ئەفەسۆس دووبارە جەختی کردووەتەوە لەسەر گرنگی خزمەتی فێرکردنی شوانایەتی بۆ ئەوەی باوەڕداران گەشە بکەن و بچەسپێن لەبەرامبەر تەوژمەکانی فێرکردنی درۆیین و چەواشەکارییەکانی. کاتێک فێرکردنی ڕاستەقینە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، «بۆ ئەوەی لەمەولا ساوا نەبین، شێواو و هەڵگیراو بە هەموو بایەکی فێرکردن، بە فێڵی خەڵکی، بە مەکر بەرەو چەواشەی تەڵەکەبازی» (ئەفەسۆس ٤: ١٤).

## ◌ ستراتیژییەکانی بەردەوامی ئێشکگری

بەرگریکردن لە دژی فێرکردنی درۆیین پێویستی بەئاگابوونە. پیران پێویستیان بە وریایی هەیە لەو کەسانەی یان ئەو بیرۆکانەی کە ڕەنگە ئینجیل بشێوێنێت یان واتای کتێبی پیرۆز بگۆڕێت. لە خوارەوە باسی سێ خاڵی ستراتیژی دەکەین بۆ بەردەوامی لە ئێشکگری بۆ پاراستنی مێگەلەکەت:

## ◌ ئاگاداربوون لە بارودۆخ

دەست بکە بە تێگەیشتن لە ژینگەی ڕۆحیت. زانیاری پەیدا بکە سەبارەت بەو بیروباوەڕ و فەلسەفە و ئایینانەی لە کۆمەڵگاکەتدا هەیە. ئایا گەلەکەت پەیوەستن بە یەکێک لە ئایینە گەورەکان؟ ئایا لە شارەکەت لایەنێکی مەزهەبی بەهێز هەیە؟ فێری فێرکردنە بنەڕەتییەکانی ئەو کۆمەڵانە ببە، بە تایبەتی کاتێک پێچەوانەی ئینجیل و ڕاستی کتێبی پیرۆزە.

ئەی چی سەبارەت بە دین و مەزەبە جیاوازەکان؟ ئایا ڕێنوێنیی مەزەبەکان سەرکەوتوو بوون، وەکو: خۆشەویستی جیهان، تاکگەرایی، ئاقڵانەیی، یان ڕێژەیی لە هزری خەڵک لەو شوێنەی کە تێیدا دەژیت؟ ئاساییە کە کەسانێک دێنە کڵێساکەت ئەم بیروباوەڕانەیان هەیە، بەگوێرەی ئەم مەزەبانە کاری خۆیان لە کڵێسا دەکەن، تەنانەت بەبێ ئەوەی درکیشی پێ بکەن. مکوڕ بە لەسەر ئەوەی لە فێرکردن و

گفتوگـۆت هۆشـداری بدەیـت سـەبارەت بـەم بینینـە گەردوونییانـە.

بەئـاگا بـە، بـە تایبەتـی لـە هەوڵـە چالاکەکانـی گۆڕینـی ئینجیـل لـە کڵێسـاکانی دەوروبـەرت، تەنانـەت لـە کڵێسـاکەی خۆشـتدا. ئەمـە زۆر شـت دەگرێتەوە، وەکـو: ئینجیلی سـامان و تەندروسـتی، یـان یەکتایـی کـراوە[ژ]، یـان شـوێنکەوتنی پیتەکانـی شـەریعەت، یـان لیبراڵیەتـی بـێ یەزدانناسـی. ئایـا کەسـایەتییە کاریزماییەکانـی هەرێمایەتـی شـوێنکەوتەی نوێیـان دەبێـت بـۆ فێرکردنـی ئینجیلێکـی سـووککراو یـان سـاختە؟ دەکـرێ هەمـوو ئـەم فێرکردنانـە زیـان بـە مێگەلەکـەت بگەیەنێـت.

## ◌ چاودێری کرداری بەئەندامبوون بکە

لـە کاتێکـدا ئاسـۆی ناوچـەی کڵێسـا نێوەخۆییەکـەت دەپشـکنیت، لـە یـادی مەکـە کـە پارێـزگاری بکەیـت لـە دەروازەی پێشـەوەی پشـتیری مـەڕەکان. کێـن ئەوانـەی دەبنـە ئەندامـی کڵێسـاکەت؟ ئایـا ئەندامـە نوێیـەکان فێرکردنـی کڵێسـاکەت دەزانـن؟ ئایا لەگەڵـی هـاوڕان؟ ئایـا تـۆ لەمانـەدا دڵنیایـت؟

کـرداری بەئەندامبـوون بـە ڕێگایەکـی درێـژدا دەڕوات بـۆ پارێزگاریکردنـی کڵێسـاکەت لـە فێرکردنـی درۆییـن. پێویسـتە ئەوانـەی کـە دەیانەوێـت ببنـە ئەندامـی کڵێسـاکەت گوێیـان لەمـە بێـت کـە کڵێسـاکەت بـاوەڕی پێـی هەیـە بـەر لـەوەی ببنـە ئەنـدام تێیـدا. مـن پیرانـی کڵێسـاکەم بـە درێژایـی چەندیـن سـاڵ لـەوە تێگەیشـتین کـە هەندێـک ئـاکاری یەزدانناسـی تایبەتـی کڵێسـاکەمان دەبێتـە هـۆی دڵگەرمـی زیاتـر بـۆ هەندێـک کـەس زیاتـر لـە کەسـانی دیکـە. ئـەم تایبەتمەندییانـە لەمانەدایـە: لەئاوهەڵکێشـانی بـاوەڕداران، یەزدانناسـی ڕیفـۆرم، وە پێویسـتی ئـەوەی کـە پیرانـی کڵێسـا دەبـێ لـە ڕەگـەزی نێـر بـن. لەبـەر ئـەوە بـە ئەنقەسـت ئـەم بیروباوەڕانـە لـە وانەکانـی بەئەندامبـوون دەوروژێنیـن کـە پێشکەشـی دەکەیـن. ئەگـەر یەکێـک لـە ئامادەبووانـی وانـەکان وازی لـە ئەندامێتـی هێنـا، وە بـە هـۆی ئـەم بیـروڕا باوەڕییانـە وازی لـە کڵێسـا هێنـا، ئـەوا بـۆ ماوەیەکـی زۆر نەرمونیـان بوویـن بەرامبـەری.

پێویسـتە بزانیـت کـە ئەوانـەی دەیانەوێـت ببنـە ئەنـدام باوەڕیـان بـە چـی هەیـە. بیخـە

---

ژ یەکتایـی کـراوە باوەڕێکـە بـەوەی کـە خـودا بـە ڕێگایەکـی تۆکمـە و ورد جڵەوگیـری گـەردوون نـاکات، بـەڵام شـتەکە بـە کراوەیـی بەجێدەهێڵێـت بـۆ مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی بـژاردە گرنگەکانـی هەبێـت (ئـاوادی خواسـت) کاریگـەری هەیـە لەسـەر ڕووداوە مێژوویـی و داهاتووییـەکان. بەگوێـرەی ئەمـە، خـودا بـە شـێوەیەکی گشـتی داهاتـوو نازانێـت. وەرگێـڕ

بەرنامەتەوە کە پیران و داواکارانی بەئەندامبوون چاوپێکەوتنیان هەبێت. ڕاستەوخۆ لە خەڵک بپرسە داخوا لە هەڵوێستەکانی بیروباوەڕی کڵێسا تێدەگەن و لەگەڵی هاوڕان. هەندێک کڵێسا داوا لە ئەندامانی نوێ دەکەن کە ڕاگەیەنراوی بیروباوەڕی کڵێسا واژۆ بکەن بۆ دانپێدانانی ڕەزامەندییان بە پەیوەستییەکانی یەزدانناسی بۆ کۆمەڵی باوەڕداران.

پێویست بەوە ناکات ئەمە بڵێم، بەڵام بەهەرحاڵ دەیڵێم، هەرگیز ڕێ مەدە بە کەسێک کە ئەندامی کڵێسا نەبێت و ڕۆڵێکی فێرکاری ڕێکخراوی هەبێت لەنێو کۆمەڵی باوەڕدارانی کڵێساکەت.

## ◌ چاودێری خزمەتەکانی کڵێساکەت بکە

ئایا دەزانیت کڵێساکەت چی فێری ئەندامانی دەکات؟ دەسەڵاتی خۆت وەک پیر بەکاربهێنە بۆ چوونە نێو وانەکان و دانیشتن لە وانەکانی گەنجان یان لە ڕیزی دواوەی کۆبوونەوەی خانمان دابنشە. لە کۆبوونەوەی قوتابخانەی ڕۆژانی یەکشەممە چەند جارێک دەستی هاوکاری درێژ بکە. ئەم جۆرە خۆراکە ڕۆحییە چییە کە گەلەکەت هەیەتی؟ ئایا ئەو فێرکردنەی پێشکەش دەکرێت دەکرێ وا دابنرێت ئینجیلێکی تەواوە یان ئینجیلێکە لە ڕووی یەزدانناسییەوە گەندەڵە؟ بە گوێگرتنێکی جیاواز گوێ لەم مۆسیقایە بگرە کە لەنێو کۆمەڵی باوەڕداران دەژەنرێت. گۆرانییە ڕۆحییەکان چ پەیامێک سەبارەت بە خودا دەگەیەنن، یان سەبارەت بە ئینجیل، یان ڕزگاری؟ ئایا گۆرانییە ڕۆحییەکان پاڵپشتی بیروباوەڕەکەت دەکات یان تێکیدەدات؟

## ◌ لە کرۆکەوە ئەم چاودێرییە پەیڕەو بکە

شوانایەتی چاک دێتە دی کاتێک شوانەکان کەسەکان دەناسن. چی دەخوێننەوە؟ ئایا گوێگری چەند وتاربێژێکی تایبەتن لە ئەنتەرنێتەوە؟ ئەگەر ئەندامانی کڵێساکەت بە دڵگەرمییەوە ئاڵوگۆڕ بە کتێبێک دەکەن لەنێو خۆیان، ڕەنگە پێویست بکات کە تۆش بیخوێنیتەوە.

ئەگەر ڕابەری کۆمەڵێکی خوێندنی کتێبی پیرۆز، یان مامۆستایەک لە خزمەتی قوتابخانەی ڕۆژانی یەکشەممە، یان وانەبێژێک کە پێت وایە فێرکردنی ڕاستەقینە دەشێوێنێت، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ببەوە. ڕووبەڕووبوونەوە دوا مەخە نەوەک هەڵوێستەکە بەرەو هەڵکشان بچێت و بارودۆخەکە خراپتر ببێت.

هەڵوێستەکان لەخۆڕا چاک نابنەوە. نێردراوان قورسترین تۆمەتیان ئاڕاستەی مامۆستایانی درۆیین کردووە (دووەم پەترۆس ٢؛ دووەم یۆحەنا ٧-١١؛ یەهوزا ٥-١١)، وە عیسا هۆشداری داوە لە داهاتووی خراپی ئەو کڵێسایانەی کە دەبێتە خانەخوێیان (ئاشکراکردن ٢: ١٤-١٦، ٢٠-٢٣).

## ◌ جیاکردنەوەی بابەتی سەرەکی

گرنگترین شت کە پیران بتوانن بیکەن بۆ پارێزگاری لە فێرکردنی درۆیین زانینی ڕاستی ڕاستەقینەی کتێبی پیرۆزە؛ کاتێک پیر «دەست بە پەیامی متمانەوە بگرێت کە بەگوێرەی فێرکردنە»، ئەو کاتە «بتوانێت بە فێرکردنی دروست خەڵک هان بدات، سەرزەنشتی بەرهەڵستکاران بکات» (تیتۆس ١: ٩). چەواشەکاری و نیوە ڕاستی وەک پەتایە، بەڵام جگە لە یەک ڕاستی هیچی دیکە نییە. هەرچەندە زیاتری کتێبی پیرۆزت زانی، توانات زیاتر دەبێت بۆ جیاکردنەوەی ئەو فێرکردنە درۆیینانەی کە بە زەحمەت جیادەکرێتەوە.

ڕابەرانی یەکێک لە کڵێساکان هەستیان کرد کە شوانی کڵێسا لە ئینجیل لایداوە و دوورکەوتووەتەوە، شوانەکە زیرەک و زانیاری زیاتر بوو لە ڕابەرەکان، وادیارە کە توانیویەتی هەڵوێستەکانی خۆی بە گوێرەی کتێبی پیرۆز بسەلمێنێت. بەڵام سەرباری زۆری زانیارییەکەی، ئەم فێرکردنە نوێیە لەگەڵ ڕابەرانی کڵێسا نەگونجاوە؛ درکیان بەوە کردووە کە ئەم فێرکردنە جیاوازە لە پەیامی ڕاستگۆ کە فێری بوون، تەنانەت لەگەڵ ئەوەش کە لە چەلەحانێیەک لەگەڵ شوانەکەی کڵێسا نەیانتوانیوە سەرکەوتوو بن، هەرچەندەی کە نەیانتوانیوە بە وردی ئەو خاڵانە دیاری بکەن کە لێی لایداوە، ڕووبەڕووی ئەم شوانە بوونەوە، لە کۆتاییدا، شوانەکە وازی لە کڵێسا هێنا.

شتەکە پێویستی بە بەدەستهێنانی پلەی زانستی نییە لە یەزدانناسی بۆ پارێزگاریکردن لە بیروباوەڕی کڵێسا، بەڵام پێویستی بە بوێری و باوەڕ هەیە.

## ◌ درێژەدان بە فێرکردنەکان

ئەم بەشە هانی پیران دەدات بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە پێشکەشکردنی فێرکردنی ڕاست و پارێزگاریکردن لێی. بەڵام پێویستە بە کردار ئەمە بکەیت. لەڕاستیدا ڕەنگە مامۆستایەکی بە ئەزموون بیت، توانات هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە زۆر

ئاڵۆزەکانی یەزداناسی و زیرەکترین مامۆستای درۆیین لە کارکردن ڕابگریت. لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا کێشەیەکی دیکەی گەورە هەیە ڕووبەڕووی خزمەتە فێرکارییەکەت دەبێتەوە، ئەویش ئەمەیە: ڕۆژێک دەمریت.

کاتێک تۆ دەمریت، بە نیعمەتی خودا لەدوای خۆت چەندین باوەڕداری بەجێدەهێڵیت کە زۆر باش فێرکراون. بەڵام، ئایا لەپاش خۆت چەند مامۆستایەک بەجێدەهێڵیت کە ئەوەندە بەباشی مەشقپێکراون بۆ ئەوەی لەپاش تۆ مەشخەڵی فێرکردن هەڵبگرن؟ بەشێکی گرنگی فێرکردنی کڵێسا پێکدێت لە مەشقپێکردنی شوانە مامۆستاکانی داهاتوو، بەگوێرەی ئەوەی پۆڵس بە تیمۆساوسی گوت: «ئەوەی لەبەردەم چەندین شایەتدا لە منت بیستووە، بە خەڵکی دڵسۆزی بسپێرە کە لێهاتوو بن بۆ ئەوەی خەڵکی دیکەش فێربکەن» (دووەم تیمۆساوس ٢: ٢).

ئایا تێبینی پیاوێکت کردووە لە کڵێسا کە وا دیارە مامۆستا یان پیرێکی داهاتووە؟ بیر لە چاوپێکەوتنی بەردەوامی بکەوە بۆ خوێندنەوەی یەزداناسی یان خوێندنی کتێبی پیرۆز. یان بیر لەوە بکەوە وەک مەشقکار بیخەیتە پاڵ کۆمەڵی خوێندنی کتێبی پیرۆز لە ماڵەکەت یان لە وانەی کتێبی پیرۆز کە ڕۆژانی یەکشەممە لە کڵێسا پێشکەشی دەکەیت. لەگەڵیدا ئەو هەنگاوانەی پیشان بدە کە بۆ ئامادەکردنی وانەکان دەیگریتە بەر، وە دەرفەتێکی پێ بدە بۆ ئەوەی فێکردن پێشکەش بکات، پاشان ڕای خۆتی پێ بڵێ لەسەر ئەوەی پێشکەشی کردووە، ئینجا دووبارەی بکەوە.

### ◌ حازر و ئامادە بن

کێڤن یەکێک بوو لەو پیرانەی کە ئەم ئالنگارییەی قبووڵ کرد کە خرابووە بەردەمیان بۆ ئەوەی ڕۆژی یەکشەممە وتار بدەن. لەدوای ماوەیەکی کەم لە ڕەزامەندییەکەی بۆ ئەرکەکە، پێی گوتم کە حەزێکی لەڕادەبەدەری هەیە بۆ جاڕدانی وشەی خودا بۆ خەڵکی گەڕەکەکەی، وە دەیپرسی کە خودا بانگهێشتی کردووە بۆ یارمەتیدان لە دامەزراندنی کڵێسایەک لەوێ. کێڤن مامۆستای خوێندنگای ناوەندی بوو لە گەڕەکەکە، هەروەها مەشقکاری وەرزشی ڕاکردن و تۆپی پێ بوو. لە کۆمەڵگاکەی سەدان کەسی دەناسی. ئای لەو کەسە نموونەییەی کە دەکرێ یارمەتیدەر بێت لە چاندنی کڵێسایەک لەوێ! بیرۆکەی ئەوەی بەڕاستی دەکرێ لە بەیانی ڕۆژانی یەکشەممە وتار بدات ژیانی بەم خەونە بەخشی.

ئەمڕۆ، کێڤن لە کڵێساکەمان لە مەشقکردندایە بۆ وتاردان، وە لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە وتاردانی ڕاڤەکاری دەخوێنێت بە سەرپەرشتی دەزگای سیمیۆن ترەست، وە بە ڕێکی دەرفەت دەقۆزێتەوە بۆ فێربوون و سەبارەت بەمە سەرنج و ئامۆژگاری وەردەگرێت. نازانم هەموو هەنگاوەکانی داهاتوو چۆن دەبن، یان ئایا چاندنی کڵێساکە دێتە دی یان نا. هەموو ئەوانە لەدەست خودایە، بەڵام من پیرێک دەبینم بانگێشتەکەی بۆ فێرکردن جێبەجێ دەکات، وە پێشدەکەوێت، وە بوێری ئەوەی هەیە لە پێناوی ئینجیل خەونی گەورە ببینێت.

# بەشی چوارەم
# گەڕان بەدوای ونبوواندا

وازهێنانی ئەندامانی کڵێسا لە ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی پەرستشی ڕۆژانی یەکشەممە دیاردەیەکی زۆر باوە. هەفتە و مانگ تێدەپەڕێت هێشتا کەس هەستی بە ئامادەنەبوونی نەکردووە. دەکرێ ئەمە لە کڵێسا گەورەکان زۆر ئاسانتر ڕوودات، بەڵام دەکرێ لە کڵێسا بچووکەکانیش ڕوبدات.

خەڵکی لە کڵێساکەی مندا ئاماژە بۆ ئەم دیاردەیە دەکەن بەوەی دەڵێن «کەوتنە نێو درزەکان“، یان: ئەو شتەی کە لێی بێئاگا دەبێت. شتی وەکو ئەمە دەڵێن: ”ئایا بەم دواییانە خاتوو سالیت لە کڵێسادا بینیوە؟ هیوادارم نەکەوتبێتە نێو درزەکانەوە“. بەڵام ئایا شتەکە بەم شێوەیە ڕوودەدات؟ ئایا بەڕاستی بارودۆخەکە وەک کەوتنە نێو درزەکانە؟ ئەم وەسفە وا پیشان دەدات کە کڵێسا وەک کوخێکی بچووک بێت و لەسەر دارێکی بەرز دروستکرابێت، چەند بۆشاییەکی هەبێت لەنێو تەختە دارەکانی زەوییەکەی. هەندێک جار یەکێک لە ئەندامانی کڵێسا وریا نییە، قاچی دەکەوێتە ناو یەکێک لەم بۆشاییانە، بە خێرایی ون دەبێت. ئایا بەڕاستی ئەندامان لەپڕ واز لە کڵێسا دەهێنن، وە بە شێوەیەک کە هیچ دەرفەتێک نەبێت بۆ ئەوەی خەڵکی تێبینی ونبوونیان بکەن؟

چی دەبێت ئەگەر وێنەیەکی جیاواز بەکاربهێنین، لەبری ئەوەی «دەکەوێتە نێو درزەکان»، بڵێین: «لە مێگەل دادەبڕێت“. ئەم وێنەیە زیاتر گونجاو دیارە، بەلای کەمەوە لەبەر دوو هۆکار: یەکەم ئەوەیە وشەی «ونبوو“ لە ناوەڕۆکدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەندامی دابڕاوی کڵێسا بەرپرسیارێتییەکی کەسیی هەیە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە پەیوەستیی بە کۆمەڵی باوەڕداران؛ وەک چۆن نابێت کە مەڕ مێگەل بەجێبهێڵێت بۆ ئەوەی بەبێ بیرکردنەوە بکەوێتە ناو بۆشایی. ئەوان لەگەڵ کاتدا بە دەوری زنجیرەیەک بڕاردەدا دەخولێنەوە.

هۆکاری دووەم ئەوەیە کە وێنەی مەڕی ونبوو ئاماژەیە بۆ ئەوەی پێویستە کەسێک چاودێری مێگەلەکە بکات و هەڵسوکەوت بکات کاتێک خەریکە یەکێک لە مەڕەکان بەدەمدا بکەوێت. بەڵێ، هەر ئەندامێکی کڵێسا بەرپرسیارێتییەکی کەسییان هەیە کە لێرە و لەوێ نەگەڕێن، بەڵکو ئەرکی هەر ئەندامێکی کڵێسایە کە گرنگی

بەوانـەی دیکـە بـدات. لەگـەڵ ئەوەشـدا، پێویسـتە کۆمەڵێکـی دیاریکـراو بەئـاگا بـن بـۆ چاودێریکردنـی ئـەو مەڕانـەی ڕەنگـە ون بـبن. ئـەم کۆمەڵەیـەش پیرانـن.

### ◌ بەردەوامی لە ئێشکگری و پاسەوانی

لـە بەشـی سـێیەمدا بینیـمان کـە پیـران ئێشـک دەگـرن نـە وەک «گورگـەکان» بخزێنـە نـاو مێگـەل و بـە فێرکردنـە درۆیینەکانیـان ئـازاری مێگـەل بـدەن. بـەڵام ڕۆڵی پیـران ئەوەش لەخـۆ دەگرێـت کـە وریـا بـن لـە جوڵـەی نەخواسـتراو بـە ئاراسـتەی دیکـە، یـان ئەندامـان لـە مێگـەل و لـە پـەروەردگار دووربـن. ئەمـە بـە بەشـێکی سـەرەکی شـوانایەتی دادەنرێـت، کـە شـوانەکان خـواردن دەدەنـە مـەڕەکان، وە پارێزگارییـان لێدەکـەن لـە دەعبـای دڕەنـدە، وە لـە پەیوەندیـدا دەبـن لەگـەڵ ئـەوان و شـوێنەکانیان.

لەبیـرت بـێ کاتێـک یاقـوب باسـی کارە قورسـەکەی خـۆی دەکـرد لـە شـوانایەتی مێگەلەکانـی لابـان! یاقـوب پەشـیمان بـوو بـۆ خـۆ شـەکەتکردنی لـە شـوانایەتی مەڕەکانـی لابـان و هەڵگرتنـی بەرپرسـیارییێتی هـەر یەکێکیـان. وە لـە سـکاڵاکەی یاقـوب پوختەیـەک دەبینیـن لـە شـوانایەتی وریـا و بەرپرسـیارییێتی لـە سـەلامەتی هـەر ئەندامێکـی مێگـەل:

> «ئـەوە بیسـت سـاڵە مـن لەگـەڵ تـۆم، نـە مەڕەکانـت بەریـان خسـت، نـە بزنەکانیشـت، نـە منیـش لـە بەرانـی مێگەلەکـەی تـۆم خـوارد. ئەوانـەی دەبوونـە نێچیـری ئـاژەڵ بـۆم نەدەهێنایتـەوە، بەڵکو لەسـەر مـن دەکەوتن. لـە منـت داوا دەکـردەوە، ئەگـەر بـەڕۆژ بدزرابوونایەیـان بـە شـەو. بـەڕۆژ گەرمـا دەیخـواردم و بـە شـەویش سـەرما. خەویـش لـە چـاوم بڕابـوو» (پەیدابـوون ٣١: ٣٨-٤٠).

بـە بـەراورد، حزقیـال پێشـبینی کـرد لەسـەر ڕابەرانـی ئیسرائیـل و تۆمەتبـاری کـردن بـەوەی شـوانی خراپـن: «ئـەی کـوڕی مـرۆڤ، لەسـەر شـوانەکانی ئیسرائیـل پێشـبینی بکـە و پێیـان بڵـێ: "یەزدانـی باڵادەسـت ئەمـە دەفەرموێـت: قوڕبەسـەر شـوانەکانی ئیسرائیـل، ئەوانـەی هـەر خەریکـی خۆیانـن، ئایـا نابێـت شـوانەکان مێگـەل بلەوەڕێـن؟» (حزقیـال ٣٤: ٢). لـە چیـدا کەموکوڕییـان هەبـوو لـە لەوەڕاندنـی مـەڕەکان؟ «... دەرکراوتـان نەگەڕانـدەوە و بـەدوای ونبـوودا نەگـەڕان» (حزقیـال ٣٤: ٤). ئەنجامەکـەی ئـەوە بـوو «مێگەلـی مـن بەسـەر هەمـوو چیـا و گردێکـی بـەرزدا وێـڵ بـوون، بەسـەر هەمـووڕووی زەویـدا پەرتـەوازە

بـوون و کەسـیش نەبـوو لێیـان بپرسـێت و بەدوایانـدا بگەڕێـت» (حزقیـال ٣٤: ٦). لەگـەڵ ئەوەشـدا، خـودا ڕایگەیانـد کـە دێـت بـەدوای مـەڕە ونبووەکانـی گەلەکـەی خۆیـدا بگەڕێت:

> «چونکـە یەزدانـی باڵادەسـت ئەمـە دەفەرموێـت: مـن بـەدوای مێگەلـی خۆمـدا دەگەڕێـم و بەسـەریان دەکەمـەوە،وەک چـۆن شـوان مێگەلـە پەرتەوازەکـەی خـۆی بەسـەردەکاتەوە کاتێـک لەنێویـان دەبێت،ئـاوا منیـش مێگەلـی خـۆم بەسـەردەکەمەوە و فریایـان دەکـەوم لـە هەمـوو ئـەو شـوێنانەی کـە لـەڕۆژی تەمومـژدا بـۆی پەرتـەوازە بـوون» (حزقیـال ٣٤: ١١، ١٢).

بـەم شـێوەیە خـودا لـە عیسـادا هـات، بۆ ئـەوەی مـەڕە ونبـووەکان لـە مێگەلێکـی نوێدا کـۆ بکاتـەوە. عیسـا خزمەتەکـەی ڕاگەیانـد بـۆ باجگـران و گوناهبـاران بـە بەراوردکردنـی خـۆی وەک شـوانێک وازی لـە نـەوەد و نۆیەکـە هێنـا کـە لەبەردەسـتدا بـوون بـۆ ئـەوەی بـەدوای یـەک مـەڕە ونبووەکـەدا بگەڕێـت (لۆقـا ١٥: ١-٧). خـۆی ناونـا بـە شـوانە چاکەکـە کـە نـەک تەنهـا خـۆی بەخشـی لەپێنـاوی مەڕەکانـی، بەڵکـو مـەڕی دیکـەش دێنێتـە نـاو مێگەلەکـە، وەک ئامـاژە بـۆ نەتەوەکانـی دیکـەی جگـە لـە جولەکـە (یۆحەنـا ١٠: ١٤-١٦).

دیسـان شـوانی کڵێسـا لـە دیمەنەکـە دەردەکـەون؛ چونکـە وەک شـوان خزمـەت دەکـەن، لەژێـر سـەرۆکایەتی عیسـا خزمـەت دەکـەن، بـۆ پارێزگاریکـردن لـەو مێگەلـەی کـە ڕزگارییان بەدەسـتهێناوە، وە عیسـا بـە ئینجیلەکـەی کـۆی کردنـەوە. پیـران بـە بوێرییـەوە شایسـتەی ئـەوەی نازناویـان «چاودێـر» بێـت؛ «ئێشـکتان بـۆ دەگـرن، وەک بڵێـی حیسـابیان پێشکەشـی خـودا دەکەن»(عیبرانییـەکان ١٣: ١٧). لەبـەر ئـەم هۆیـە ڕابەرایەتـی بـاش بـۆ خێـزان یەکێکـە لـە شایسـتەییەکانی پلـەی پیـر (بڕوانـە بەشـی یەکـەم). هـەروەک پەروەردەکردنـی منـداڵ پێویسـتی بـە پەروەردەکردنێکـی چـاک هەیـە و سەرپەرشـتییەکی ورد هەیـە بـۆ منداڵـەکان و هێـزی بزوێنـەری خێـزان، هەمـان بنەمـا پەیـڕەو دەبێـت لەسـەر شـوانایەتی بـاش.

## ◌ وەڵامدەری کێین؟

هەمـوو ئـەم قسـانە سـەبارەت بـە سەرپەرشـتی پرسـیارێکی گرنـگ دێنێتـە کایـەوە: بـە تـەواوی کێـن ئـەو پیرانـەی کـە پێویسـتە هەڵبسـتن بـە کاری سەرپەرشـتی و پاسـەوانی؟ ئەگـەر پیـران شـوانن، ئـەوا پێویسـتە وەڵامـدەر بـن هـەروەک یاقـوب کـردی. کەواتـە

پێویستە سەبارەت بە کێ لەبەردەم خودا وەڵام دەر بین؟ بێگومان پێویستە پیرانی کڵێسا بە بەرپرسی هەموو باوەڕدارانی هەموو شوێنێک دانەنێین. بۆیە پێویستە پیران بەپرس بن لە سەرپەرشتی ئەو باوەڕدارانەی لەو کڵێسایەدا ئامادە دەبن کە تێیدا خزمەت دەکەن. ئەی وا نییە؟

ئایا پێویستە کە پیران بەرپرسیاریێتی ڕۆحی بگرنە ئەستۆ لەسەر کەسێک کە تەنها یەک یان دوو جار هاتووەتە کڵێسا؟ باشە، ڕەنگە وا بێت یان ڕەنگە نا. چەند جار، یان هەتا کەی، پێویستە کەسێک ڕۆژانی یەکشەمە بۆ پەرستش بێتە کڵێسا بەر لەوەی «بە فەرمی» بێتە بەشێک لەو کەسانەی کە پێویستە پیران سەرپەرشتییان بکەن؟ چی ئەگەر ئەم کەسە لە زنجیرەی خوێندنی کتێبی پیرۆز بە ڕێکی ئامادە بوو، بەڵام لە کۆبوونەوەی گشتی ئامادە نەبوو؟ ئایا جیاوازی هەیە ئەگەر ئەو کەسەی بەردەوام ئامادە دەبێت ئەگەر باوەڕدار بێت یان بێباوەڕ بێت؟

وا دیارە کە شوانایەتی بە تێگەیشتنی کتێبی پیرۆز پێویستی بە ڕێگایەکی ڕوون هەیە بۆ پێناسەکردنی مێگەلەکە. پیران پێویستیان بەوە هەیە کە توانایان هەبێت بۆ جیاکاری لە نێوان ئەو خەڵکەی کە لێیان بەرپرسن وەک شوان وە ئەو کەسانەی کە پەیوەندییان لەگەڵیان هەبێت وەک برای باوەڕدار. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەرکی پیر پێویستی بە تێگەیشتنێکی ڕوون هەیە بۆ ئەندامێتیی کڵێسا.

## ◌ بەڕێوەبەرایەتی و ئەندامێتی

ئەندامێتیی کڵێسا دوو ڕۆڵی گرنگی هەیە. یەکەم: ئەندامێتیی کڵێسا خەڵکی بە پێناسی خۆی دەناسێت کە قوتابی عیسان. ئەندامێتیی کڵێسا کەسەکان ناکاتە باوەڕدار بە مەسیح، بەڵام لە دەرەوە وەک باوەڕدار بە مەسیح دەیانناسێت. عیسا دەسەڵاتی داوەتە کڵێسای خۆجێیی کە «دایبخەن» و «بیکەنەوە» (مەتا ١٨: ١٨)، بۆ جیاکردنەوەی مەڕەکان لە ڕێگای بەئەندامبوونیان لە کڵێسا بە لەئاوهەڵکێشان (مەتا ٨: ١٨-٢٠)، وە ڕەتکردنەوەی ئەم جیاکارییە لە ڕێگای بێبەریکردنی کڵێسایی (١٨: ١٥-١٧). پێویستە ئەو کەسەی کە دەیەوێت ببێتە ئەندام خۆی پێشکەشی کڵێسا بکات و بڵێت: "من قوتابیم"، وە کڵێسا دەڵێت: "بەڵێ، ئێمە باوەڕ دەکەین کە تۆ ئەوەیت!" (یان لە بارودۆخی دەگمەندا، "نەخێر، ئێمە باوەڕ ناکەین کە تۆ ئەوەیت!" لە کاتی بێبەریکردنی کڵێسایی کەسێک کڵێسا دەڵێت: "ڕەنگە مەسیحییەکی باوەڕداری

ڕاستەقینە بیت، بەڵام گوناهەکەت کە تۆبەت لێی نەکردووە هیچ پاساوێکمان پێنادات وامان لێبکات بەردەوام بین لەوەی بڵێین تۆ باوەڕداریت».

دووەم: ئەندامێتیی کڵێسا تەنها خەڵکی بەمە ناناسێنێت کە باوەڕدارە، بەڵکو کۆمەڵێک باوەڕداری ناسراو لەنێو کۆمەڵگایەکی مەسیحی دیاریکراودا کۆ دەکاتەوە، کە لەوێ خودی خۆیان بۆ یەکتر تەرخان دەکەن. نێردراوان لە ڕێگای جاڕدانی ئینجیل قوتابییان دروست کرد، ئینجا ئەم قوتابییانە لەناو هەڵکێشران و خرانە پاڵ کۆمەڵەی نێوخۆیی بۆ ئەوەی باوەڕداران فێر بن کە گوێڕایەڵ بن بۆ ڕاسپاردەکانی عیسا. کاتێک نێردراوان کۆمەڵە قوتابییەکانیان دەخستە پاڵ کۆمەڵی باوەڕدارانی نێوخۆیی، هەروەها پیرانیشیان بۆ دادەنان بۆ ڕابەرایەتی هەر کڵێسایەک و فێرکردنی. هەروەک پۆڵس باسی هاوبەشی خۆی کردووە لە خزمەت، تیتۆس: «لەبەر ئەمە تۆم لەدوورگەی کریت بەجێهێشت، تاکو ئەو شتانەی ماونەتەوە ڕێکیان بخەیت و لە هەموو شارێکدا پیران دابنێیت، وەک ڕامسپاردوویت» (تیتۆس ١: ٥).

ئایا دەبینیت چۆن ئەندامێتیی کڵێسا پڕۆژەی سەرپەرشتیکردنی پیران دەکاتە بابەتێکی شایانی پەیڕەوکردن؟

لە ڕێگای ناساندی کەسەکان بەوەی قوتابی عیسان و جیایان بکاتەوە، ئەندامێتیی کڵێسا وا لە شوان دەکات بتوانێت بزانێت کە ئەم مەڕانە بەڕاستی مەڕن، مەڕ، بەگوێرەی زانیاری کڵێسا. وە قوتابی بچێتە پاڵ کۆمەڵی باوەڕداران، یارمەتی کڵێسا یارمەتی پیران دەدات بۆ زانینی ئەوەی کامە مەڕ لەژێر چاودێری ئەوە. وە پیران سەبارەت بەوان هەژماردێک دەدەنە خودا (عیبرانییەکان ١٣: ١٧). ئەمە واتای ئەوە نییە کە پیر گرنگی نادات یان دڵڕەقە بەرامبەر ئەوانەی کە ئەندام نین و بۆ پەرستش لە کڵێسا ئامادە دەبن. بەڵام واتا کە پیر جۆرێک دەسەڵات و بەدواداچوونی هەیە بۆ ئەندامان، وە ئەم دەسەڵاتەی بەسەر ئەوانەدا نییە کە ئەندام نین.

هەروەها ئەندامێتیی کڵێسا یارمەتیدەرە بۆ ئەندامانی کۆمەڵی باوەڕداران بە گشتی و ئەوانەی بەرپرسیارن بەرامبەر بە یەکتر. پێویستە پیران ئەرکی گەڕان بەدوای مەڕە ونبووەکاندا بگرنە ئەستۆ، هەرچەندە تەنها ئەوان بریکار نین بۆ ئەرکی پاسەوانیکردن. ئەندامێتیی واتا بەرپرسیارییێتی و گرنگیدانی بەرابەر لەنێو تەواوی جەستەی مەسیح.

ئایا کڵێساکەت ڕژدە لە شێوازی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ بابەتی پیران یان هەوڵ

دەدات بۆ گۆڕان بۆ سیستەمی پیرانە؟ مکوڕ بە لەسەر ئەوەی لە هەمان کاتدا کار بکەیت لەسەر بابەتی ئەندامێتیی کڵێساk. سیستەمی بەئەندامبوون کەوا کڵێسا بە مەبەستەوە دەیکاتە بەرنامە بۆ ئەوەیە کە شێوازێکی گونجاو دەستەبەر بکات بۆ ئەوان پیران بە کاریگەرییەوە کار بکەن.

## ◌ پێنج جۆر مەڕی ونبوو

بۆ ساتێک وای دابنێ کە تۆ پیریت و ڕووبەڕووی ئەمە دەبیتەوە. تۆ باش دەزانیت کە بانگهێشتەکەت ئەوە لەخۆدەگرێت کە بەدواداچوون بکەیت بۆ ئەو ئەندامانەی کە تووشی گرفت دەبنەوە. هەروەها وای دابنێ کە کڵێساکەت بە مەبەستەوە پەیڕەوی لە بەئەندامبوونی کڵێسا دەکات، ئیتر دەزانیت کە کێن ئەوانەی کە پێویستە بەدواداچوونیان بۆ بکەیت. ئێستا چۆن هەڵدەستی بە کاری بەدواداچوونی بەردەوام؟ وە پێویستە لەسەرت بە تایبەت بەدوای چیدا بگەڕێیت؟

لە خوارەوە باسی پێنج ڕێگای گشتی دەکەین کە ئەندامانی کڵێسای پێ سەرگەردان دەبێت. لە کاتی بەجێگەیاندنی خزمەتەکەت لە بواری پەیوەندی لەگەڵ باوەڕداران لە کڵێسا نێوخۆییەکەت، کاتێک دەبیستیت ئەندامێک لەو هەڵوێستەدایە، پێویستە بزانیت کە ئەم خوشکە یان ئەم برایە ڕەنگە بەڕاستی لە باری سەرگەردانی یان لادانددا بێت.

### ◌ ئەو مەڕانەی لەگوناه تێوەگلاون

با بە بارودۆخێکی ئاسان دەستپێبکەین، مەبەستم ئەوە نییە کە باسکردن لە سەری ئاسانە، بەڵکو درکپێکردنی ئاسانە. ئەگەر بۆت دەرکەوت کە یەکێک لە ئەندامانی کڵێساکەت لە گوناهێکی ئاشکرادا تێوەگلاوە، کەواتە مەڕی سەرگەردانت هەیە، وە پێویستە لەگەڵ گوناهبارەکەدا قسە بکەیت.

هەر ئەندامێکی کڵێسا لە دژی گوناه لە ململانێدایە، بە هەمان شێوە هەموو پیرانیش. یۆحەنا نووسیویەتی: «ئەگەر بڵێین گوناهمان نییە، ئەوا خۆمان

---

kبۆ پێشەکییەکی جوان سەبارەت بە ئەندامێتیی کڵێسا، بڕوانە:

**Jonathan Leeman,** Church Membership: How the World Knows Who Represents Jesus **(Wheaton, IL: Crossway, 2012).**

هەڵدەخەڵەتێنین و ڕاستی لە ئێمەدا نییە» (یەکەم یۆ حەنا ١: ٨). لەگەڵ ئەوەدا، هەندێک گوناه لە هەندێکی دیکە ئاشکراتر و ڕوونترە، هەندێک جار وا دیارە کە هەندێک ئەندام وازیان هێناوە لە ململانێ لەدژی گوناه و ملکەچی یاخیبوون بووە. بۆیە، کاتێک پیر هەست بە بوونی گوناهێک دەکات و گوناهکارەکە تۆبەی لێ نەکردووە، پێویستە بە بوێرییەوە پشت بە پەروەردگار ببەستێت و بە سادەییەوە ڕووبەڕووی ئەم ئەندامە ببێتەوە، درووست هەروەک ئەو جۆرەی عیسا فێریکردین (مەتا ١٨: ١٥-١٧).

هەندێک جار ڕووبەڕووبوونەوە سەرکەوتوو دەبێت. هەندێک جار دڵخۆش دەبم کاتێک ئەندامێکی کڵێسا هاندەدەم کە لە گوناهدا تێوەگلاوە، هەرچەندە دەترسم و دەلەرزم، خودا بە چاکەی خۆی ڕێنوێنی ئەم کەسەی کردووە بەرەو تۆبەکردن. هەرچەندە، هەموو کاتێک ئەم ڕێگایە سەرکەوتوو نابێت. پیرێکی کڵێسا دەناسم، زۆر مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی پەیوەندی بکات بە ئەندامێکی گوناهکاری فێڵباز، هەتا ئەو ئاستەی لە کاتی نانخواردن لەبەردەم شوێنی کارکردنی ئەندامەکە ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت بەو هیوایەی کە لە کۆتاییدا ڕووبەڕووی ببێتەوە. بەداخەوە، ئەندامەکە سەرکەوتوو بوو لە خۆدزینەوە لێی و تۆبەی نەکرد و نەگەڕایەوە.

◌ مەڕی وێڵ

مەڕی وێڵ بە شپرزەییەوە و بە هێواشی بۆ دەرەوەی کڵێسا سەرگەردان دەبێت، کەوا لەوێ چالاکی گرنگیپێدانی دیکە سەرگەردانی دەکات. ئەم سەرگەردانییە ڕەنگە لە ئەنجامی خشتەی جەنجاڵی گەشتە زۆرەکانی بێت، یان بە هۆی بڕیارێکی بێ دانایی تایبەت بە مەشقی وەرزشی بێت بۆ منداڵەکان کە تەواوی خێزانەکە لە پەرستشی ڕۆژانی یەکشەممە دوور دەخاتەوە، یان گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیایەک بۆ چاککردنەوە و نوێکردنەوەی نهۆمی سەرەوەی خانووەکەت، کەوا پشووەکانی کۆتایی هەفتەت دەبات. ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ لای کڵێسا یان پەروەردگار. وە هەندێک جاری دیکە، هەندێک کەس گلەیی دەکەن لەوەی کە هەست دەکەن لە کڵێسادا لە شوێنی گونجاوی خۆیاندا نین، ئیتر سەردانی کڵێسا ناکەن.

سەرباری بارودۆخەکە، ڕەنگە ئەم ئەندامانە تێکشکاون لە گوێگرتن لەم وشتانەی هاندان کە لە نامەی عیبرانییەکاندا هاتووە: «هەروەها با ئاگادارییەکتری بین بۆ

هانـدان لەسـەر خۆشەویسـتی و کاری چـاک. بـا واز لـە کۆبوونەوەکانمـان نەهێنیـن، وەک هەندێـک لەسـەریڕاهاتوون، بەڵکویەکـتری هانبدەیـن، بـە تایبەتـی کـە دەبیننڕۆژی هاتنـەوەی مەسـیح نزیـک دەبێتـەوە» (عیبرانییـەکان ١٠: ٢٤-٢٥). لەبیریـان کـردووە کـە ئەندامێتیـی کڵێسـا واتـا پەیوەنـدی بـەردەوام لەگـەڵ ئەندامەکانـی دیکـە لـە پێنـاوی پێشخسـتنی «خۆشەویسـتی و کاری چـاک“. ڕەنگـە یەکێـک لـە ڕوانگـەی خۆیـەوە بپرسـێت و بڵێـت کـە ئـەم مـەڕە وێڵـە، کـە لـە کۆبوونەوەکانـی پەرسـتش لـە کڵێسـاکەمان دوور کەوتووەتـەوە، بارودۆخەکـەی هێنـدە خـراپ نییـە. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئەوەیـە کـە ئـەم مـەڕە گوناهێـک دەکات کـە گوێڕایەڵـی ئـەم ڕاسـپاردەیەی کتێبـی پیـرۆز نابێـت.

پیـران ئەوانـەن تێبینـی ئـەو ئەندامانـە دەکـەن کـە ژیانیـان پـڕە لـە بەرپرسیارییێتی زیـاد لـە پێویسـت، وە بـەردەوام ئامۆژگارییـان دەکـەن کـە ڕێ بـە چالاکـی و بەرپرسـیارییێتییە جیـاوازەکان نـەدەن کـە پەیوەسـتبوونیان بـۆ ئامادەبـوون لـە پەرسـتش و ژیانـی هاوبـەش لەگـەڵ بـاوەڕدران لـە کڵێسـادا بخنکێنێـت.

## ◌ مەڕە شەلەکان

هەرگیـز عیسـا بەڵێنـی پێنەداویـن کـە ڕێگـری لـە ئـازار و ناخۆشـی دەکات؛ بـاوەڕدران بـە مەسـیح، هەندێـک جـار تووشـی دەرکـردن دەبنـەوە لـە کارەکانیـان، پەیوەندییەکانیـان هەڵدەوەشـێتەوە، تووشـی نەخۆشـی شـەکرە دەبـن، لـە ڕێـگای خێـرا لـە دواوە ئۆتۆمبێـل خـۆی پێیانـدا دەکێشـێت، یـان کەسـێک سـکاڵایەکی یاسـایی لـە دژیـان بـەرز دەکاتـەوە. وە باوەڕدارانیـش پیـر دەبـن، کـە پێشـتر چوسـت و چـالاک بـوون، لـە ماڵـەوە دەکـەون. ئـەم ئەندامـە بەئازارانـە مـەڕی شـەلن و ڕەنگـە تووشـی مەترسـی وازهێنـان و پشتگوێخسـتن بـبن؛ چونکـە ناتوانـن لەگـەڵ تـەواوی مێگەلەکـە بـڕۆن. ئـەوان پێویسـتیان بـە کەسـێکە بـە هێواشـی لەگەڵیـان بـڕوات. ڕەنگـە تەنگانـەی قـورس بەسـەر بوێرتریـن و پیرۆزترینـی پیرۆزکراوانـدا زاڵ بێـت، وە تووشـی بێهیوایـی بـکات و هێـز و وزەی بەفیـڕۆ بـدات لـە پاراسـتنی پەیوەنـدی سروشـتی لەگـەڵ کڵێسـادا . ئەگـەر ئەیـوب، ئـەو پیـاوەی بـە ئارامگرتن و باوەڕەکـەی نـاسراوە کـە هیـچ مرۆڤێـک لـە ئاسـتی ئـەودا نییـە، ئارامگرتنەکـەی گەیشـتە لووتکـە، گەلـی کڵێساکەشـت بـە هەمـان شـێوەن.

کاتێـک دەزانیـت یەکێـک لـە ئەندامـان تووشـی گەردەلوولێـک بـووە لـە ژیانـی، ئەمـە کاتـی گونجـاوە بـۆ ئـەوەی زیاتـر لـە بابەتەکـە بزانیـت. ئایـا ئـەم خوشـک یـان برایـە لەلایـەن

ئەندامەکانــی دیکــەوە پاڵپشــتی و پشــتیوانی بەدەســتدێنێت، لەلایــەن هاوڕێیانەوەیــە یــان ئەندامانـی کۆبوونـەوەی وانـەی کتێبـی پیرۆزە؟ ئایا خزمەتکارەکانی کڵێسـا دەتوانن پێداویسـتییە کرداریـیـەکان دابیـن بکـەن؟ ئایا ئەندامانـی لێژنـەی نوێژکـردن لـە کڵێسـادا هەواڵـی تەنگانـەی ئــەم ئەندامەیــان پــێ دراوە؟ زۆر جــار ئێمــەی پیــران دەتوانیــن باشــترین خزمــەت پێشــکەش بکەیـن بـە ئەندامێـک بـەوەی سـەرنجی جەسـتەی مەسـیح بوروژێنیـن و بیجوڵێنیـن لـەو کاتـەی ئێمـە دەسـتی هـاوکاری درێـژ دەکەیـن بـە نوێژکـردن و پێشکەشـکردنی ڕاوێـژ.

چەنـدە جوانە مەڕی شـەل هەسـت بـە بچووکتریـن گرنگیپێدان بـکات. لەباوەشـگرتنێکی کـورت یـان نوێژکـردن لـە هۆڵـی کڵێسـا لـەدوای تەواوبوونـی پەرسـتش، نامەیەکـی کورتـی هانــدان، یــان ســەردانێکی کــورت، دەکــرێ پشــتیوانی بێــت بــۆ ئەندامێکــی برینــدار و پاڵنەرێـک بێـت بـۆ ئـەوەی مانگێکـی دیکـە بـەرەو پێـش بچێـت. لـە هەفتـەی ڕابـردوو، پرسـیارم لـە خاتوونێکـی ئەندامـی کڵێسـاکەمان کـرد سـەبارەت بـە بارودۆخـی مێردەکـەی، کێشـەی گـەورەی تەندروسـتی هەبـوو و هەندێـک جـار ڕێگـری لـێ دەکـرد لـەوەی بێتـە کڵێسـا. ئـەم خوشـکە باسـی دواییـن بارودۆخـی تەندروسـتی بـۆ کـردم، ئینجـا ستایشـی یەکێـک لـە پیرانـی کـرد کـە کاتـی خـۆی تەرخـان کـردووە بـۆ ئـەوەی سـەردانیان بـکات. ئـەم سـەردانە سـادەیە بـۆ ماڵـی ئـەم دوو هاوسـەرە باوەڕەکەیانـی پتـەو کـردووە، وە هێـزی کۆڵنەدانـی پـێ بەخشـین.

هەمــوو ماندووبوونێــک هەرچەنــدە کەمیــش بێــت بەتــاڵ نییــە. هەرچەنــدە خــودا ئـاگاداری کردیتـەوە بـۆ یەکێـک لـە ئەندامانـی برینـداری کڵێسـا، دەسـتی هـاوکاری بـۆ درێژ بکـە و سـەردانی بکـە.

## ◌ ئەو مەڕانەی شەڕ دەکەن

ڕەنگـە پێـت وابێـت کـە زەحمەتـە بـاوەڕ بەمـە بکەیـت، بـەڵام بـۆم دەرکەوتـووە کـە هەندێـک لـە ئەندامانـی کڵێسـا کەوتوونەتـە شـەڕکردن لەگـەڵ یەکـتر. بێگومـان کـە هەرگیز ئەمـە لـە کڵێسـاکەی منـدا ڕووی نـەداوە! وە دڵنیـام لـەوەی کـە هەرگیـز لـە کڵێسـاکەی تۆشـدا ئەندامـان لەگـەڵ یەکـتر شـەڕ ناکـەن! ئەگـەر کڵێسـاکەی تـۆش وەک کڵێسـاکەی منـە، ئـەوا هەمـوو ئەندامـان ڕوانگـەی هاوبەشـیان هەیـە بـۆ سیاسـەت و مۆسـیقا و پەرسـتش، وە هەمـوو لیژنـەکان هەمـان شـێواز دەگرنـە بـەر بـۆ چارەسـەری کێشـەکان و بەڕێوەبردنـی کاروبـاری دارایـی، کـەس سـەبارەت بـە مافـی کەسـیی دیکـە هەڵـە نـاکات.

ئایا بەڕاستی ئەمە بارودۆخی کڵێساکەتە؟

لە کڵێساکەی منیش ئاوا نییە؟ لەڕاستیدا، لەسەر بنەمای جۆرایەتی کەسایەتییەکان و ڕابردوویان لە نێوان ئەندامانی کڵێساکەمان، سەرباری خواستی بەردەوامان بۆ گوناه، سەرسامم بەو هاوڕێتییە لە کڵێساکەمان. بێگومان چاکەی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆحی پیرۆز.

کاتێک ئەندامانی کڵێسا لەگەڵ یەکتر لە ململانێدان، بێگومان ئەوەش هەر ڕوودەدات، ڕووبەڕووی مەترسییێکی گەورە دەبینەوە ڕەنگە تووشی پەرتەوازەیی بێت و لە کڵێسا دووربکەوێتەوە. خەڵکی بە خێرایی دەستدەکەن بە ونبوون. دەڵێن: «پێویستە کڵێسا بەم شێوەیە نەبێت». یان «ناتوانم بە هۆی ئەم گرژییەی کە هەستی پێدەکەم پەرستش بکەم. دەمەوێت لەم شوێنە دوور بکەومەوە».

ئەم ئەندامانەی ململانێ دەکەن پێویستە هان بدرێت بۆ ئاشتەوایی لەپێناوی شکۆی خودا و بەرژەوەندی ئینجیل، بەڵام پێویستیان بە کەسێک هەیە کە یارمەتییان بدات بۆ هێنانە دی ئەمە. تەنانەت قوتابییانی زۆر پێگەیشتووش، ڕەنگە پێویستیان بە دادوەر بێت. پۆڵس ئاماژەی کردووە بۆ کێشەی نێوان دوو لە هاوبەشانی خزمەتەکەی: «لە ئەووَدیا دەپاڕێمەوە و لە سینتخی دەپاڕێمەوە کە بەیەکبوونیان لەگەڵ مەسیح هاوبیر بن» (فیلیپی ٤: ٢). ئینجا سەبارەت بەمە داوای لە کڵێسا کرد: «بەڵێ تۆش ئەی هاوڕێی دڵسۆزم، داوات لێ دەکەم یارمەتییان بدەیت، چونکە هەردووکیان لەڕاگەیاندنی پەیامی ئینجیلدا شانبەشانی من تێکۆشاون» (فیلیپی ٤: ٣).

ئەی پیران، لە ململانێی نێوان ئەندامان هیوای ئەوەتان نەبێت لەخۆڕا نامێنێت، بە دەگمەن ئەوە ڕوودەدات. ڕەنگە حەز بکەیت کە بابەتەکە پشتگوێ بخەیت و خۆی لێ بەدوور بگریت، لەبەر ئەوەی تۆ کەسێکی ئاساییت و حەز لە ناکۆکی ناکەیت. بەڵام وشەکانی عیسا لەبیر مەکە: «خۆزگە دەخوازرێت بە ئاشتیخوازان، چونکە بەڕۆڵەی خودا ناودەبردرێن» (مەتا ٥: ٣). دەست بەم بەرەکەتەوە بگرە. وە داوا لەو ئەندامانە بکە کە کێشەیان لە نێوانە قسەت لەگەڵ بکەن و تەماشا بکە بزانە دەکرێت خودا چی بکات. لەبیرت بێت کە ئامانجی پیر پێگەیشتنی مەڕەکانە (بڕوانە بەشی دووەم). شەڕ و ململانێ دەرفەتی سەرنجڕاکێش دروست دەکات بۆ گەشەکردنی باوەڕدار لە مەسیحدا.

◌ مەڕی قەپ هاوێژ

ئەگـەر شـەڕ و گلەیـی و گازنـدەی ئەنـدام لـە شـوانی کڵێسـا بێـت، ئـەو کات چـی دەبێـت؟ ئەگـەر مەڕەکـە لێـت بڕەوێتـەوە لـەو کاتـەی دەتـەوێ لێـی نزیـک بکەویتـەوە چـی دەبێـت ؟ چۆن دەتوانیت کـە بـەردەوام بیت لـە پاسـەوانی کەسێک کـە بوونـی تـو بـە هـۆکاری سـەرپێچیکردنی خـۆی دەزانێـت؟

وەڵامـی ئـەم پرسـیارە تـەواو جیـاوازە بەگوێـرەی بارودۆخـی کەسـەکان و ئەوانـەی کـە پەیوەندییـان لەگەڵـی هەیـە. بـەڵام، سـەرباری جیاوازییـەکان، لـە خـوارەوە باسـی سـێ شـت دەکەیـن کـە پێویسـتە بـەردەوام کاتێـک پیـر ڕووبـەڕووی ڕەخنـە دەبێتـەوە بیـکات:

- ◌ داوا لـە پیرانـی دیکـە بکـە کـە یارمەتیـت بـدەن لەسـەر کارکـردن لەگـەڵ ئەندامـی دڵتەنـگ. هـەروەک لـە بەشـی شەشـەمدا دەبینیـن، ئەمـە بـە یەکێـک لـە مەبەسـتەکانی خـودا دەزانرێـت بـۆ هەبوونـی زیاتـر لـە یـەک پیـر لـە کڵێسـا. بـەم کـردارەش دەڵێیـن «کۆمەڵـەی پیـران». پیـرەکان بـەردەوام پارێـزگاری لـە یەکـتر دەکـەن؛ چونکـە شـوانەکانیش هێشـتا خۆیـان مـەڕن. بـە سـادەییەوە بـڕۆ بـەردەم پشـکنینی ورد لەلایـەن پیرەکانـی دیکـەوە، لـە خۆشەویسـتیدا. ئەگـەر ئەندامەکـە لـە ڕێـگای ڕاسـت دەرچـووە، بـا پیرەکانـی دیکـە پشـتیوانی لـە هەڵوێسـتی تـۆ بکـەن.
- ◌ پارێـزگاری لـە دڵـت بکـە لـە وروژان بـۆ بەرگریکـردن لـە خـۆت، لـە تووڕەیـی، ڕقلێبوونـەوە. وە کاتێـک دەسـتی هـاوکاری بـۆ پیرانـی دیکـە درێـژ دەکەیـت، ئـەم بیانـووە بەکارنەهێنیـت بـۆ ئـەوەی هەڵوێسـتێکی بەرگریـکاری وەربگریـت؛ بەڵکـو کۆشـش بکـە بـۆ دروسـتکردنی خۆشەویسـتی و دڵنەرمـی بەرامبـەر ئەوانـەی دەیانەوێـت لـە بەهـای تـۆ کـەم بکەنـەوە.
- ◌ کاتێـک ڕووبـەڕووی خۆشـک یـان براکـەت دەبیتـەوە کـە لـە تـۆ تووڕەیـە، بـە وریاییـەوە گوێـی لـێ بگـرە. لـە مـاوەی چەندیـن سـاڵی ڕابـردوو تەنانـەت ئـەو کەسـانەش کـە زۆر تـووڕەن، ئەوانـەی کـە بـێ بەزەیـی ڕەخنـەم لـێ دەگـرن، زۆربـەی کات هۆکارێکـی دیاریکراویـان هەیـە. ڕەنگـە ئـەم هـۆکارە زێـدەڕەوی تێـدا کرابێـت، یـا بـە ڕێگایەکـی پێنەگەیشـتووانە و هەڵـە دەریانبڕیـوە. بـەڵام ئـەوان زۆربـەی کات کاردانەوەیـان هەیـە بەرامبـەر بـە شـتێک پێویسـتە مـن ڕووبـەڕووی ببمـەوە.

## ◌ ئاگادار بوون: بانگهێشتێک کە ئینجیل دایڕشتووە

گـەڕان بـەدوای ئەندامانـی وێڵبـوو لـەم هەڵوێسـتەدا یەکێکـە لـە قورسـترین بـەش و کەمتریـن سـەرنجی هەیـە لـە ئەرکـی پیـر. کاتێـک وانەیـەک دەڵێیتـەوە لـە لایـەن کڵێسـاوە ڕێـز و حورمەتێکـی تایبەتـت لـێ دەگیرێـت و دەستخۆشـیت لـێ دەکرێـت. وە ڕەنگـە لـە نوێژکردنـت بـۆ ئەندامـان هەسـت بکەیـت بـە ڕەزامەنـدی و ڕووگەشـی و بووژانـەوە کاتێـک ئەندامێکـی لەنێـو دەسـتەی پیـران کـەوا بڕیارێکـی مێژوویـی دەدات. بـەڵام سـوودە کەسـییەکان چییـە کـە وەک پیـر بـۆت دەگەڕێتـەوە لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی کەسـێکی داوێنپیـس یـان کـە دەچیـت بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەیەکی درێژخایـەن؟ کێیـە ئـەو کەسـەی حـەز دەکات دابنیشـێت و گـوێ بگرێـت لـەوەی دوو هاوسـەری تـووڕە بـە وردی ئـەو ڕێـگا جیاوازانـە ڕوون دەکەنـەوە کـە پێیـان وایـە تـۆ و کڵێسـا بەرامبـەر بـەوان هەڵەتان کـردووە؟ ئایـا هەمووومـان ئەوەنـدە کێشـەیەمان لـە ژیانـدا نییـە؟ بۆچـی دەکەویتـە نـاو زۆنـگاوی کێشـەکانی کەسـێکی دیکـە؟

باسـی یەکێـک لـە هـۆکارەکان دەکـەم: پیـران بـە قووڵـی ئینجیـل بەرجەسـتە دەکـەن کاتێـک بـەدوای ئەندامانـی وێڵـدا دەگەڕێـن. وە بەردەوامـی لـە بەدواداچوونیـان و شـوێنهەڵگرتنیان ئەوەیـە کـە دەیانەوێـت وەک عیسـا بـن.

شـوانە دڵسـۆزەکە هاتـە ئـەم جیهانـە بـۆ ئـەوەی بـەدوای ونبووەکـەدا بگەڕێـت و ڕزگاری بـکات. بەرخـی خـودا هـات بـۆ ئـەوەی بمرێـت لـە پێنـاوی ئـەو مەڕانـەی تۆبەیـان نەکـردووە، وە گوناهبـارن وەک ئێمـە. پزیشـکی مـەزن هـات بـۆ ئـەوەی مـەڕە شـەل و نەخـۆش و شکسـتەکان لـە دەرەنجامـی گونـاە چـاک بکاتـەوە. سـەرۆکی ئاشـتی جیهانەکەمانـی ملکـەچ کـرد کـە شـەڕ و دوژمنـداری و دابەشـبوونی لـە ژمارەنەهاتـوو وێرانـی کردبـوو. وە کاتێـک جوێنبارانمـان کـرد و لێمانـدا و بریندارمـان کرد دەمـی نەکردەوە.

عیسـا ناچـار نەبـوو بێـت، بـەڵام هـات. کاتێـک پیـران دەستپێشـخەری دەکـەن بـۆ چوونـە نـاو بابەتێـک، هەرچەنـدە لەسـەریان بکەوێـت، ئـەوان نموونەیەکـی ئـەم ئینجیلـە پێشـکەش دەکـەن کـە جـاڕی دەدەن.

# بەشی پێنجەم
# بەبێ خۆزاڵکردن ڕابەرایەتی بکە

بارودۆخەکـە بـەرەو ئاڵـۆزی دەچێـت، ئەگـەر شـوانی گـەورە و یاریـدەدەری شـوان سـەبارەت بـە چەندیـن بابەتـی گرنـگ هـاوڕا نەبـن، لەوانـەش هـزری یەزدانناسـی و باشـترین ڕێـگا بـۆ خزمەتکردنـی کڵێسـا. نیشـانەکانی جیـاوازی لـە نێوانیـان لەبـەردەم جەمـاوەری بـاوەڕداری کڵێسـا بـە گەورەیـی دەردەکەوێـت. وە گـرژی زیاتـر سـەریهەڵدەدا بـۆ دابەشـبوونی کڵێسـا.

پـاش ئـەوەی شـوانی یاریـدەدەر بارودۆخەکـەی بـۆم ڕوون کـردەوە، پرسـیارم لێـی کـرد: «ئایـا لـە کڵێسـاکەتان ئەنجومەنـی پیرانـی لـێ نییـە؟» بۆمـی دووپـات کـردەوە کـە لێیەتـی. ئیـتر بـەردەوام بـووم و گوتـم: «کەواتـە چ هەنگاوێکیـان گرتووەتـە بـەر بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم ناکۆکییـە؟»

پێـی گوتـم: «ئەمـە بەشـە ناخۆشـەکەیە ئـەوان نازانـن پێویسـتە چـی بکـەن؛ کـە ئاماژەی جیـاواز دەنێـرن. هەندێـک جـار پێـم دەڵێـن کـە دەیانەوێـت مـن لـە تیمـی کارکـردن بمێنمـەوە، وە هەندێـک جـاری دیکـە وا دیـارە کـە پێیـان وایـە جیاوازییەکانـی نێـوان مـن و سـەرۆکەکەم زیـاد لـە پێویسـت گەورەیـە».

دەتوانـم هەسـت بـە هـەر یەکێـک بکـەم کـە لـەم بارودۆخـەدا بەسـەر دەبات. هەسـتم بـە ئـازاری دڵـی هەریـەک لـە شـوانەکان کـرد کـە هەردووکیـان پەروەردگاریان خۆشـدەوێت بـەڵام هەریەکەیـان ڕوانگەیـان بـۆ خزمـەت جیـاوازە لـەوەی دیکەیـان. وە هاوسـۆز بـووم لەگـەڵ ئـەم پیرانـە. پێـم وایـە ئـەوان پیـاوی چاکـن، دەیانەوێـت خزمەتـی کڵێسـا بکـەن، بـەڵام خۆیـان لەنـاو ململانێیەکـی ئاڵـۆزدا بینیوەتـەوە، ئەگـەری هەیـە لـە هـەر کاتێکـدا لـە نێـوان دوو شـوانەکەی کڵێسـادا بتەقێتـەوە، ئەوانیـش دەیانەوێـت ڕێـزی هەردووکیـان بگـرن. نامـۆ نییـە ئـەوان وەک ئیفلیـج دیـارن لـە جووڵەکـردن. ئایـا ئەمـە جۆرێکـە لـە ئـاژاوە لـە سـەرووی ئاسـتی ئەرکـی ئـەوان؟

لەگـەڵ ئـەوەدا، ئـەوەی شـوانەکان و کڵێسـا پێویسـتیان بـوو ئـەوە بـوو کـە پیـران ئامادە بـن بـۆ چوونـە نـاو هـەر هەڵوێسـتێکی زۆر ئاڵـۆز، وە جڵـەوی ڕابەرایەتـی بگرنە دەسـت.

## ◌ کێ گوتوویەتی؟

ڕەنگـە وا دیاربێـت کـە زیـاد لـە پێویسـتە بەشـێکی تـەواو تەرخـان بکەیـن بـۆ بابەتـی ڕابەرایەتـی لـە کتێبـی پیـرۆز سـەبارەت بـە پیـران. ئایـا ڕوون نییـە کـە پیـران دەبـێ کڵێسـا بەڕێـوە ببـەن؟ ڕەنگـە، بـەڵام هەندێـک جـار شـتە ڕوونـەکان لەبەرچـاو ون دەبـن کاتێـک بارودۆخـەکان بـەرەو ئاڵـۆزی هەڵدەکشـێن.

ڕەنگـە پیـران بـە ئاسـانی هەسـت بـەوە بکـەن ئـەوان بەپێـی پێویسـت شایسـتە نیـن بـۆ ڕابەرایەتـی کڵێسـاکانیان، بـە تایبەتـی لـە کاتـی هەڵوێسـتە زۆر قورسـەکان. بـەم شـێوەیە بیـر دەکەنـەوە: «بڕوانامـەی ئەکادیمیـم نییـە لـە کۆلێـژی یەزدانناسـی. وە مەشـقم پـێ نەکـراوە بـۆ بەڕێوەبردنـی کڵێسـا. وە لەگـەڵ بەرپرسـیارییێتی خێزانـی زۆرم و ئەرکەکـەم کـە بـە دەوامـی تـەواو کاری تێـدا دەکـەم، توانـای تێگەیشـتنی تـەواوم نییـە بـۆ چارەسـەری ئـەم کێشـەیە. بـۆ ئـەوەی ڕاسـتگۆ بـم، هەسـت دەکـەم کـە مـن زیاتـر نیـم لـە ئەندامێکـی ڕێـزداری لیژنەیەکـی کڵێسـا». کێـن پیرانـی پـارت تایـم بـۆ ئـەوەی فەلسـەفەی خزمەتـی نێردراوییێتییـەکان دابڕێژنـەوە، کـەوا زۆر لەمێـژە کڵێسـا بنیـادی دەنێـت، وە کێـن بـۆ ئـەوەی ڕابەرایەتـی کۆمەڵـی بـاوەڕداران بکـەن لـە پڕۆژەیـەک کـە تێچوونێکـی زۆری هەیـە بـۆ فراوانکردنـی دەزگاکان، یـان جیـاکاری بکـەن لـە بانگەشـەی کەمـی ڕێکوپێکـی یـان پشتگوێخسـتنێکی خێـرا لەلایـەن یەکێـک لـە ئەندامانـی تیمـی خزمـەت لـە کڵێسـادا؟

ڕەنگـە ئەندامانـی کڵێسـاش بەلایانـەوە سـەیر بێـت. هەندێـک جـار ئەندامـی کڵێسـا بـە ڕادەیـەک لەگـەڵ ڕابەرایەتـی پیـری پـارت تایـم دەڕوات کـە پیرەکـە بـەو ڕێگایـەدا دەبـات کـە ئەندامەکـە دەیەوێـت. بـەڵام، کاتێـک پیـران دووڕیانێکـی ”هەڵـە“ی ڕێـگا هەڵدەبژێـرن لەنـاکاو ئەندامـی کڵێسـا ڕادەوەسـتێت و گلەیـی دەکات، دەڵێـت: ”ئـەو خـۆی بـە کـێ دەزانێـت؟ مـاوەی دە سـاڵ لەگەڵـی بـووم لـە زنجیرەکانـی خوێندنـی کتێبـی پیـرۆزدا. ئـەو لـە مـن باشـتر نییـە. ئێسـتا ئایـا ئـەو دەیەوێـت لـە نـاکاو خـۆی بڕیـار لـە شـتەکان بـدات؟»

تەنانـەت دەتوانیـن هەنگاوێکـی دیکـە بـەرەو دواوە بگەڕێینـەوە و گومـان بکەیـن لـە یاسـاییبوونی دەسـەڵاتی پیـر لـە بەرگێکـی فراوانـتر بـۆ ئـەو قۆناغـە فەرهەنگییـەی کـە تێیدا دەژیـن. لێـرە لـە ڕۆژاوا خەڵکـی حـەز دەکـەن بـە گومانـەوە تەماشـای ڕابـەران بکـەن. ئێمە حـەز دەکەیـن گومـان لـە دەسـەڵات بکەیـن، چەندیـن بیرۆکـەی پیلانگێـڕیٚ دادەڕێژیـن، وە هەڵـەی کەسـانی دیکـە ڕادەگەیەنیـن. هەتـا ڕابەرەکـە مـەزن بێـت، کەوتنـی زەحمەتـتر دەبێـت، وە بـەو هۆیـەوە خەڵکـی بـە کەوتنـی زیاتـر خۆشـحاڵ دەبـن. ئەگـەر دەسـەڵات

لـە دەزگاکانـی دەرەوە گـۆڕا بـۆ دەزگاکانـی ناوخـۆ، ئـەوا هـەر کەسـێک دەبێتـە گـەورەی خـۆی. کەواتـە، لەنێـو ئـەو کەشـەدا، کـێ پیـرە، کڵێسـا لەبیـر بـکات، بـۆ ئـەوەی بـە هـەر یەکێـک بڵـێ پێویسـتە چـۆن بژیێـت یـان پێویسـتە بـاوەڕی بـە چـی هەبیـت؟

ئایا بەڕاستی پیران دەسەڵاتی ڕابەرایەتییان هەیە لە کڵێسادا؟

## ◌ بۆیە هەیە ببێتە ڕابەر

بـا دەسـتبکەین بـە پێداچوونـەوە بـۆ ئـەم سـێ نـاوەی لـە شـوێنی یەکـتر بەکاردێـن و لـە پەیمانـی نوێـدا بـۆ ئـەم ئەرکـە دانـراون. سـەرباری ئـەوەی ئـەم سـێ نازنـاوە ئامـاژەی کەمێـک جیاوازیـان هەیـە، هەموویـان ئامـاژەن بـۆ بیرۆکـەی دەسـەڵات و ڕابەرایەتـی:

- ◌ پیـر: ئـەم دەسـتەواژەیە واتـای دانایـی و ئەزمـوون لەخـۆ دەگرێت. خەڵکـی دەچنە لای پیـر بـۆ داواکردنـی ڕاوێـژ و ڕێنوێنـی. هـەروەک پیـران دەسـەڵاتی ئەخلاقییـان هەیـە؛ کاتێـک قسـە دەکـەن، پێویسـتە خەڵکـی گوێیـان لـێ بگـرن.
- ◌ شـوان (قەشـە): شـوان کاروبـاری مێگـەل لـە ئەسـتۆ دەگرێـت، مـەڕەکان لـە شـوێنێک دەباتـە شـوێنێکی دیکـە. ئایـا دەکـرێ بیـر لـە شـوانێک بکەیتـەوە بەلایـەوە گرنـگ نەبێـت مـەڕەکان بـە چ ئاراسـتەیەکدا دەڕۆن؟
- ◌ سەرپەرەشـتیار، چاودێـر: ئـەم دەسـتەواژەیە وەسـفی کەسـێک دەکات سەرپەرشـتی شـتێک یـان کەسـانێک دەکات و ئـاگای لێیـان دەبێـت.

هەروەهـا جارێکـی دیکـە بیـر بکـەوە لـە چەنـد دەقێکـی کتێبـی پیـرۆز کـە پێشـتر خوێندمـان. لـەو کاتـەی جارێکـی دیکـە ئـەم ئایەتانـە دەخوێنیتـەوە، تێبینـی ئـەوە بکـە هـەر یەکێـک لـە نووسـەرانی ئـەم ئایەتانـە وای دانـاوە کـە چاودێرەکانـی کڵێسـا دەسـەڵاتی ڕابەرایەتـی کڵێسـایان هەیـە، وە ئەندامانـی کڵێسـا بەرپرسـیاریەتییان لـە ئەسـتۆیە بـۆ ڕێزگرتـن لـەو دەسـەڵاتە و ملکەچبوونیـان بـۆی.

> «ئەگـەر کەسـێک نەزانێـت خێزانەکـەی بەڕێـوە ببـات، چـۆن چاودێـری کڵێسـای خـودا دەکات؟» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٣: ٥).

> «ئـەو پیرانـەی کـە بەباشـی کڵێسـا بەڕێوەدەبـەن، شـایانی ڕێزێکـی دووقاتـن، بـە تایبـەت ئەوانـەی لـە وتـاردان و فێرکردنـی وشـەی خـودا مانـدوو دەبـن» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٥: ١٧).

«ئیتر خوشکان و برایان، داواتان لێ دەکەینرێزی ئەوانە بگرن کە لەنێوتاندا زەحمەت دەکێشن و بەیەکبوون لەگەڵ مەسیحی باڵادەستدا سەرپەرشتی و ئامۆژگاریتان دەکەن، لەبەر کارەکانیان ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستییان بۆ دەربڕن. بە ئاشتی لەگەڵ یەکتری بژین» (یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٢، ١٣).

«گوێڕایەڵی ڕابەرەکانتان بن و ملکەچیان بن، چونکە ئێشکتان بۆ دەگرن، وەک بڵێی حیسابیان پێشکەشی خودا دەکەن، تاکو بە شادییەوە ئەمە بکەن نەک بە بێزاری، چونکە ئەمە زیانی بۆتان دەبێت» (عیبرانییەکان ١٣: ١٧).

پیران ئەندامەکان بەڕێوە دەبەن، ڕابەرایەتییان دەکەن و هۆشدارییان پێدەدەن و بەردەوام دەبن لەوەی گرنگییان پێدەدەن. وە ئەندامان کاردانەوەیان دەبێت بە دەربڕینی پێزانینی شایستە بە پیران و ڕێزیان دەگرن و گوێڕایەڵیان دەبن.

کڵێساکان جیاوازن لە چۆنیەتی ڕێکخستنی؛ ئەو کڵێسایانەی بە سیستەمی بەکۆمەڵ بەڕێوە دەبردرێن وەک کڵێساکەی من، ڕێکخستنەکەی وەک کڵێساکانی پیران نییە، وە هەردوو کڵێسا سیستەمی چاودێری پەیڕەو ناکەن کە پشت دەبەستێت بە بوونی چاودێر و سەرۆکی چاودێران ، وەک هاوڕێیانمان لە کڵێسای ئەنگلیکان. بەڵام پێویستە هەموو کڵێساکان بەلای کەمەوە لەسەر یەک شت کۆک بن کە لەسەر بنەمای فێرکردنی کتێبی پیرۆزە، ئەویش ئەوەیە کە خودا هەندێک دەسەڵاتی بە پیران داوە لە پێناوی بەڕێوەبردنی کاروباری کڵێسای نێوخۆییدا.

## ◌ پشوودان لەنێو شتومەکەکان

ئەگەر تۆ پیری کڵێساکەتیت، کۆشش بکە بۆ ئەوەی ڕابەرایەتی کڵێساکەت بکەیت. پێویستت بەوە نییە کە هەموو وەڵامەکان بزانیت، بێگومان ناتوانیت هەموو شتێک بە ڕێگایەکی نموونەیی جێبەجێ بکەیت. بەڵام عیسا تۆی کردووەتە بریکار بۆ ڕابەرایەتی مێگەل. کڵێساکەت پێویستی بەوەیە تۆ دەستپێشخەری بکەیت و گەل لە نەخشەی ڕێگا بەرەو پێش ببەیت.

ڕەنگە حەز بکەیت کاردانەوەت وەک شاولی پاشا بێت. لەگەڵ ئەوەی کە خودا

شاولی هەڵبژارد، هەرچەندەش کە ساموئێل دەستنیشانی کرد وەک پاشا، شاول خۆی لەناو شتومەکەکان شاردەوە لەو کاتەی کە پێویست بوو بۆ یەکەم جار لەبەردەم گەل دەربکەوێت. دەبێ شوێنێکی نموونەیی بوویێت بۆ خۆحەشاردان؛ لەبەر ئەوە پێویست بوو گەل لە خودا بپرسێت لەکوێیە. «جا جارێکی دیکە لەیەزدانیان پرسی: «ئایا ئەو پیاوە بۆ ئێرە دێت؟» یەزدانیش فەرمووی: «ئەوەتا خۆی لەناو شتومەکەکاندا شاردووەتەوە.»» (یەکەم ساموئێل ١٠: ٢٢). ئەی پیری برام، خۆت مەشارەوە لە کاتێکدا کڵێسا پێویستی بە ڕابەرایەتی تۆ هەیە. کاتی ئەوە هاتووە کە تۆ لەنێو شتومەکەکان بێیتە دەرەوە؛ وەرە دەرەوە لەنێو ئەو شوێنەی تەرخان کراوە بۆ جانتاکان وە شوێنی خۆت بگرە لەنێو شوێنی لێخوڕینی فڕۆکە.

خودا کۆمەڵی باوەڕدارانی کڵێساکەمی بەرەکەتدار کردووە بەوەی جار لەدوای جار پیرانی پارت تایم ئازای پێ بەخشیون کە لە کاتی ناخۆشدا شوێنی ڕابەرایەتییان گرتووە. ئێستا بیر لە جۆن دەکەمەوە، کە بە لێهاتوویی ڕابەرایەتی کردین لە پێداچوونەوە بە دەستوورەکەمان لەدوای چەندین ساڵ کە کڵێسا ئەزموونی دابەشبوونێکی ئازاربەخشی هەبوو. دووبارە نووسینەوەی دەستووری کڵێسا دەنگدانی تەواوی ئەندامانی کڵێسای پێدرا. لە چەندین کۆبوونەوەی پڕ لە گرژی لەگەڵ تیم دانیشتم، وە بینیم چۆن بە هەموو هێمنییەک سەرکەوتوو دەبێت لە دەرهێنانی پلێتەی دووبەرەکی لەنێو ئەندامانی کڵێسا، تەنانەت لە نێوان ئەندامانی تیمی کارکردنی کڵێساش. وە یادی «مات» دەکەمەوە کە سەرکەوتوو بوو لە هێنانەدی یەکێتی لە کڵێسادا لە ڕێگای ئەوەی بە ڕوونی و سەرنجڕاکێشییەوە ڕوونی کردەوە کە پێویستمان بە فراوانکردنی تەلارەکانی کڵێسا هەیە. وە سوپاسی ڕیک و کێڵی دەکەم، ئەوانەی کە یارمەتیدەر بوون لە ڕێنوێنیمان لە ڕێگای کردارێکی گەڕانی ئاڵۆز لە شوان. وە گەڕانەکەمان کۆتایی پێهات بەوەی کە شوانێکی یاریدەدەری زۆر باشمان دۆزییەوە. ڕەنگە مێگەل تێبینی ئەوە ناکەن کە ئێرک لەپێناویان چی کرد و ماندوو بوو لە هاندانی پیرانی دیکە بۆ ئەوەی ببنە شوانی ئەندامانی کڵێسا.

تەنانەت من کە ئەم وشانە دەنووسم، سوپاسی خودا دەکەم لە پێناوی «بیل»، کە لەگەڵ ئەوەی ئێستا لە دوو کاردا بە دەوامی تەواو کار دەکات، ئەو کاتە دەقۆزێتەوە کە تێیدا کار ناکات، وە ئەزموونەکەی لە بەڕێوەبردن و کاریگێڕیدا بۆ یارمەتیدانی من بەکاردێنێت. ئەو لە هەمان کاتدا مەشقم پێ دەکات بۆ ڕابەرایەتی، ئەمەش بە دەستکەوتێکی زێدە دادەنێم!

دەتوانم ئەوەندەی لەم بەشەدا ماوە بە ناو و چیرۆک گەلێک پڕبکەمەوە کە شایانی ئەوەن لە هۆڵی تایبەت بە پیرانی ناوداری دابنێم . ئیمتیازی ئەوەم هەبوو کە هاوبەشی پیاوانێک بم کە ئەم مێگەلەیان ئەوەندە خۆشویست کە بڕیاری قورس بدەن، وە سیاسەتێک دابڕێژن لەسەر بنەمای ئینجیل، وە ماندوو بن لە پێناو یەکێتی کڵێسا، وە لە کاتی بێهیواییدا، بکشێنەوە، هەروەها چەندین کاتژمێر لە کۆبوونەوە، گفتوگۆ، نوێژکردن لە پێناوی مێگەل بەسەر ببەن. ئەو دەسەڵاتەی کە بە لێهاتووی پیاوانێک بەکاریدەهێنن لەخواترسن، خۆشەویستن، ژیان و یەکێتی و بەرهەمی لێ هەڵدەقوڵێت لە کڵێسای ناوخۆیی. وە خودی کڵێسا سوودمەند دەبێت کاتێک ڕێز لەم دەسەڵاتە دەگرێت (عیبرانییەکان ١٣: ١٧).

### ◌ پاوانخوازی

ڕەنگە هێشتا قایل نەبووبیت!

ئایا ئەم گفتوگۆیە سەبارەت بە دەسەڵاتی پیر گرژیت پێدەدات؟ هێشتا دوودڵیت تەنانەت لەگە ئەم دەقانەی کتێبی پیرۆز کە ئەم قسەیە دەسەلمێنێت؟ ڕەنگە بەگوێرەی ئەزموونی تۆ، کێشەکە لەوەدا نییە کە پیران زۆر هاوشێوەی شاول بن کاتێک خۆی لەنێو شتومەکەکان حەشاردا بۆ ئەوەی خۆی لە تەختی پاشایەتی بدزێتەوە. کێشەکە لەوەدایە کە وەکو شاول بن لە کاتی پاشایەتییەکەی، کاتێک ڕمەکەی بۆ داود هاوێشت و هەوڵی دا بیکوژێت بە پاڵنەری ئیرەیی لەوەی کە دەترسا ئەم کوڕە بێتلەحمییە تاجی پاشایەتی لێ زەوت بکات (یەکەم ساموئێل ١٨: ٩-١١). ڕەنگە هەست بکەیت کە هەڕەشەی ڕاستەقینە کە پیران ڕووبەڕووی دەبنەوە ترسیان نییە بەڵکو ستەمکارییانەیە.

گەنجێکی باوەڕدار دەناسم حەزی دەکرد لە کڵێسایەکی خۆجێیی خزمەت بکات کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێکی بچووکی باوەڕدار و دەکرا سوود لە بەهرەکانی وەربگیردرێت. بەڵام ئەم گەنجە خۆی بینییەوە لەبەردەم ڕێگری یەکێک لە پیرانی کڵێسا. ئەم پیرە یارمەتیدەر بوو لە دامەزراندنی کڵێساکە، وە قسەکانی دەسەڵاتی هەبوو. سەرباری ئەمە، هەندێک جار ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی خۆی بەکار دەهێنا؛ یەکێک بوو لە «ڕابەرانی» نێو کۆمەڵی باوەڕداران، وە نەدەترسا لەوەی ئەمە سەبارەت بەو بزانرێت. وە بە داخەوە، ئەم پیرە سەرسام نەبوو بەوەی ئەم گەنجە دەیتوانی

پێشکەشـی بـکات بـە کڵێسـا و بـەو گۆڕانکارییانـەی ئـەم گەنجـە دەیویسـت بیـکات. لـە ڕاسـتیدا، بـە گشـتی پیرەکـە لـە لایەنگرانـی گۆڕانـکاری نەبـوو. وە کاتێـک جەنگەکـە کۆتایـی پێهـات، وە بارودۆخەکـە هێـور بـووەوە، گەنجەکـە بڕیـاری دا بـە هێمنـی لـە کڵێسـا بکشـێتەوە، بـە برینـداری و بێهیوایـی.

لـە ڕاسـتیدا بابەتەکـە پێویسـتی بـە زیاتـر لـە یـەک ململانـێ یـان دوو نییـە لەگـەڵ پیرانـی خۆسـەپێن، ئەوانـەی هەسـت بـە گرنگـی خۆیـان دەکـەن، بـۆ ئـەوەی وا لـە مـرۆڤ بکـەن گومـان بکـەن لـە بابەتەکانـی وەکـو «دەسـەڵاتی شـوانایەتی» و «سەرپەرشـتی و گرنگپێدانـی ڕۆحیـی». لـە کۆتاییـدا، ئایـا ئـەم دەسـتەواژانە نییـە کـە ڕابەرانـی دەسـتە و مەزهەبـە ئایینییـە جیـاوازەکان بەکاریدەهێنـن بـۆ ئـەوەی پارێـزگاری بکـەن لـە ڕێکخسـتنی خەڵـک؟

## ◌ ڕابەرایەتی بەبێ خۆسەپاندن

عیسـا و نێردراوانـش هەمـان دڵەڕاوکـێ و نیگەرانـی تۆیـان هەیـە. ئـەوان نـە تەنهـا دەسـەڵاتی ڕابەرایەتییـان بـە پیـران داوە، بەڵکـو هەروەهـا شـێوازی ڕابەرایەتییـان لـە بنەڕەتـەوە داڕشـتووەتەوە بـەوەی کـە خزمەتێکـی سـاکارە، وە قوربانیدانـە بـۆ مێگـەل. وە پەتـرۆس بەرپرسـیاریێتی پیرانـی دووپـات کردووەتـەوە سـەبارەت بـە بەڕێوەبردنـی مێگـەل وەک چاودێـر (یەکـەم پەتـرۆس ٥: ٢)، بـەڵام لـە هەمـان دەقـدا داوای لـە پیـران کـردووە کـە بـە دڵنەرمـی ڕابەرایەتـی بکـەن و ببنـە پێشـەنگی مێگەل:«خۆتـان بەسـەر ئەوانـەدا مەسـەپێنن کـە دراونەتـە دەسـتتان، بەڵکـو ببنـە نموونـە بـۆ مێگـەل» (یەکـەم پەتـرۆس ٥: ٣). ڕەنگـە پەتـرۆس لێـرەدا باسـی ئـەوە بـکات کـە عیسـا فێـری ئـەو و قوتابییەکانـی دیکـە کـردووە سـەبارەت بـە دەسـەڵات و مەزنییەتـی ڕاسـتەقینە لـە شانشـینی خـودا:

> «بـەڵام عیسـا بانگـی کـردن و فەرمـووی: «دەزانـن سـەرۆکی نەتەوەکانـی دیکـە وەک میـر فەرمانڕەواییـان بەسـەردا دەکـەن[1] و گەورەکانیـان دەسـەڵاتیان بەسـەردا دەسـەپێنن. بـەڵام لەنێـو ئێـوەدا ئـاوا نابێـت، بەڵکو ئـەوەی دەیەوێـت لەنێوتانـدا پایـەی بـەرز بێـت، بـا ببێتـە خزمەتکارتـان وئـەوەش کـە دەیـەوێ لەنێوتاندا ببێتەیەکـەم، بـا ببێتـە بەندەتـان، وەک

1 جێـگای سـەرنجە کـە وشـەی یۆنانـی کـە وەرگێـڕدراوە بـە «فەرمانڕەواییان بەسـەردا دەکـەن» لێـرە لـە (مەتـا ٢٠: ٢٥)، هەمـان وشـەیە کـە پەتـرۆس بەکاریدەهێنێـت (یەکـەم پەتـرۆس ٥: ٣). سـەرباری ئـەم دەقانـە، هەمـان وشـە لـە (مەرقـۆس ١٠: ٤٢) هاتـووە، (دەقەکـە هاوتەریبـە لەگـەڵ دەقـی ئینجیلـی مەتـا)، وە لـە (کـرداری نێـردراوان ١٩: ١٦).

چـۆن کـوڕی مـرۆڤ کـە نەهاتـووە تاکـو خزمـەت بکرێـت، بەڵکـو خزمـەت بـکات و ژیانـی خـۆی بەخـت بـکات بـۆ کڕینـەوەی خەڵکێکـی زۆر.» (مەتـا ۲۰: ۲۵-۲۸).

کاتێـک شـوانە دڵسـۆزەکە ژیانـی خـۆی بەخشـی لـە پێنـاوی مـەڕەکان، تەنهـا لـە گونـاە نەیکڕینـەوە، بەڵکـو ئـەو مێگەلـەی کـە خـۆی کـردە قوربانـی بۆیـان واتایەکـی نوێـی پـێ بەخشـین بـۆ مەزنـی و دەسـەڵات.

عیسـا لـە دواییـن ئێوارەخوانیـدا، قوتابییەکانـی سەرسـام کـرد کاتێـک پێیانـی شوشـت. ئێنجـا ئـەم شـتە سەرسـوڕهێنەرەی بـەم شـێوەیەی خـوارەوە بـۆ ڕاڤـە کـردن:

«جـا کـە مـن گـەورە و مامۆسـتاتانم و پێـم شوشـتن، ئێـوەش لەسـەرتانە پێیـەکتری بشـۆن. مـن نموونەیەکـم پێـدان تاکـو ئـەوەی بـۆم کـردن ئێـوەش بیکـەن. ڕاسـتی ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: کۆیلـە لـە گەورەکـەی زیاتـر نییـە، نێردراویـش لـەوەی ناردوویەتـی زیاتـر نییە.»(یۆحەنـا ۱۳: ۱٤-۱٦).

لـەم شـەوەدا، عیسـا عەباکـەی داکەنـد و بـە دەسـتەکانی خۆی پیسـی پێـی قوتابییەکانی شوشـت. وە لـە ڕۆژی داهاتـوو دیسـان جلەکـەی داکەنـد، هەمـان ئـەم دوو دەسـتە لەسـەر خـاچ بزمارکـوت کـران بـۆ ئـەوەی گوناهـی دەروونـی قوتابییـەکان بشـوات. ئەوانـەی کـە گوناهیـان بەخـشرا، چاویـان بـۆ خاچەکـە بـەرز کـردەوە و تەماشـای ڕابەرایەتـی و مەزنییێتـی کـرد لـە عیسـادا شـکۆمەند بـوو بـە ڕێگایەکـی پێچەوانـە کـە جیهـان تووشـی حەپەسـان دەکات و ڕیسـوای دەکات.

## ◌ پێکهاتەی ڕابەرایەتییەکی خزمەتکار

چـۆن دەکـرێ پیـران بـەردەوام بـە سـاکاری دەربکـەون، خاولـی لـە ناوقەدیـان ببەسـتن، پێـی کەسـانی دیکـە بشـۆن، بـەرەو شـێوازی لووتبـەرزی و دەسـەڵاتداری سـتەمکار نەچـن؟ ئایـا دەکـرێ پیـران بەڕاسـتی ڕابەرایەتـی بکـەن بەبـێ خۆسـەپاندن، وە دەسـەڵات پەیـڕەو بکـەن بەبـێ زۆرداری؟

هەرگیـز ناتوانیـت بـە تـەواوی مەترسـی زۆرداری ڕابـەران نەهێڵیـت. لووتبـەرزی بـەردەوام بـەدوای دڵمانەوەیـە، لـە بنەڕەتـدا بەرپرسـیارێتییەکە لـە ئەسـتۆی هەمـوو

پیرێکـە؛ کـە پێویسـتە هەمـوو ڕۆژێـک بـە هێـزی ڕۆحـی پیـرۆز لووتبەرزییەکـەی لـە خـاچ بـدات. بـەڵام هەروەهـا کڵێسـاکان دەتوانـن شـتانێک بکـەن کـە دەکـرێ بـرەو بـە ڕۆشـنبیری ڕابەرایەتـی بـە سـاکارییەوە بـدات. وە دەکـرێ ڕابـەر و گـەل پێکـەوە ژیانیـان بنیـاد بنێـن بـە ڕێگایـەک وا بـکات ڕابەرایەتـی خزمەتـکار ببێتـە سروشـتی، وە وا بـکات کـە فەرمانڕەوایەتـی زۆرداری ببێتـە شـتێکی ناشایسـتە.

بیـر لـەم نەریتـە بـە کۆمەڵـە بکـەوە ئایا ئـەوە نیـت کـە دەکـرێ یارمەتـی پیـران و کۆمەڵی بـاوەڕداران بدەیـت لـەوەی کـە خزمەتـی یەکـتر بکەن هـەروەک عیسـا خزمەتـی کردین:

### ◌ پیرانێکی ساکار و بێفیز هەڵبژێرن

ئاسـانترین و کاریگەرتریـن شـت کـە دەکـرێ کڵێسـا بیـکات ئەوەیـە کـە کردارێکـی ناوخۆیـی دروسـت بـکات بـۆ دەستنیشـانکردنی ئەوانـەی کـە دەبـن بـە پیـر، ئینجـا مکـوڕ بـن لەسـەر دەستنیشـانکردنی پیاوانـی سـاکار. هـەروەک لـە بەشـی یەکەمـدا بینیـمان، خشـتەی شایسـتەییەکانی پیـران ئـەوەی تێـدا هاتـووە کـە پێویسـتە پیاوانێـک بـن «دڵنـەرم بێـت، شـەڕفرۆش نەبێـت» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٣: ٣) وە ئـەوە نەبێـت «خۆسـەپێن و تـووڕە» (تیتـۆس ١: ٧).

گوێـم لـە شـوانێک بـوو کـە دەیگـوت گرنگتریـن ئـاکاری ڕابـەری کڵێسـا، سـاکاری و بێفیزییـە. وە بـەردەوام بـوو و گوتـی کـە ئـاکاری گرنگـی دوای ئـەوە بێفیزییـە. کەواتـە، سـێیەم چییـە؟ پێـم وایـە کـە دەزانیـت.

لـە کاتـی دەستنیشـانکردنی پیـران، لـەو پیاوانـە بگـەڕێ کـە ئەزموونـی پێشـوویان هەیـە لـە کارکـردن لـە کڵێسـاکان بـە دەسـتێکی بەزەبـر بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا نەرمونیـان. ئـەو پیاوانـەی کـە دڵێکـی خزمەتکاریـان هەیـە، ئەوانـەی کراونەتـە پیـر، دەکـرێ کـە بـەردەوام بـن لـەوەی وەک خزمەتـکار هەڵسـوکەوت بکـەن. تەنانـەت ئەگـەر هەندێـک تووشـی لوتبـەرزی بـن، ئـەوان حـەز دەکـەن بـە ڕێگایەکـی بـاش کاردانەوەیـان هەبێـت کاتێـک تووشـی ڕووبەڕووبوونـەوە دەبـن. بەدوای ئـەم پیاوانـەدا بگـەڕێ کـە دەتوانـن ئـەوەی لـە هزریانـدا هەیـە دەریببـڕن لـە کاتـی کۆبوونەوەکانـی پیـران و هەروەهـا ئەوانـەی ملکەچـی خواسـتی تیـم دەبـن لـە کاتێکـدا بۆچوونەکانیـان زۆرینـەی دەنـگ بەدەسـتاهێنێت. پیرانـی سـاکار دەتوانـن ملکەچـی یەکـتر بـن.

بـەڵام ئەگـەر کەسـیک لەخۆبایـی و لووتبـەرز بیـت، کەللـەڕەق بیـت، خۆسـەپێن بێـت، هەڵـە مەکـە و داردەسـتی شـوانایەتی پـێ مـەدە، هەرچەنـدە ئـەو بەهـرە و ئەزموونـەی هەیەتـی یـان ئـەو داهـات و ئامـرازی کـە هەیەتـی ڕەنگـە بـۆ ئەرکەکـە سـوودی هەبێـت: «بـە پەلـە دەسـت لەسـەر کـەس دامەنـێ و بەشـداری گوناهـی خەڵکـی دیکـە مەکـە» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٥: ٢٢).

## ۞ دەسەڵات بدەنە خزمەتکاران

تەنهـا پیـران لـە کڵێسـادا کار ناکـەن؛ نێـردراوان خزمەتکارانیشـیان دانـاوە. جێـی مەترسییە کـە زێدەڕۆیـی بکەیـن لـە کەمکردنـەوەی وەسـفی ئەرکـی خزمەتـکاران، کـەوا یەکێتـی کڵێسـا فەراهـەم دەکـەن بـە گرنگیدانیـان بـە شـتە لۆجیسـتییەکان، کارگێڕییـەکان و مادییەکانـی کڵێسـا. زۆر لـە ڕاڤـەکاران وای دەبینـن کـە «حەوتەکـە» لـە کڵێسـای سـەرتایی، یەکـەم نموونـەی خزمەتـکاران بـوون؛ ئەرکیـان سەرپەرشـتیکردن بـوو لەسـەر دابەشـکردنی خـۆراک بـۆ بێوەژنانـی کڵێسـا، بـۆ ئـەوەی هاوسـەنگی لەنێـو کۆمەڵـی بـاوەڕداران هەبێـت، وە نێـردراوان ئازادیـی پێویسـتیان هەبێـت بـۆ خۆتەرخانکـردن بـۆ خزمەتـی وتـاردان و نوێژکـردن (کـرداری نێـردراون ٦: ١-٧).

بنیادنانـی سیسـتەمێکی تەندروسـتی خزمەتکارانـی ڕاسـپێردراو بـە ئەنجامدانـی خزمەتێکـی دیاریکـراو دەکـرێ سـنووری دەسـەڵات و پسـپۆڕی لەنێـو کۆمەڵـی بـاوەڕدران فـراوان بـکات، وە پاشـان پارێزگارییەکـی ڕێکخسـتن بەدیدەهێنێـت بـۆ مەترسـی خنکانـی پیـران بـە هـۆی زۆری ئـەرک و نەتوانیـن ئەنجامدانـی ئەرکـی سـەرەکییان. هێشـتا ڕۆڵـی پیـر بەڕێوەبردنـی کڵێسـایە؛ لـە کرۆکـی بابەتەکـەدا بەرگـەی بڕێـک بەرپرسـیارییێتی دەگـرن لـە هـەر شـتێکی پەیوەسـت بـەم کارگێڕییـە. بـەڵام دەتوانـن خزمەتـکاران ڕابسـپێرن بـە ئەرکـی دیاریکـراو و ئـازادی هەڵسـوکەوتیان پێبـدەن. کاتێـک پیـران خزمەتکارانـی بەهرەمەنـد ڕادەسـپێرن بـە ئەرکێکـی وەکـو میوانداریکـردن لـە کڵێسـادا، یـان خزمەتـی چاودێـری منـداڵان، یـان گرنگیـدان بـە تـەلاری کڵێسـا، یـان ڕێکخسـتنی ژمێریـاری، یـان کاری خێرخـوازی، وە ئامـرازە تەکنەلۆژییـەکان، ئـەوان بەمـە پەیامـی متمانـە و ملکەچـی بـە کۆمەڵـی بـاوەڕداران دەگەیەنـن. لـە بەرامبـەردا خزمەتـکاران بـاری پیـران سـووک دەکـەن بـۆ ئـەوەی خۆیـان تەرخـان بکـەن بـۆ فێرکـردن، نوێـژ، شـوانایەتی، ڕێـک وەک ئـەوەی «حـەوت» کەسـەکە لەگـەڵ نێـردراوان کردیـان لـە (کـرداری نێـردراوان ٦).

## ◌ وەڵامدەر بن

ئایا کڵێساکەت هیچ ڕێچکەیەکی تایبەت دەگرێتە بەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پیرەی کە تووشی گوناه دەبێت؟ پۆڵس بە تیمۆساوسی گوت کە قەدری پیران بگرێت و ڕێزێکی زیادیان لێ بگرێت (یەکەم تیمۆساوس ٥: ١٧، ١٨). بەڵام ڕاستەوخۆ لە ئایەتەکانی داهاتوو پۆڵس فەرمانی کردووە بە سەرزەنشتکردنی پیرانی گوناهبار کە گوناهێکی ئاشکرا دەکەن:

> «سکاڵا لەسەر هیچ پیرێک قبوڵ مەکە، بە دوو یان سێ شایەت نەبێت. ئەوانەی گوناه دەکەن لەبەردەم هەمووان سەرزەنشتیان بکە، بۆ ئەوەی ئەوانی دیکەش بترسن» (یەکەم تیمۆساوس ٥: ١٩، ٢٠).

ئەی پیر، ئەگەر بینیت چاودێرێک لە خودا یاخی دەبێت، وە نایەوێت تۆبە بکات، پشتگوێی مەخەن لەبەر ئەوەی پیرە. هەروەک پۆڵس لەم ئایەتانەدا دەڵێت: «لەبەردەم خودا و عیسای مەسیح و فریشتە هەڵبژێردراوەکان ڕاتدەسپێرم، ئەم ڕاسپاردانە بە بێ لایەنگری بەجێ بگەیەنە و هیچ شتێک بە دەمارگیرییەوە مەکە» (یەکەم تیمۆساوس ٥: ٢١).

## ◌ ڕێز لە وشەکە بگرە

پیر دەتوانێت کە ڕابەرایەتی بکات بەبێ ئەوەی خۆی بسەپێنێت بەوەی کە لە کڵێسادا وشەی خودا و ئینجیل بکاتە تەوەری. پێویستە لەسەر پیر بەردەوام خۆی ملکەچی وشەکە بکات، لە هەموو فێرکردن و هەموو پەرستش و خزمەتێکی. ئەمە بەبیری پیر و کۆمەڵی باوەڕداران دەهێنێتەوە کە دەسەڵات مەرجدارە، وە بەوەی کە لە ژیانی کڵێسادا تەنها کتێبی پیرۆز دەسەڵاتی ڕەهای هەیە. پێویستە لەسەر کۆمەڵی باوەڕداران کە پیاوانێک هەڵبژێرن بۆ پلەی پیران زیاتر ڕێز لە کتێبی پیرۆز بگرن، نەک بە هۆی ڕا و بیروبۆچوونیان سەبارەت بە کتێبی پیرۆز.

لە کۆتاییدا، پیران دەسەڵاتیان بەسەر کڵێسای عیسادا نییە جگە لەوەندەی کە فێر دەکەن، گوێڕایەڵ دەبن و قسەی عیسا جێبەجێ دەکەن. ویلیام جۆنسۆن لە سەدەی نۆزدە باسی ئەم شتەی کردووە و دەڵێت: «پیران بەڕێوەبەری جێبەجێکارین، نەک یاسادانەر»m. ئەرکەکەیان تەنها ڕاگەیاندنی فێرکردنی کتێبی پیرۆز و جێبەجێکردنییەتی

---

**Mark Dever, ed.,** *Polity: Biblical Arguments on How to Conduct Church Life* **(Washington, DC: Nine** m

لـه ژیانـی کڵێسـادا. وە کاتێـک پیـران ڕێزگرتنـی بـێ پایانیـان دەردەبـڕن بـۆ کتێـب پیـرۆز، ئـەوان لـە هەمـان کاتـدا خۆیـان ملکـەچ دەکـەن. بـەو کارەیـان دەیسـەلمێنن کـە ئـەوان ئـەم جـۆرە پیاوانـەن باوەڕدارانـی ڕاسـتەقینە دەیانەوێـت شـوێنی بکـەون.

## ◌ گەشە بکەن

لـە بەشـی سـێیەمدا بینیـمان کـە پێویسـتە پیـران بـە بەردەوامـی کار بکـەن لـە خزمەتـی فێرکـردن لـە ڕێـگای مەشـقکردن بـەو کەسـانەی کـە ڕەنگـە شـوێنیان بگرنـەوە. کێـن ئەوانـەی کـە نـەوەی داهاتـووی مامۆسـتا و پیرانـن؟ سـەرباری ڕابەرایەتـی بەردەوامـی کڵێسـا، چڕبوونـەوە لەسـەر مەشـقکردن یارمەتیـدەرە بـۆ هێشـتنەوەی پیـران بـە سـاکاری. زۆر زەحمەتـە کـە یەکێـک دەسـەڵات بقۆزێتـەوە و لـە هەمـان کاتیشـدا دەسـەڵات بـە کەسـانی دیکـە ببەخشـێت.

## ◌ متمانە بە کۆمەڵی باوەڕداران بکە

سـەرەتا دوودڵ بـووم لـەوەی ئـەم بابەتـە بنووسـم، چونکـە هـەر کەسـێک کـە ئـەم کتێبـە دەخوێنێتـەوە وەکـو مـن بـاوەڕی بـە سیسـتەمی کۆمەڵسـالاریn نییـە. وە ئـەم کتێبـە باسـی کڵێسـاکانی کۆمەڵسـالاری نـاکات. بـەڵام ڕێـم پـێ بـدەن بەوپـەڕی بێفیزییـەوە بڵێـم کـە بەخشـینی دەسـەڵاتی کۆتایـی لـە چەنـد لایەنێکـەوە بـە کۆمەڵـی بـاوەڕداران (تەنانـەت کڵێسـاکانی پیرانیـش ئەمـە فێـر دەکـەن) باشـترین پارێـزگاری ڕێکخسـتن فەراهـەم دەکات لـە یاخیبوونـی پیـران. پەیوەسـتبوونی پیـران بـەوەی بڕیـارە گـەورەکان بخەنـە بـەردەم کڵێسـا بـۆ ئـەوەی ڕەزامەنـدی لەسـەر بـدەن یـان ڕەتـی بکەنـەوە ناچاریـان دەکات کـە واز لـە دەسـەڵات بهێنـن و بـە سـاکارییەوە متمانـە بـە ئەندامانـی کڵێسـا و بـە خـودا بکـەن. هەندێـک جـار خۆزگـەی ئـەوەم خواسـتووە کـە ڕاسـتەوخۆ بڕیـارە گـەورەکان دەربکـەم. ڕاسـتە کـە بـە کۆمـەڵ کارکـردن وا دەکات کـە هێواشـتر بێـت، وە هەندێـک جـار ئـەو ئەنجامـەی نییـە کـە مـن هیـوای بـۆ دەخـوازم، بـەڵام بـە درێژایـی سـاڵان، بەهـای ئـەو ڕێگایـەم لـەلا زیاتـر بـوو کـە سیسـتەمی کۆمەڵسـالاری بنیـادی دەنێـت لـە یەکێتـی و متمانـە لـە نێـوان پیـران و ئەندامانـی کڵێسـادا کاتێـک بەباشـی جێبەجـێ دەکرێـت. بـاوەڕی

---

.Marks Ministries, 2001), 195

n کۆمەڵسـاری واتـە تـەواوی ئەندامـان بڕیـار لەسـەر کاروبـاری کڵێسـا دەدەن. بـە واتایەکـی دیکـە، کۆمەڵـە کەسـێکی تایبـەت دەسـەڵاتدار نیـن، بەڵکـو تـەواوی ئەندامـان دەور و ڕۆڵیـان لـە بەڕێوەبردنـی کڵێسـادا هەیـە. وەرگێـڕ

کڵێسا بەوەی دەسەڵاتی کۆتایی (باڵا) سەبارەت بە بڕیارە دیاریکراوەکان لە دەستی کۆمەڵی (جەماوەری) باوەڕدارانە، پیران ناچار دەکات کە کۆشش بکەن لە فێرکردن و پەیوەندی لەگەڵ گەلی کڵێساکە، وە لە ڕێگای نوێژکردنەوە متمانە بە خودا بکەن.

## ◌ شوانە مەڕئاساکان

عیسا شوانەکانی دانا کە لەژێر دەسەڵاتی سەرۆکایەتی خۆی کار دەکەن لە بەڕێوەبردنی مێگەلەکەی، وە پێویستە پیران بە ڕژدییەوە دڵگەرم بن بۆ ئەم ئەرکە و بە ئازایەتییەوە ڕابەرایەتی کڵێساکانیان بکەن. ئەو چاودێرانەی کاریگەرییان نییە و نەرێنین، وا دەکەن کێشەکانی کڵێسا لە خراپەوە بەرەو خراپتر بچێت. بۆیە، داوا لە هەموو پیرانی برام دەکەم کە ڕابەرایەتی کۆمەڵانی باوەڕداران بکەن، لەپێناو کڵێسا و ئینجیل و شکۆمەندی خودا!

بەڵام لەنێو ئەم گفتوگۆیەدا سەبارەت بە شوانەکان، ئەم ڕاستییە تەواوکارییە لە یاد مەکە: تۆ خۆشت هێشتا یەکێکیت لە مێگەلەکە.

ئەمە جیاکارییە گەورەکەیە کە هەموو پیرێک ڕووبەڕووی دەبێتەوە؛ ئەو شوانە، لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لە مێگەلەکە. ئەو ڕابەرە و شوێنکەوتەی عیسایە، وە چاودێرە لە جەستەی عیسا لە کڵێسای ناوخۆیدا، وە لە هەمان کاتدا، ئەندامێکی جەستەیە. پیر پیاوێکە هەڵە دەکات، بەڵام بە نیعمەت ڕزگار کراوە و پشتیوانی دەکرێت، وە بەردەوامە لە شوێنکەوتنی شوانە دڵسۆزەکە، کە عیسای مەسیحە. بیر لەوە دەکەمەوە لەپڕ عیسا لێی نزیک دەبێتەوە، داردەستێکی چەماوەی شوانێتی دەخاتە دەستی، وە پێی دەڵێت: «بەرخەکانم بلەوەڕێنە» (یۆحەنا ٢١: ١٥).

چۆن ئەم دوودڵییە یەکلایی دەکەیتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە تۆ تاکێکی لە مێگەلەکە و بوویتەتە شوان؟ هیچ مەکە، تەنها شتەکە قبووڵ بکە. وە بەدەم بانگهێشتەکەی شوانایەتییەوە بڕۆ، لە هەمان کاتدا پشتبەستنی تەواوت بە پەروەردگار ڕابگەیەنە. بڵێ: «با بەم ئاراستەیەدا بڕۆین»، لە هەمان کاتدا تەواوی ئەندامانی کڵێسا هاوار بکەن: «ئەی پەروەردگار ڕێنوێنیمان بکە». چاوت لەسەر عیسا بێت، وە بە نیعمەتی خۆی، گەلەکەت بەڕێوە ببە بەبێ ئەوەی خۆت بەسەریاندا بسەپێنیت.

# بەشی شەشەم
# پێکەوە شوانایەتی بکەن

دڵخۆشــم کــە تــۆ هێشــتا بەردەوامیــت لــە خوێندنــەوەی ئــەم کتێبــە، بــە ڕاشــکاوی هەســتم بــە دوودڵــی دەکــرد لــەوەی کــۆڵ بدەیــت و واز بهێنیــت. نــەک لەبــەر ئــەوەی ئــەم کتێبــە درێژتــرە لــە پێویســت یــان تێگەیشــتنی زەحمەتــە، بەڵکــو لەبــەر ئــەوە دوودڵ بــووم کــە تووشــی شکســتت بــکات بــە هــۆی هەمــوو ئــەو مەرجانــەی کتێبــی پیــرۆز بــۆ پیــران لەبەرچــاوی گرتــووە. ئیــتر ئەمــە دوودڵــی کردبــووم کــە واز لــە خوێندنــەوەی ئــەم کتێبــە بهێنیــت.

بەشــی دەســتپێکی ئــەم کتێبــە ســەبارەت بــە شایســتەییەکانی پیــر بەپێی پێویســت خراپ بــوو؛ نێــردراوان پێوەرێکــی بەرزیــان دانــاوە بــۆ پیــران، ئــەوە لەخۆدەگرێــت کــە هاوشــێوەی کەســایەتی مەســیح بێــت، بەباشــی کاروبــاری ماڵەکــەی بەڕێــوە ببــات، توانــای هەبێــت بــۆ فێرکــردن و پارێــزگاری لــە ڕاســتیی کتێبــی پیــرۆز، وە «بــێ گلەیــی» بێــت. هەمــوو کەســێک هەڵەکانــی خــۆی دەزانێــت و درک بــە لاوازییەکانــی دەکات، دەبینێــت کــە ئــەم مەرجانــە زێدەڕەوییــان تێــدا کــراوە. لــە کاتێکــدا ئــەم بەشــە دەنووســم، تەنهــا دەتوانــم بیــر لــەم پرســیارە بکەمــەوە: "ئایــا بەڕاســتی مــن شایســتەی ئــەوەم ببمــە پیــر؟ واز لــە نووســینی بەشــی شایســتەییەکانی پیــر بهێنــە".

بــەڵام تەنانــەت ئەگــەر بــە پەرجــووش لــە بێژنگــی پاڵاوتنــی یەکەمــدا ڕەتبوویــت، ئەرکی قورســی بەشــی دووەم هەتــا بەشــی پێنجــەم پێویســتە لــە تــۆدا بێتــە دی؛ پیــران مێگــەل دەلەوەڕێنــن، وە بیروبــاوەڕ فێــر دەکــەن، چەواشــەکارییەکان بــەدرۆ دەخەنــەوە، وە خــۆراک بــە ئەندامانــی کڵێســا دەدەن بــۆ پێگەیشــتن، بــەدوای ونبــوودا دەگەڕێــن، بەڕێــوە دەبــەن، ڕابەرایەتــی دەکــەن، وە پڵیتــەی دووبەرەکــی ناهێڵــن، وە چەندیــن ئەرکــی دیکــەش.

هێشتا سێ بەشی دیکەمان لەبەردەم ماوە.

هەندێــک جــار داواکارییەکانــی ئــەم ئەرکــە دەمپەشــۆکێنێت، مــن شــوانێکم کــە پــارە وەردەگــرم و لــە هەفتــەدا تــەواوی کاتەکــەم بــۆ ئــەم ئەرکــە تەرخــان کــردووە. بــەڵام ئــەی ئەگــەر پیرێکــی پــارت تایــم بیــت و لــە ئەرکێکــدا کار بکەیــت کــە داواکاری زۆری هەبێــت، یــان کرێکارێــک یــان فەرمانبەرێکــی کۆششــکار بیــت کــە هەمــوو بەیانییــەک بچیتــە ســەر

کار، یـان بەرپرسـی خێزانێکـی چـالاک بیـت، وە ماڵێـک هەبێـت کـە پێویسـتە ئـاگاداری بیـت، ڕەنگـە خولیـای شـتێک یـان دوو شـت بیـت؟ چـۆن هاوسـەنگی دەکەیـت لـە نێـوان بانگهێشـتی بـاڵا بـۆ سەرپەرشـتیکردنی کۆمەڵـی بـاوەڕداران لـەم هەوڵـە کەمانـەی کـە بـۆت ماوەتـەوە؟ بابەتەکـە وەکـو ڕەچەتـەی شکسـتە. ئایـا شـوانایەتی پـارت تایـم بەڕاسـتی ڕێـی تێدەچێـت؟

بەڵـێ؛ بەشـێک لـە چارەسـەری لـە دەسـتپێوەگرتنی زۆرە بـە بانگهێشـتەکەت بـۆ شـوانایەتی و پێدانـی پێشـینەیی. ئەلیکسـاندەر سـترۆچ دەڵێـت:

> زۆر خەڵـک خێـزان بەڕێـوە دەبـەن، وە فێـر دەکـەن، چەندیـن کاتژمێریـان تەرخـان دەکـەن بـۆ خزمەتـی کۆمەڵـگا، یانـەکان، چالاکییـە وەرزشـییەکان و دەزگا ئایینییـەکان. کۆمەڵـە ئایینییـە جیـاوازەکان توانیویانـە کـە بزاڤێـک دروسـت بکـەن ژمارەیەکـی زۆر کارمەنـدی خۆبەخـش و پـارت تایـم لەخـۆ بگرێـت؛ هەتـا ئێسـتاش بەردەوامـە؛ ئەمـەش بـە پلـەی یەکـەم لـە چاکـەی ئەوەیـە کـە ئەندامـەکان بەشـێک لـە کاتەکانیـان دەبەخشـن. بـەڵام ئێمـەی مەسـیحیی بـاوەڕدار بـە کتێبـی پیـرۆز بووینەتـە کۆمەڵێـک مەسـیحیی تەمبـەڵ و لاواز، کـە پێویسـتە پاڵیـان بنێیـت ئەگـەر بتـەوێ ئەرکێـک جێبەجـێ بکەیـت.٥

بەڕاسـتی سەرنجڕاکێشـە خەڵکـی دەتوانـن چەنـد شـت بکـەن بـۆ ئـەوەی هانـدراو بـن بـۆ ئەنجامدانـی شـتێک کـە حـەزی پـێ دەکـەن. کەسـانێکم بینیـوە لـە کاتـی بـێ ئیشـییاندا مـاڵ دروسـت دەکـەن و نۆژەنـی دەکەنـەوە و ڕێکـی دەخەنـەوە پێویسـتە ئەوانـەی پایـەی پیـر لـە ئەسـتۆ دەگـرن هەژمـاری تێچوونـی خزمـەت بکـەن، ئینجـا خۆبەخـش خۆیـان پێشـکەش بکـەن بـۆ کڵێسـاکانیان و پشـت بـە نیعمەتـی خـودا ببەسـتن. بـەڵام کاریگەرییەکـی دیکـە هەیـە وا دەکات کـە ئەگـەر پیـرە پـارت تایمـەکان کاری شـوانایەتی بکـەن شـتێکی لـە توانـادا بێـت. ئەمـەش بـە یەکێـک لـە کاریگەرییەکانـی کتێبـی پیـرۆز دادەنرێـت سـەبارەت بـە ئەرکـی ئـەو پیـرەی توانـای ئـەوەی پـێ بەخشـیم کـە چەندیـن سـاڵ

٥Alexander Strauch, *Biblical Eldership: An Urgent Call to Restore Biblical Leadership* **(Littleton, CO: Lewis and Roth Publishers, 1995), 28.**

بەهێـزەوە وەک شـوان بـەرەو پێـش بـڕۆم. کاتێـک خـودا کڵێسـای خۆجێیـی دروسـتکرد، بـە دانایـی خوداییانـەی خـۆی سیسـتەمی زۆری ژمـارەی پیرانـی تێـدا دانـا. شـوانایەتی لـە هێـز و توانادایـە، چونکـە پێویسـتە کارێکـی بـە کۆمـەڵ بێـت.

## ◌ شوانایەتی بە شێوازی کۆ

کاتێـک پەیمانـی نـوێ باسـی ڕۆڵـی کـرداری ئەرکـی پیرەکانـی کـرد لـە کڵێسـاکان، بـە شـێوازی کـۆ ئامـاژەی پـێ کـردن. ڕامـان لەسـەر ئـەم ئایەتانـە بکـە، تێبینـی ئـەوە بکـە کـە چەندیـن پیـر یـەک کڵێسـا بەڕێـوە دەبـەن:

«کاتێـک گەیشـتنە ئۆرشـەلیم، کڵێسـا و نێـردراوان و پیـران پێشـوازییان لێکـردن، ئەوانیـش هەواڵـی هەمـوو ئـەو شـتانەیان پێـدان کـە خـودا لەڕێگـەی ئەوانـەوە کردبـووی» (کـرداری نێـردراوان ١٥: ٤؛ هەروەهـا بڕوانە ئایەتەکانـی ٦، ٢٢؛ ١٦: ٤).

«لـە هـەر کڵێسـایەک پۆڵـس و بەرنابـاس پیرانیـان بـۆ هەڵبـژاردن، ئینجـا بەڕۆژووگرتنـەوە نوێژیـان کـرد و پیرەکانیـان دایـە دەسـت مەسـیحی باڵادەسـت کـە باوەڕیـان پێـی هێنـاوە» (کـرداری نێـردراوان ١٤: ٢٣).

«پۆڵـس لـە میلیتۆسـەوە نـاردی بـۆ ئەفەسـۆس، بانگـی پیرانـی کڵێسـای کـرد» (کـرداری نێـردراوان ٢٠: ١٧).

«لـە پۆڵـس و تیمۆساوسـی بەندەکانـی عیسـای مەسـیحەوە، بـۆ هەمـوو گەلـی پیـرۆزی خـودا لـە شـاری فیلیپـی کـە لەگـەڵ عیسـای مەسـیحدا یەکـن، لەگـەڵ چاودێـران و خزمەتـکاران» (فیلیپـی ١: ١).

«لەبـەر ئەمـە تـۆم لـە دوورگـەی کریـت بەجێهێشـت، تاکـو ئەو شـتانەی ماونەتـەوە ڕێکیـان بخەیـت و لـە هەمـوو شـارێکدا پیـران دابنێیـت، وەک ڕامسـپاردوویت» (تیتـۆس ١: ٥).

«وەک پیرێکـی هاوڕێتـان، داوا لـەو پیرانـە دەکـەم کـە لەنێوتانـدان، شـایەتی ئازارەکانـی مەسیح و هاوبەشـی ئـەو شـکۆیەی وا ڕادەگەیەنـرێ» (یەکـەم پەتـرۆس ١: ٥).

«کامەتـان نەخۆشـە؟ بـا پیرانـی کڵێسـا بانـگ بـکات بـۆ ئـەوەی نوێـژی لەسـەر بکـەن و بـە نـاوی عیسـای خـاوەن شـکۆوە چـەوری بکـەن» (یاقـوب ٥: ١٤).

ئایـا شـێوازەکەت بینـی؟ ئێمـە چەندیـن جـار و بـەردەوام پیـران دەبینیـن (بـە شـێوازی کـۆ) لـە هـەر کڵێسـایەک (بـە شـێوازی تـاک). هـەر کۆمەڵێکـی بـاوەڕداران دەسـتەیەکی شـوانی تایبەتـی بـە خـۆی هەبـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە تێبینـی سـەرەتاییدا، جیاوازییەکـی بنەڕەتـی هەیـە کاتێـک دەچێتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە. دەسـتەی پیـران شـتێکە گرنگییەکـی مەزنـی هەیـە بـۆ بەردەوامـی پیـر.

## ◌ بارەکان دابەش بکەن

بـا بـە خاڵێکـی دیـاری کـراوەوە دەسـت پـێ بکەیـن: بوونـی ژمارەیـەک لـە پیـران ڕێ دەدات بـە توانـای دابەشـبوونی بـاری شـوانایەتی لەسـەریان. زۆر نموونـە ئـەو ڕاسـتییە و جێبەجێکارییـان لـە خزمەتـی پیـر سـەلماندووە، لەوانـە: «یـەک دەسـت بـە تەنهـا دەنگـی نییـە“، ”کاری بـە کۆمـەڵ ئەرکـەکان دابـەش دەکات و سـەرکەوتن زیاتـر دەکات“، وە زۆری دیکـەش.

خاتوونێکـی ئەندامـی کڵێسـاکەمان جارێـک پرسـیاری لـە مـن کـرد کـە چـۆن دەکـرێ لـە پێنـاوی منـدا نوێـژ بـکات. باسـی بارگرانـی زیـادی خزمەتـم بـۆی کـرد. لەمـاوەی کاتێکـدا ئەندامانـی کڵێسـاکەمان لـە زیادبوونـدا بـوو، وە بارگرانـی و پێویسـتییەکانی شـوانایەتی لـە زیادبوونـدا بـوو. بەبـێ ئـەوەی کـە چاوەڕێـی وەڵامـی لـێ بکـەم، پرسـیم: ”چـۆن بـە ڕێگایەکـی کاریگـەر خزمەتـی ئـەو مێگەلـە بکـەم کـە لەزیادبووندایـە؟“

پرسـیارەکەی بەبـێ وەڵام نەهێشـتەوە. وە هەرگیـز وەڵامەکـەی لەبیـر ناکـەم؛ پێکەنـی، شـانەکانی جوڵانـد، بـە سـادەییەوە گوتـی: «بـە شـوانی زیاتـر».

بێگومان، بە شوانی زیاتر. باوەڕ ناکەم کە پێشتر بیرم لەمە نەکردبووەوە.

بەڵـێ، پێـم وایـە کـە ئەگـەر موسـا شـتێکی ڕوونـی نەبووایـە، دەکـرێ منیـش نەمبێـت.

دەبوا داوای لە خەزووری بکردبا کە پاڵپشتی و هاوکاری بکات.

«ئەوە بوو بەیانی موسا دانیشت بۆ ئەوەی دادوەری بۆ گەل بکات، ئیتر گەل لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە لەلای موسا ڕاوەستان... خەزووری موساش پێی گوت: «ئەوەی تۆ دەیکەیت باش نییە. خۆت و ئەم گەلەش ماندوو دەکەیت کە لەگەڵتن، چونکە کارەکە لە تۆ مەزنترە، ناتوانیت بە تەنها بیکەیت»» (دەرچوون ١٨: ١٣، ١٧، ١٨).

ئەو چارەسەرییە چی بوو کە یەترۆس پێشنیاری کرد؟ ئامۆژگاری کرد کە هاوبەش بۆ خۆی دابنێت بۆ کارکردن:

«بەڵام لەناو هەموو گەلدا پیاوی بە توانا و لەخواترس هەڵدەبژێریت، پیاوانی دڵسۆز کە ڕقیان لە دەستکەوتی ناڕەوایە، دەیانکەیتە کاربەدەست بەسەر هەزاران و سەدان و پەنجایان و دەیان. هەموو کاتێک دادوەری بۆ گەل دەکەن و هەر داوایەکی گەورە هەبێت دەیهێننە لای تۆ، هەر داوایەکیش بچووک بێت خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن. ئەوە بارت سووک دەکات، چونکە ئەوان لەگەڵت هەڵدەگرن» (دەرچوون ١٨: ٢١، ٢٢).

وەک چۆن زیادکردنی دادوەران بارگرانی لەسەر شانەکانی موسا سووک کرد، بە هەمان شێوە بوونی چەندین پیر بارگرانی خزمەت لەسەر ژمارەیەکی زیاتر لە خزمەت دابەش دەکات. ئیتر، ئەگەر تۆ پیریت، بەدوای ئامرازگەلێکدا بگەڕێ کە تۆ و هاوکارەکانت بتوانن بارگرانی کارەکە دابەش بکەن. سەرنجی ئەوانەی دیکە ڕابکێشە بۆ ئەو خاڵانەی زیاتر دووپات دەکرێتەوە لە کڵێسا، کە پێویستی بە گرنگیپێدانی زیاترە ئینجا کۆششکردنەکانتان پێکەوە هاوڕێک بکەن. ئەگەر بارگرانییەکانی خزمەت لەسەرت قورس بێت، بەردەوام مەبە لە هەوڵی ئەنجامدانی بەهەر حاڵێک بێت، بەڵکو فیکەی ئاگادارکردنەوە لێبدە بۆ ئەوەی چەرمەسەرییەکانت دەرببڕیت و برایان یارمەتیت بدەن.

چ ئامرازی دیکە هەیە کە دەکرێ بۆ مەبەستی دابەشکردنی بەرپرسیارێتییەکانی تیمی چاودێران بکرێت؟ پێشتر باسم کرد کە چۆن پیران لە کڵێساکەمان هەوڵیان دا

کـە ئەندامـان لەنێـو خۆیانـدا دابـەش بکـەن، بـەڵام پێویسـت نییـە کـە ئەمـە بـە هەمـان ڕێـگا بکەیـت. بیرۆکـەی ئەمـە بـۆ ئـەو مەبەسـتەیە کـە کارەکان دابـەش بکەیـن.

## ◌ چەقۆی سویسریی

سـوودەکانی بەشـداریکردن لـە دابەشـکردنی کار تەنهـا بـۆ بارگرانـی شـوانایەتی نییـە؛ کاری دەسـتەیی کڵێسـا توانـاداری دەکات بـۆ ئـەوەی سـوودمەند بێـت لـە بەهـرەی پیـرە جۆراوجـۆرەکان، بـۆ ئـەوەی هـەر یەکێـک بـە ڕۆڵـی خـۆی هەڵبسـتێت لـە ڕووداوێکـدا و سـوود لــە خاڵەکانــی هێــز وەربگرێــت. لەگــەڵ ئــەوەی هەمــوو پیــرەکان هەمــان بەرپرســیارێتی هەڵدەگــرن، ئــەوان بــە بەهــرە و ئەزموونــی جۆراوجــۆرەوە خزمەتەکــە دەڕازێننــەوە.

لەبیرمـە کـە لـە تەمەنـی منداڵیـم یەکەمیـن چەقـۆی سـویسرییم هەبـوو. لەبیـرم نییـە ئـەو کاتـە تەمەنـم چەنـد بـوو، بـەڵام هێشـتا دەتوانـم وێنـای دەسـکە درەوشـاوەکە بکـەم کـە لـە بەشـی دەرەوەی چەقۆکـە ڕەنگێکـی سـووری هەبـوو، وە لـە نێویـدا واژۆیـەک هەبـوو کـە ئەمـە کەلوپەلـی لەشـکری سـویسراییە. دڵگەرمـی خـۆم لەبیـرە کاتێـک چـووم یـەک لـەدوای یـەک تەماشـای کەلوپەلـەکان بکـەم، وە بیـر لـەوە بکەمـەوە چـۆن هـەر یەکێکیـان بەکاردەهێنـم بـۆ مانـەوە لـە ژیـان ئەگـەر جارێـک لـە بیابانێـک لـە ڕێـگادا مامـەوە. چەقۆیەکـی گـەورە و چەقۆیەکـی بچـووک، گیرەیەکـی بچـووک، دەرنەفیسـێک، مەقەسـتێک، وە ئـەو ئامـرازەی کـە سـەری بتـڵ و شوشـە دەکاتـەوە، کـە گرنگتریـن ئامـرازە بـۆ زینـدوو مانـەوە.

هەمـوو سـاڵێک هەسـت بـە شـتێکی هاوشـێوە دەکـەم کاتێـک پێشـوازی لـە ئەندامانـی نـوێ دەکەیـن لەنێـو دەسـتەی پیرانـی کڵێسـاکەماندا. هەر برایـەک دێت و بەهـرەی ناوازەی هەیـە و بـۆ تیمەکـە زیـادی دەکات، هانمـان دەدات بـۆ ئـەوەی بیزانیـن و بەکاریبهێنیـن. شـتەکە وەکـو کردنـەوەی چەقـۆ سـویسرییە مرۆڤانەکەیـە، کـەوا ئاشـکراکردنی بەهـرەی هەمـوو پیـرەکان ڕوودەدات، یـەک لـەدوای یـەک. بـە شـێوەیەکی سروشـتی، پێویسـتە هەمـوو پیـران بەهرەیەکـی بنەڕەتییـان هەبێـت بـۆ ئەرکەکـە، وەکـو بەهـرەی ڕابەرایەتـی و فێرکـردن. بـەڵام تەنانـەت ئـەم بەهرانـەش دەکـرێ لـە هێـز و شـێوەی لـە پیرێـک بـۆ پیرێکـی دیکـە جیـاواز بێـت.

لـە دەسـتەی پیرانـی ئێسـتادا، «مـارک» مامۆسـتای یاریـدەدەرە لـە یەکێـک لـە کۆلێـژە

ناوخۆکانی یەزدانناسی و یەکێک لە ئەندامانی دەستەی پیرانە. وە مارک بەهرەیەکی بەرچاوی وتاربێژی و خوێندنی پێشکەوتووی لە پەیمانی نوێ بەکاردەهێنێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتێکی فێرکاری ناوازە لە کۆمەڵی باوەڕدارانـدا. بەڵام «کێنت» چەندین جار و بەردەوام ئەزموونی خۆی لە کاروباری دارایی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی ڕابەرایەتیمان دەکات لە بابەتەکانی پەیوەست بە بودجە. هەروەک «جۆن» حەزێکی قووڵی هەیە بۆ نوێژکردن و بە درێژایی چەندین ساڵ چەندین جار توانیویەتی ئەو پیرانە ڕازی بکات کە حەز لە ڕێوشوێنی کرداری دەکەن بچنە سەر ئەژنۆ و نوێژ بکەن. وە «هێرب" هەستێکی نائاسایی هەیە، زۆر جار لە کاتی گفتوگۆکاندا پرسیارێکی کاریگەر دەوروژێنێت ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە بۆ کرۆکی بابەتەکە.

کاتێک بەسەر ببە بۆ ئەوەی پیرانی هاوکارت لە خزمەت بناسیت، بەهرەکانیان ئاشکرا بکە و لە ژیانی هەر یەکێکیان دەریبخە، وە فێر بە چۆن بەرەو ڕووناهی دەریدەخەیت. کاتێک پێکەوە کار دەکەن، ڕەنگە تووشی نائومێدی ببیت لە جیاوازی ئەو ڕێگایانەی کە چاودێران کێشەکانی پێ چارەسەر دەکەن یان لەوەی کە پێشینەیی بۆ دادەنێن. بەڵام خۆت مەکە نێچیری تەنگانەی ئەم جیاوازییە. لەبری ئەمە، تەماشای پیرانی دیکە بکە وەک ئەوەی بەشێکن لە کەلوپەلەکانی ئەندازەی چاودێری خودایی بۆ خزمەتی کۆمەڵی باوەڕدارانی کڵێساکەت. هەموو ئەمە بەشێکە لە تایبەتمەندیی نێو کۆمەڵی پیران.

## ◌ شوانەکان بلەوەڕێنە

لە بەشی ڕابردوودا باسمان کرد کە پیرانیش بەشێکن لە ئەندامانی مێگەلی عیسا، وە لەم بابەتەدا گوتمان کە ڕابەرانی کڵێسا ڕووبەڕووی جیاوازییەکی گەورە دەبنەوە ئەویش ئەوەیە کە «شوانەکان خۆیان لە مێگەلەکەن». ئەم ناسازگارییە پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێت:

ئەگەر شوانەکان لە هەمان کاتدا مێگەلەکە بن، کێیە ئەوەی شوان دەلەوەڕێنێت؟ پیران تەواو وەک هەر کەسێکی دیکە پێویستیان بە چاودێری شوانایەتی هەیە؛ شوانەکان تووشی تاقیکردنەوە دەبن، تووشی خەمۆکی دەبن، وە لە ململانێدا تێوە دەگلێن، یان شەکەت دەبن لە بارگرانی خزمەتی کڵێسا، یان خۆشەویستانیان لەدەست دەدەن. تەنانەت کاتێک لە قەیرانیشدا نەبن، هێشتا پیران پێویستییان بە

کەسێکە خۆراکیـان پێبـدات، تـەواو وەک هـەر ئەندامێکـی کڵێسـا. کـێ لـە ڕووی ڕۆحییـەوە سەرپەرشـتییان دەکات؟

لێـرەدا، دیسـان، وەڵامـی جۆراوجـۆی پێشـکەش دەکرێـت. پێویسـتە شـوانەکان شـوان دیکـە بلەوەڕێنـن. دەکـرێ سەرپەرشـتی بـە کۆمـەڵ بـەردەوام بێـت؛ لەبـەر ئـەوەی پیـران، بـە شـێوازی کـۆ، وەکـو شـوانی یەکـتر هەڵسـوکەوت دەکـەن.

چەنـد سـاڵێک پێـش ئێسـتا برایـەک بـۆ یەکـەم جـاری هاتـە نێـو دەسـتەی پیـران. بـە نیمچـە گاڵتـەوە بـە هاوسـەرەکەیم گـوت: «ئایـا تـۆ ئامادەیـت بـۆ تاقیکردنـەوە؟»

پرسیاری کرد: «چ تاقیکردنەوەیەک؟»

وەڵامـم دایـەوە: «ئـەو تاقیکردنەوانـەی کـە کاتێـک مێردەکـەت دەبێتـە پیـری کڵێسـا. خـۆت بـۆ ئەزمـوون ئامـادە بکـە».

وەک دیاربـوو کـە گاڵتەکردنەکـەم کاریگەرییەکـی زیاتـری هەبـوو لـەوەی مـن پێـم وابـوو؛ کـەوا پیاوەکـە لـەو کاتـەی وەک پیـر خزمەتـی دەکـرد کارەکـەی لەدەسـتدا، بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە یـەک سـاڵ بـێ کار مایـەوە. لـە مـاوەی ئـەم «پشـوودانە ناچارییـە»، پیرانـی دیکـە ژیانـی ئـەم برایەیـان پـڕ کـرد لـە نوێژکـردن و هاندانـی بـەردەوام، وە بـە چاکـەی نیعمەتـی خـودا و پشـتیوانی ئـەو، پیاوەکـە ئـەم تاقیکردنەوەیـەی بەهێزتـر و پاکـتر تێپەڕانـد.

ئەگـەر تـۆ پیـری کڵێسـایت، پێویسـتە سەرکێشـی بکەیـت، لەگـەڵ ئەوانـەی دیکـە هەڵسـوکەوتی ڕاسـتەقینەت هەبێـت. مەترسـە لـە ئاشـکراکردنی بریـن ، مەترسـییەکانت، ململانێـی و گوناهەکانـت. پیرانـی دیکـە ناتوانـن بەباشـی شـوانایەتیت بکـەن ئەگـەر وا دەربخەیـت کـە تـۆ پیاوێکـی لەسـەرڕووی سروشـتیت. بـە دیاریکـراوی داوایـان لـێ بکـە کـە نوێـژت بـۆ بکـەن لـە پێنـاوی پێویسـتییەکانی ژیانتـدا. هـەروەک پێشـتر باسـم کـرد، هـەر مانگێـک دوو جـار پیرەکانمـان کـۆ دەبنـەوە، یەکێـک لـە کۆبوونـەوەکان تەرخـان دەکـەن بـۆ نوێژکـردن. لـەم کۆبوونەوەیـەدا هـەر یەکێکـمان لـەوەی دیکـە دەپرسـێت کـە چـۆن لـە پێناویـدا نوێـژ بـکات. ئەمـە ئەنجامدانێکـی سـادە و ئاسـانە، بـەڵام یارمەتیـمان دەدات بـۆ ئـەوەی بـە ئاگایـی بمێنینـەوە لـە پێویسـتی هـەر یەکێکـمان بـە شـوانایەتی پیرانـی دیکـە.

چەندیـن سـاڵ پێـش ئێسـتا لـە یەکێـک لـە کۆبوونەوەکانـی نوێژکردنـی پیـران، کاتێک لە یەکترمـان پرسـی چـۆن لـە پێنـاوت نوێـژ بکـەم، یەکێـک لـە پیـران ناخـی خـۆی دەرخسـت

و بە ڕاشکاوییەوە قسەی کرد سەبارەت بە کار و داهاتی دارایی کە بە قەیراندا ڕەت دەبێت، وە ئەم ململانێیەی کە لە ئەنجامی بێهیوایی هەیەتی. کاتی ڕاشکاوی بوو، بەڵام دەرگایەکی لەبەردەممان کردەوە؛ چەند پیرێکی دیکە لەم دەرگایەوە هاتنە ژوورەوە و باسی پێداویستییەکانی ژیانیان کرد. کاتی داهاتووی نوێژکردنمان لەم ئێوارەیەدا تەواو لە ئاسایی بە دوور بوو؛ بە دڵگەرمییەوە لە پێناوی یەکتر نزامان کرد و بە گەرمییەوە دڵسۆزی یەکتر بووین بە شێوەیەک کە پێشتر بەم جۆرە نەبووە.

ئەگەر مکوڕیت لەسەر ئەوەی بە کاریگەرییەوە شوانایەتی کۆمەڵی باوەڕداران بکەیت، ئەوا تۆ پێویستت بە ملکەچبوون هەیە بۆ سەرپەرشتی ڕۆحی. بۆیە، ساکار بە و ڕێ بە پیرانی دیکە بدە کە گرنگیت پێ بدەن.

## ◌ ئاسن تیژ بکەوە

پێشتر بینیمان، چۆن چەندێتی وا دەکات کاری شوانایەتی کارێکی ئاسانتر بێت، بە تایبەتی سەبارەت بە پیرانی پارت تایم. شێوازی خزمەتی بە کۆمەڵ، یان خزمەتکردن وەکو تیم، وا دەکات شوانایەتی بەرەو باشتر بچێت، چونکە پارێزگاری لە پیران دەکات لەوەش شەکەت بن و بارگرانی خزمەت دابەش دەکات، وە بۆ بەشدارپێکردنی لێهاتوویی و بەهرە تەواوکارییەکان، وە پشتیوانی پیران لە ئەزموونەکانیان.

کۆمەڵێکی دیکە لە مەترسی دێتە سەر ڕێگەی شوانان، لەوانە: لووتبەرزی، حەزی جڵەوگیری، سەنگینی، نەکرانەوە بۆ بانگەوازی کەسانی دیکە، وە تەنانەت سووکایەتی پێکردنیشیان. هەروەک لە بەشی ڕابردوودا بینیمان، پێویستە پیران بەبێ خۆسەپاندن ڕابەرایەتی بکەن. چەندێتی یارمەتیدەرە بۆ پاراستنمان لە حەزی زاڵبوون کەوا کەشێک دەهێنێتە ئاراوە تێیدا ڕابەران دەتوانن بە کردار ئەم پەندە پەیڕەو بکەن: «ئاسن بە ئاسن تیژ دەکرێت و مرۆڤیش ڕووی برادەرەکەی تیژ دەکات» (پەندەکان ٢٧: ١٧).

کاتێک پیران بنەمای چەندێتی بە تەندروستی پەیڕەو دەکەن، زەحمەت دەبێت کە بۆچوون و حەزی یەک پیاو زاڵ بێت؛ چونکە پیران تەواوکەری یەکترن. ئەو پیرانەی نەرمونیانی زیاتریان هەیە پیرە توندوتیژەکان نەرم دەکەن، ئەو پیرانەی چالاکن و کاردانەوەیان زیاترە ئەوانە دەجووڵێنن کە زیاتر ورد دەبنەوە بۆ ئەوەی بڕیاری کرداری بدەن. هەروەها پیرانی خاوەن باوەڕی گەورە سوور دەبن لەسەر ئەوەی هەر بڕیارێک تەنها پەیڕەوکردنێکی دیکە نەبێت کە لەسەر بنەمای وریایی

و کەمکردنـەوەی مەترسـی بێـت، لـە کاتێکـدا پیرانـی بـە ئەزمـون یارمەتـی ئـەو پیرانـە دەدەن کـە خاوەنـی خـەون و بینیـن بـۆ ئـەوەی هەڵسـوکەوتی گەمژانـە نەکـەن لـە ژێـر نـاوی «متمانـە بـە خـودا». ئـەم جـۆرە هاوسـەنگییە کەشـێک دێنێتـە ئـاراوە کـە کەسـانی خۆویسـت بەرگـە ناگـرن تێیـدا بمێننـەوە.

هەروەهـا گرنگتریـن شـت ئەوەیـە چەندێتـی سیسـتەمێک بـۆ پیـران بەرهـەم دەهێنێـت کـە یەکـتر ڕاسـت بکەنـەوە لـە کاتێکـدا یەکێکیـان لـەو ڕێـڕەوە لادەدات کـە لەسـەری کۆکـن.

هەندێـک جـار کۆبوونەوەکانـی پیرانمـان گەرمـتر دەبێـت (دەزانـم کـە ئەمـە لـە هەمـوو کڵێسـاکاندا ڕوونـادات، بۆیـە پێویسـتە بیهێنیتـە پێـش چـاوی خـۆت). خـودا بـە نیعمـەت ڕابەرانـی بەهێـزی بـە کڵێسـاکەمان بەخشـیوە کـە ڕا و بۆچوونـی کاریگەریـان هەیـە، وە زۆربەیـان وەک پیـر خزمـەت دەکـەن. وە کاتێـک لەنـاو کۆبوونەوەکانـی پیـران بابەتێکـی قـورس دەوروژێنرێـت، بـەم شـێوەیە ئەگـەری ئـەوە هەیـە پلـەی گەرمـی هـۆڵـی کۆبوونـەوە بـەرز ببێتـەوە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا چەندیـن جـار زۆر کاریگـەر دەبـم بـە بینینـی پیـران کـە داوا دەکـەن لـە دوای کۆبوونەوەکـە بـە تەنهـا یەکـتر ببینـن. هەندێـک جـار یەکێـک لـە پیـران داوای لێبـوردن لـەوەی دیکـە دەکات؛ چونکـە زیـاد لـە پێویسـت هەڵچـووە. وە ڕەنگـە لـە ناوەڕاستی هەفتـەدا چاویـان بـە یەکـتر دەکەوێـت بـۆ ئـەوەی پێکـەوە قاوەیـەک بخۆنـەوە، وە گفتوگـۆ دەکـەن سـەبارەت بـە خاڵەکانـی جیـاوازی لـە نێوانیـان. وە هەندێـک جـاری دیکـە، برایـەک براکـەی دیکـەی ئـاگادار دەکاتـەوە سـەبارەت بـە هەڵسـوکەوتی لـە کاتـی کۆبوونـەوە، وە هانـی دەدات بـۆ گۆڕینـی ئـەم هەڵسـوکەوتەی، وە بـۆ گۆڕینـی شـێوازی هەڵسـوکەوتی. وە پیرانـی تەمـەن بچووکـتر بـە نەرمونیانیـەوە بەرەنـگاری دەکـەن بەرامبـەر بـە پیرانـی تەمـەن گەورەتـر کاتێـک پیرانـی تەمـەن گەورەتـر هـەوڵ دەدەن لـە ڕێـگای بێدەنـگ کردنیانـەوە لـە گفتوگـۆدا خۆیـان بەسـەر تەمـەن بچووکەکانـدا زاڵ بکـەن. چاودێـران لـە کۆبوونەوەکانـی کڵێسـا هەسـتانەوە بـۆ ئـەوەی داوای لێبـوردن بکـەن لـە شـێوازی وەڵامدانـەوەی ناشایسـتەیان کـە لـە کۆبوونەوەکانـی ڕابـردوو ئەنجامیـان دابـوو، ئەمـەش بـە هـۆی هاندانـی برایانـی چاودێریـان.

یەکێـک لـە پیـران هـەردەم ڕاشـکاوانە قسـەی دەکـرد. لـە لایـەک، ئەمـە شـتێکی مـەزن بـوو کـە وەکـو پیـر لـە نێومانـدا خزمـەت بـکات، چونکـە دەتوانێـت بـە ئاسـانی بۆچوونـی

جیاوازی خۆی دەرببڕێت و یارمەتیمان بدات نەکەوینە نێو چاڵی «بۆچوونی گشتییەوە». وام لێهات زیاتر و زیاتر ڕێزی ئەمە بگرم، بە تایبەتی لەبەر ئەوە من خۆم بە دوور دەگرم لە ململانێ. وە لە لایەکی دیکەوە، دەکرێ ئەم ڕاشکاوییە پێکدادان دروست بکات. بەڵام وای لێهات کە بەوە ناسرا لە دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی پیران بانگی منی دەکرد و دەیپرسی داخوا سنووری خۆی بەزاندووە یان ئەگەر پێویستە داوای لێبوردن بکات. ئەگەر بڵێم: «بەڵێ، وا بزانم هەندێک توند بوویت» دەمبینی ئەم پیرە دەستبەجێ هەنگاوی دەنا بۆ ڕاستکردنەوەی شتەکان. بە درێژایی چەندین ساڵ دەمبینی زیاتر نەرمونیان و هاوسۆز و هەستیار دەبێت بەرامبەر بە کەسانی دیکە، بەبێ ئەوەی بەهرەکەی خۆی لەدەستبدات لەوەی نەسڵەمێتەوە بۆ ئەوەی قسەی ڕاشکاو و ڕاستەوخۆ بکات.

## ◌ چێژ لەم گەشتە وەربگرە

ڕێم پێ بدە با پێشنیارێکی دیکەت بۆ بکەم سەبارەت بە چەندێتی پیران. ڕەنگە ئەمە شتێکی قایلکەر بێت، هەروەها چێژبەخشیشە، کە شوانایەتی وەکو دەستەیەک بکرێت لەوەی وەک یەک شوان بە تەنها بیکات. وە بە ڕوانین لە ئەزموونم لە خزمەتی شوانایەتی بۆ ماوەی زیاتر لە پازدە ساڵ و نیو، دەتوانم بڵێم لە هەموو شتێک زیاتر دڵخۆشی کردووم ئەوە بووە کە لەگەڵ پیرانی پارت تایم خزمەتم کردووە لە کۆمەڵی باوەردارانی کڵێساکەم. ئەم پیاوانە دەستەیەک برا بوون بۆ من و بۆ یەکتر؛ پێکەنین و فرمێسکەکانمان دابەش دەکرد، وە پێکەوە ئاهەنگی سەرکەوتنەکانمان دەگێڕا، وە زۆر پێکەوە نوێژمان کردووە لە پێناوی دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان کەوا وەکو مەتەڵی بێ شیکارکردن دیاربوون. لەپاڵم ڕاوەستان، هەندێک جار بە وشەیی ئەمە ڕوویدەدا، لە کاتی زەحمەتترین کاتەکانی خزمەتم. وە زۆر جار، بە شێوەیەکی باش ڕابەرایەتیم کردوون، وە هەندێک جاری دیکە، منیان هەڵگرتووە هەتا ئەوەی دیسان توانیومە ڕابەرایەتییان بکەمەوە.

ئەگەر لە کڵێسایەکیت یەک شوانی هەیە پارە وەردەگرێت و پیری تێدا نییە، داوات لێدەکەم کە هەرچی کاریگەریت هەیە بەکاریبهێنیت بۆ ئەوەی کڵێسا بوروژێنیت بەرەو بنیادنانی بنەمای پشتبەستن بە چاودێرانی پارت تایم. سیستەمی یەک شوان لە ڕوانگەی کتێبی پیرۆزەوە تەنها سیستەمێکی ناپەسەند نییە بۆ کارپێکردن، بەڵکو

ئەگـەر ئێسـتا کڵێسـاکەت پەیـڕەوی دەکات، ئـەوا شـوانی کڵێسـاکەت لـە پاڵپشـتی گرنـگ و ڕەزامەنـدی قووڵیـش بێبـەش دەبێـت، هـەروەک بـە هەمـان شـێوە ئەندامەکانـی دیکـەی کڵێسـاش بێبـەش دەبن بـە چاودێرییەکی شـوانایەتی دەوڵەمەندتر، سـەرباری بێبەشـکردنیان لـە خۆشـی بینینـی پیاوانێـک لـە کۆمەڵەکەیـان کـە پێدەگـەن و دەبنـە ڕابـەر، وە پیاوانێـک لـە کۆمەڵـەی باوەڕدارانـی کڵێسـاکەت دەرفـەت لەدەسـت دەدەن بـۆ ئـەوەی گەشـە بکەن، کـە ئەمـە نابێـت تەنهـا بـەوە نەبێـت بـە بـاوەڕ هەنـگاوی بنێـن بـۆ شـوانایەتی کۆمەڵێـک بـاوەڕدار و سەرپەرشـتیکردن لەسـەریان.

تـۆ پێویسـتت بـە پیـران هەیـە (بـە شـێوازی کـۆ). ئەمـە پلانی عیسـایە بـۆ بۆ شـوانایەتی بـەردەوام و کاریگـەر لە کڵێسـاکانیدا.

# بەشی حەوتەم
# نموونەی کەسێکی ڕۆحیی پێگەیشتوو

لـە بەیانـی یەکـی کانوونـی یەکەمـی ١٩٩٦، لـە نووسـینگە نوێیەکـەم دانیشـتبووم وەک یاریـدەدەری کاتیـی شـوانی کڵێسـای باپتیسـت سـاوت شـۆر. هیـچ شـتێک ئەوەنـدە هەسـتی گرنگیـت پـێ نابەخشـێت وەک نازنـاوی «یاریـدەدەری کاتیـی شـوانی».

بـەڵام ئـەم بەیانییـە دڵخـۆش بـووم چونکـە خوێندنـی زانکـۆم تـەواو کردبـوو و خزمەتێکـی ڕاسـتەقینەم هەبـوو. چەنـد هەفتەیـەک پێشـتر تـەواو ببـووم لـە خوێندنـی دواییـن وەرزەکانـی خوێنـدن لـە کۆلێـژی یەزدانناسـی، لـە دواوەی خـۆم دوو سـاڵ و نیـوم بەسـەربردبوو کـە تێیـدا خـۆم تەرخـان کردبـوو بـۆ خوێندنـی بـاڵا. ڕاسـتەوخۆ بـەر لـە خوێندنـی بـاڵا لـە کۆلێـژی یەزدانناسـی، چـوار سـاڵم بەسـەربردبوو لـە خوێنـدن، بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـم بەدەسـتهێنابوو لـە خوێندنـی کتێبـی پیـرۆز. لـەدوای زیاتـر لـە شـەش سـاڵ خوێندنـی لەسـەر یـەک، بێگومـان هەمـوو ئـەو تایبەتمەندییانـەم هەبـوو کـە ببمـە شـوان: دوو پلـەی ئەکادیمـی لـە یەزانناسـی، وە کۆمەڵێـک کتێبـی ڕاڤـەکاری پێگەیشـتوو، وە چەنـد وتارێکـی پێشـوو بـۆ ئامـادەکاری وەرزەکانـی زانسـتی وتاربێـژی کـە پێشـتر خوێندبـووم. جگـە لەمـە پێویسـتیم بـە چـی دیکـە هەیـە؟

یـەک شـتی «بچـووک» هەبـوو پێویسـتم پێـی هەبـوو: پێویسـتم بـە کەسـێک بـوو فێـرم بـکات چـۆن بەڕاسـتی کۆمەڵـی بـاوەڕداران بەڕێـوە ببـەم.

لەبەر ئەوە خودا «ڕەی»ی پێ بەخشیم.

بـەر لـە چەنـد هەفتەیـەک لـە بانگهێشـتەکەی مـن، کڵێسـا «ڕەی» وەک شـوانی کاتـی دانابـوو. ڕەی، کـە لـە هەرێمـی نیـو ئینگلانـد بـوو لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، خزمەتکارێکـی دانـا بـوو، وە پیرێکـی بـە تەمـەن بـوو. مـاوەی سـاڵێک و نیـو پێـی پیشـاندام چـۆن شـوانایەتیی کڵێسـا بکـەم. سـەرنجم لێـی دەدا کـە چـۆن ڕێـگا دەبڕێـت بەنێـو تەوژمـە توندەکانـی ئەنجومەنـی پیرانـدا. لـە زنجیرەکانی شـوانایەتی دادەنیشـتم کە بەڕێـوەی دەبرد، سـوور بـووم لەسـەر ئـەوەی یـاوەری بکـەم لـە سـەردانکردنی نەخۆشـەکانی نەخۆشـخانە. چەنـد وتارێکـی نموونەیـی پێـدام بـۆ وتـاردان لـە ڕێوڕەسـمەکانی هاوسـەرگیری و پرسـە، هەتـا ئێسـتاش بەکاریدەهێنـم. خـۆم بـە بەختـەوەر دەزانـی کـە کـرداری شـوانایەتی

لـە بەرچـاوم بـە کـرداری ببینـم. وە هەندێـک جـار گاڵتـەم دەکـرد و دەمگـوت ئەگـەر مـن هـەر خزمەتێکـی شـوانایەتیم بـە ڕێگایەکـی دروسـت کردبێـت ئـەوا چاکـەی ئەمـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە لاسایی ڕایـم کردووەتـەوە، وە ئەگـەر شـتێکی هەڵـەم کردبێـت ئـەوا هۆکارەکـەی ئـەوە بـووە کـە مـن خەریـک بـووم پێدەگەیشـتم.

بـەڵام سـەرباری ئـەوە لێهاتوویـی خزمەتـی کـە فێـری مـن دەکـرد، "ڕەی» بـە کەسـایەتی و ئـاکار و دڵـی نموونەیـەک بـوو بـۆ شـوان؛ توانـای خـۆی بـۆ ئارامگرتـن پیشـاندا بـە دروسـتکردنی گۆڕانـکاری بـە شـێوەیەکی ئەوەنـدە هێـواش کـەوا کۆمەڵـی باوەڕدارانـی "یان"کـی  بەرگـەی بگـرن، یـان: نەوەکانـی بەشـی باکـووری ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا. زۆر دڵنەرمـی و سـاکاری و خۆشـحاڵی پیشـان دەدا تەنانـەت لـەو کاتـەش کـە نەدەگەیشـتە مەبەسـتەکەی خـۆی. پشـتی بـە خـودا دەبەسـت، لـە ڕێـگای نوێـژ کردنـەوە چارەسـەری کێشـە لـەدوای کێشـەی دەکـرد. لـە سـەرووی هەمـوو ئەمانـە، خەڵکـی خۆشدەویسـت، وە خەڵکیـش ئەمەیـان دەزانـی. لـە کۆتاییـدا، «ڕەی» هـەر تەنهـا فێـری شـوانایەتی نەکـردم، بەڵکـو تـەواوی کڵێسـای فێـر کـرد چـۆن شـوێنی عیسـا بکـەون.

### ◌ لاسایی من بکەنەوە

ئەزموونـم لەگـەڵ «ڕەی» پاڵـم دەنێـت بـۆ ئـەوەی بیـر لـەوە بکەمـەوە کـە پۆڵـس بـە کڵێسـای کۆرنسۆسـی گـوت: «لاسـایی مـن بکەنـەوە هـەروەک چـۆن منیـش لاسـایی مەسـیح دەکەمـەوە» (یەکـەم کۆرنسـۆس ١١: ١). ئایـا ئەمـە لـەلای تـۆ نامۆیـە؟ ئایـا پێشـتر بـە هیـچ باوەڕدارێـکت گوتـووە کـە لاسـایی تـۆ بکاتـەوە وەکـو چـۆن تـۆ لاسـایی عیسـا دەکەیتـەوە؟ وای بێنـە پێـش چـاوت کـە بـە کۆمەڵێکـی خوێندنـی کتێبـی پیـرۆز کـە خـۆت بەڕێـوەی دەبەیـت یـان یەکێـک لـە هاوکارەنـت لـە لیژنـەی کڵێسـا بەڕێوەیـان دەبـات بڵێیـت: «دەمـەوێ بـە هەمووتـان بڵێـم کـە مـن بەباشـی شـوێنی عیسـا کەوتـووم، بۆیـە پێویسـتە کـە ئێـوە لاسـایی مـن بکەنـەوە!» ڕەنگـە ئـەم ئایەتـە ئـاوا جـوان دەبـوو کـەوا جگـە لـە پۆڵـس هیـچ کەسـێک ناتوانێـت بیڵێـت؛ بـەڵام لـە کۆتاییـدا، ئـەو نێـردراوە، وە دەتوانێـت قسـەی مـەزن بـکات و لەسـەری گلەیـی لـێ ناکرێـت، وەکـو: «لاسـایی مـن بکەنـەوە».

بـەڵام پۆڵـس لەمـە دوورتـر ڕۆیشـت؛ تەنهـا نەیگـوت «لاسـایی مـن بکەنـەوە»، بەڵکـو کڵێسـای فیلیپیشـی هـان دا بـۆ سـەرنجدان لەوانـەی بەگوێـرەی ئـەم نموونەیـە ژیـاون کـە پێشکەشـی کـردووە: «ئـەی خوشـک و برایانـم، پێکـەوە لاسـایی مـن بکەنـەوە و بڕواننـە

ئەوانـەی ئـاوا دەژیـن، بەگوێـرەی ئـەم نموونەیـەی ئێمـە پێـمان دان» (فیلیپـی ٣: ١٧). ئایـا تێبینـی دواییـن وشـەی ئـەم ئایەتـەت کـردووە؟ پۆڵـس دەڵێـت «ئێمـە» لەبـری «مـن». وشـەی «ئێمـە» لـە نامـەی فیلیپـی ئاماژەیـە بـۆ پۆڵـس و تیمۆسـاوس (١: ١). وە پاشـان بازنـەی ڕابەرایەتـی فراوانـتر بـوو بـۆ دوورتـر لـە پۆڵس بـۆ ئـەوەی تیمۆسـاوس و باوەڕدارانی فیلیپـی بگرێتـەوە ئەوانـەی کـە بەگوێـرەی ئـەم نموونەیـە ژیـاون کـە پۆڵـس و تیمۆسـاوس بـە ژیانیـان پێشکەشـیان کـردووە.

لـە نامـەی پۆڵـس بـۆ تیمۆسـاوس، بـە ڕاشـکاوی قوتابییـە گەنجەکـەی ڕاسـپاردووە بـۆ ئـەوەی ببێتـە نموونەیـەک کـە لاسـایی بکرێتـەوە: «بـا کـەس سـووکایەتی بـە گەنجییەتیـت نـەکات، بەڵکـو ببـە نموونـەی بـاوەڕداران لـە قسـە و ڕەفتـاردا، لـە خۆشەویسـتی و بـاوەڕ و پاکیتـدا» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٤: ١٢).

چـی دەبێـت ئەگـەر نموونەبـوون بـۆ پەیڕەویکـردن تەنهـا تایبـەت بـە نێـردراوە پیـرۆزەکان نەبێـت؟ چـی دەبێت ئەگـەر پێشکەشـکردنی پێشـەنگی و لاساییکردنەوە لێدانی دڵـی جمکێـک بێـت ئـاوازی سروشـتی پێکبهێنـن بـۆ ژیانـی بەقوتابیبوونـی مەسـیحییانە؟ چـی دەبێـت ئەگـەر ئـەوەی ئێمـە بەڕاسـتی پێویسـتمانە بـۆ ئـەوەی گەشـە بکەیـن بـۆ پێگەیشـتن ئـەوە بێـت کـە کەسـانی زیاتـری وەکـو «ڕەی» و تیمۆساوسـمان هەبێـت بـۆ ئـەوەی لـە کڵێسـاکانماندا لەبەردەمـمان ببنـە پێشـەنگ؟

ئەمـە دەبێتـە شـتێکی ئاقڵانـە؛ بەگوێـرەی ئـەوەی وا دیـارە کـە خـودا ئێمـەی بـە ڕێگایـەک دروسـتکردووە وا دەکات لاسـاییکردنەوە بەشـێکی سـەرەکی پێکهاتەمـان بێـت. لـە منداڵییـەوە فێـری قسـەکردن و هەڵسـوکەوت و کاردانـەوە بوویـن لـە ڕێـگای لاسـاییکردنەوەی دەوروبەرمانـەوە. هەمـوو باوکێـک بـەم سـاتانەدا ڕۆیشـتووە کاتێـک گوێـی لـە وشـەکانی بـووە کـە لـە دەمـی منداڵەکەیـەوە دەردەچێـت؛ وە دایـک نیگەرانـە سـەبارەت بـەو هاوڕێیانـەی کـە منداڵەکـەی لـە کاتـی هەرزەکاریـدا هەڵیدەبژێرێـت؛ چونکـە ئـەوان درک بـە کاریگـەری هـاوڕێ لـە سـەر منداڵەکەیـان دەگـەن، وە پێکهاتنـی هاوشـێوەیی بـۆ یەکـتر. تەنانـەت پێگەیشـتووانیش شـێوازی دەنـگ لـە یەکـتر وەردەگرنـەوە، دەربڕیـن، ئاماژەکانـی ڕوخسـار، گاڵتەکـردن، حـەز و هـەوەس، نەریـت، حـەز و خولیـا. بۆیـە، کاتێـک تەماشـای دوو هاوسـەر دەکەیـت کـە پەنجـا سـاڵ بەسـەر هاوسـەرگیرییە سـەرکەوتووەکەیان تێپەڕیـوە ئـەوان بـە تێپەڕینـی کات کـەم کـەم پێکـەوە لەنـاو قاڵبێـک تواونەتـەوە و بوونەتـە یـەک کـەس.

ئـەم شـتە دینامیکییـە لەسـەر نمونـە و ئـەو کەسـەیە کـە لاسـایی دەکاتـەوە، وە نموونـە و لاسـاییکەرەوەی، درێـژ دەبێتـەوە بـۆ بەقوتابیبوونـی مەسـیحیی. بـەڵام ژیانـی مەسـیحی بــە لاســاییکردنەوە دەســتپێناکات، بەڵکــو بــە پەرجــو دەســتپێدەکات. بەقوتابیبــوون دەستپێدەکات کاتێـک کەسـی گوناهبـار پەیامـی ئینجیـل دەبیسـتێت و ڕۆحـی پیـرۆز بـە شـێوەیەکی سەروسروشـت بارودۆخـی دەروونـی ئـەو لـە ڕێگـەی بیسـتنەوە دەیگۆڕێـت. وە لـە ئەنجامـی ئەمـەدا کەسـی گوناهبـار تۆبـە دەکات لـە گوناهەکـەی و بـاوەڕ دەهێنێـت کـە عیسـا مـرد و لەنێـو مـردووان هەسـتایەوە بـۆ ئـەوەی ڕزگاری بـکات. بـەم شـێوەیە بـە هێـزی خـودا لەدایـک دەبێتـەوە، یەکەمیـن هـاواری ئەمـە دەبێـت «عیسـا پـەروەردگارە!» پێویسـتە مـرۆڤ دووبـارە لەدایـک ببێتـەوە بـۆ ئـەوەی بچێتـە نـاو شانشـینی خـودا. وە هیچ کەسـێک ناتوانێـت لاسـایی ئـەم گۆڕانـە بکاتـەوە کـە ڕوودەدات لـە کاتـی پەڕینـەوە لـە بێباوەڕییـەوە بـۆ بـاوەڕ.

بـەڵام ئێسـتا، بـۆ ئەوانـەی تـازە لـە ڕۆحـدا لـە ئاسـمان لەدایکبوونـە پێویسـتە گەشـە بکـەن بـۆ پێگەیشـتن و بـۆ هاوشـێوەیی مەسـیح. ئەمـە چـۆن ڕوودەدات؟ ئەمـە ژمارەیـەک لـە کاریگـەری لەخۆدەگرێـت، وەکـو بەدەسـتهێنانی خـۆراک لـە وشـەی خـودا، بـەڵام پێویسـتی بـە شـتێکی دیکـەش هەیـە؛ ئـەم تـازە لەدایکبـووە لـە خـوداوە پێویسـتی بـە خێـزان هەیـە، کـە لـەوێ لـە ڕێـگای لاسـاییکردنەوەی کەسـانی دیکـە فێربێـت چـۆن لەگـەڵ عیسـادا بـڕوات. ئـەو پێویسـتی بـە کڵێسـای خۆجێیـی هەیـە.

کڵێسـایەکی خۆجێیـی تەندروسـت ژینگەیەکـی دەوڵەمەنـد لـە پەیوەنـدی فەراهـەم دەکات لەپێنـاو کـرداری بەرابـەر لەسـەر بنەمـای نموونـە و لاسـاییکردنەوە. لـەدوای ئـەوەی کـە بـاوەڕدار دەبێتـە ئەنـدام لـە هاوبەشـیکردنی ئینجیـل، ئـەو بـاوەڕدارەی تـازە لەدایکبووە دەکـرێ تێبینییەکانـی بـەراورد بـکات لەگـەڵ باوەڕدارانـی دیکـە کـە تـازە لەدایکبوونـە لـە ڕێگایـان بـۆ لێڕاهاتنـی ژیانێکـی نامـۆی خـۆش کـە شـوێنکەوتەکانی عیسـا ئەوانـەی گوناهەکانیـان بەخـشراوە پێـی دەژیـن. هەروەهـا دەتوانێـت لـەو برایانەشـی فێربێـت کـە تەمەنیـان گەورەتـرە، ئەوانـەی ماوەیەکـی درێژتـرە شـوێنی عیسـا کەوتـوون، لـەم ماوەیـەدا، بــە هێــزی ڕۆحــی پیــرۆز لــە چەندیــن جەنــگ لــە دژی گونــاه ســەرکەوتوون، وە بــە متمانەکردنیـان بـە نیعمەتـی خـودا بەرگـەی گێژەلووکـەی ژیانیـان گرتـووە. وە ڕەنگـە چەنـد دایـک و باوکێکـی خوانـاس ببینێتـەوە، وەکـو پۆڵسـی نێـردراو و قەشـە «ڕەی»، وا دەکـەن نوێـژ بـکات و بڵێـت: «ئـەی پـەروەردگار یارمەتیـم بـدە بـۆ ئـەوەی وەکـو ئەمـەم لێبێـت».

ئێمـە پێویسـتمان نـەک هـەر تەنهـا بـە فێربـوون و وتـاری تەندروسـت هەیـە سـەبارەت بـە ژیانـی مەسـیحییانەی گوێڕایـەڵ، بەڵکـو هەروەهـا بـە کـردار پیـرۆزی ببینیـن. ئێمـە گەشـە دەکەیـن لـە ڕێـگای لاسـاییکردنەوەی کەسـانی دیکـە، هـەروەک نێـردراوەکان لاسـایی عیسـایان کـردەوە و وەکـو ئـەوەی تیمۆسـاوس لاسـایی پۆڵسـی کـردەوە، وە هــەروەک جێرێمـی لاسـایی ڕەی کـردەوە.

## ◌ شوانایەتیکردن بە شوان بوون

کەواتـە هەمـوو ئـەم خاڵانـە چ پەیوەندییەکـی بـە پیرانـەوە هەیـە؟ پێویسـتە ئـەم کتێبـە وەسـفی ئەرکـی چاودێـران بێـت. لـە کـوێ گرنگییـان دەردەکەوێـت لـە گوتنـی ئـەم شـتانە سـەبارەت بـە پێشـەنگی و لاساییکردنەوە؟

بابەتەکـە ئاسـانە: خـودا پیرانـی بانگهێشـت کـرد بـۆ ئـەوەی ببنـە پیاوانێـک کـە شـایانی ئـەوە بـن لاسـایی بکرێنـەوە. وە پێویسـتە کـە کڵێسـای ناوخۆیـی تەندروسـت چەندیـن کـەس لەخـۆ بگرێـت، ژن و پیـاو، کـەوا شایسـتەی ئـەوە بـن ببنـە نموونـە بـۆ لاساییکردنەوەیان. بـەڵام کاتێـک کڵێسـا پیاوێـک دادەنێـت بـۆ ئـەوەی ببێتـە چاودێـر، وەک ئەوەیـە بـە فەرمـی بڵێـت: «پیاوێـک لەبەردەمتانـە کڵێسـا دانـی پێـدا دەنێـت نموونەیەکـی فەرمییـە لـە شـوێنکەوتە پێگەیشـتووەکانی عیسـا».

ئـەو تاکـە نموونـە نییـە، وە نموونەیـەک نییـە هەمـوو ئاکارەکانـی تـەواو بێـت، وە ناچـار نییـە کـە باشـترینی نموونـەی چاکـی مەسـیحی بێـت لـە کۆمەڵـەی بـاوەڕداران. بـەڵام بـە هەرحـاڵ، پیـر نموونەیەکـی دیاریکـراوە بـۆ پلەکـە وەک ئـەوەی پێویسـتە. کڵێسـا لـە ڕێـگای دانپێدانانـی بـەوەی کەسـێک پیـرە دەڵێـت: «لاسـایی ئـەم کەسـە بکەنـەوە هـەروەک ئـەو لاسـایی مەسـیح دەکاتـەوە». پێویسـتە کڵێسـا توانـای هەبێـت بـۆ ئـەوەی باوەڕدارانـی نـوێ ئاراسـتەی یەکێـک لـە پیـرەکان بـکات و پێـی بڵێـت: «ئایـا دەتەوێـت بزانیـت کـە پێویسـتە شـێوەی بـاوەڕداری ڕاستەقینە چـۆن بێـت؟ تەماشـا ئەمـە بکـە».

بـە دەربڕینێکـی دیکـە، ئەرکـی پیـران پێکدێـت لـە شـوانایەتی بـە دەروون و کـردار. پیـران کڵێسـاکانیان بەڕێـوە دەبـەن نـەک تەنهـا بـەوەی دەیکـەن، بەڵکـو بـە کەسـایەتییان. بەبـێ کەسـایەتی، کردارەکـە شکسـت دەهێنێـت.

ئێسـتا بـا پێداچوونـەوە بکەیـن بـە پێکهاتەکانـی وەسـفی ئەرکـی پیـر کـە لـە بەشـەکانی

ڕابردوو باسمان کرد. بە کورتی، کەسایەتی هاوشێوەیی مەسیح مەرجێکە هەر دەبێت هەبێت بۆ خزمەتی شوانایەتی.

لە بەشی دووەمدا وەسفی ئەرکی پیرمان بە تەواوی لە ڕستەیەکدا پوخت کردەوە کە ئەمە بوو: «ڕێنماییکردنی ئەندامانی کڵێسا بەرەو لێکچوونی زیاتر لەگەڵ مەسیح». پیران شوانن و وەبەرهێنان لە ژیانی ئەندامانی کڵێسادا دەکەن بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەن کە زیاتر وەکو عیسا بن.

بەڵام ئەگەر پیر خۆی پێگەیشتوو نەبێت، چۆن دەکرێ کەسانی دیکە بەڕێوە ببات بەرەو گەشەکردن و خواناسی؟ هەروەک تۆ ناتەوێ ڕاوێژکارێکی دارایی دابنێیت کە پێشتر بە بڕیاری وەبەرهێنانی شکستخواردوو سامانی خۆی بەهەدەر داوە، هەروەک تۆ مەشقی وەرزشی لەژێر سەرپەرشتی مەشقکارێکدا ناکەیت کە جەستەیەکی ڕێکی نییە، چونکە لە ناختدا هەستی بێ متمانەیی دەوروژێنێت، بە هەمان شێوە بۆ پیری خۆپەرست، خواناس نەبێت کە دەڵێت: «لاسایی من بکەنەوە» شوێنکەوتەی زۆری نابێت. خەڵکی بەرەو مەسیح نابات بەڵکو بۆ ئەو شوێنەی کە خۆی بۆی دەچێت.

بەشی سێیەم باسی ئەرکی فێرکردنی کرد؛ کەوا پیران ڕاستیی کتێبی پیرۆز ڕاڤە دەکەن، وە لە هەڵەکانی بیروباوەڕ دەکۆڵنەوە. بەڵام چی دەبێت ئەگەر ژیانی مامۆستا بە شێوەیەکی ڕوون لە دژی فێرکردنەکەی بوو؟ هەمووان واز لە گوێ لێگرتنی دەهێنن جگە لەوانەی لەگەڵی هاوڕان. خەڵکی ئارامییان نییە لەسەر ئەو مامۆستایەی کە دەڵێت: «وەک ئەوە بکەن کە دەیڵێم، نەک ئەوەی کە دەیکەم». لەوەش خراپتر، ئەوەیە کە ئەو مامۆستایانەی بینینیان هەیە کە گەلی خودا فێر دەکەن، پێویستە ڕووبەڕووی خودا ببنەوە. جێی سەرسامی نییە کە یاقوب هۆشداری داوە و دەڵێت: «خوشکان و برایانم، زۆرتان مەبنە فێرکار، بزانن لێپرسینەوەی قورسترمان لەگەڵ دەکرێت!» (یاقوب ٣: ١).

بەڵام کاتێک شوان پەیوەندی دروست دەکات لەنێوان فێرکردنی ڕەسەن و ژیانی ڕەسەن، هەرگیز مێگەلی پەیوەست بە خۆی و دڵسۆزی لەدەست ناچن. وە کاتێک بیر لە خزمەتە فێرکارییەکەی «ڕەی» دەکەمەوە وەک شوانی کاتیی کڵێساکەمان، هەردەم یەکێک لە وتارە گرنگەکانیم بەبیر دێتەوە. لە ماوەی هەفتەی جەژنی هەستانەوە، ڕای لە (یۆحەنا ١٣) سەبارەت بە شوشتنی پێی قوتابییەکان لە لایەن عیساوە فێری کردین. وە هەتا ئێستا لەبەر دوو هۆکار ئەم وتارەم لەبیرە: یەکەم، ئەوەیە کە وتارێکی

مەزن بوو؛ ڕەی بە ڕوونی و بە کاریگەرییەوە قسەی کرد سەبارەت بە دڵی عیسا لە خزمەت، نەک تەنها لە لایەنی شوشتنی پێ نەبوو بەڵکو لە لایەنی چوونە سەر خاچ بۆ ئەوەی گوناهەکان بشوات و دایبماڵێت. داوای لە کۆمەڵی باوەڕداران کرد بۆ خزمەتێکی ساکاری یەکتر لەژێر ڕۆشنایی ئینجیل و هاوشێوەی خزمەتی عیسا.

هۆکاری دووەم، وە گرنگتر، کاتێک گوێم لە وشەکانی ئەو وتارە و خزمەتکاربوون دەگرت، هەروەها ساکاری و خزمەتم بینی، وە خۆکردنە قوربانی لە لایەن پیاوێکەوە کە ئەم وشانەی دەگوت؛ ڕەفتاری مەسیحییانەی چەسپاو لەلایەن ڕەی وای لە من کرد گوێ لە وتارەکەی بگرم.

لە بەشی چوارەم پشکنینێکمان کرد بۆ بەرپرسیارێتی پیر کە پێویستی بە گەڕانە لە ئەندامانی ونبوو. ئەمە ئەرکێکی هەستیارە؛ چونکە ئەو ئەندامانەی لە کڵێسا دوور دەکەونەوە بە ئاسانی تووشی شکست و برینداری دەبن. وە لە ئەنجامدا کۆشش دەکەن بۆ بنیادنانەوەی متمانە بە کەسانی دیکە. بۆیە کاتێک شوانێک کە گومان لە پاکێتی دەکریت مەڕی ونبوو بەسەردەکاتەوە، ڕەنگە مەڕەکە لێی بڕەوێتەوە یان ڕابکات. چۆن دەکرێ مەڕ متمانە بە کۆششی شوان بکات لە «ئیشکگرتن» بۆ شوانایەتی لە کاتێکدا شوانەکە (پیرەکە) ناتوانێت ئێشک لە شوانایەتی خۆی بگرێت؟

دەتوانین هەنگاوێکی دیکە بنێین؛ ئەگەر لە دەرەوەی کڵێسا شوان ناوبانگی بە خراپە بڵاو ببێتەوە، ئەوا خەڵکی لە ئامادەبوون لە ڕۆژی یەکشەمە دوور دەخاتەوە. «دەبێت ناوبانگی باش بێت لەلای ئەوانەی لە دەرەوەن، نەوەک قسەی بێتە سەر و بکەوێتە بەر داوی شەیتان» (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٧).

لە بەشی پێنجەمدا باسی ئەو گرژییەمان کرد کە لە نێوان ڕابەراندا بە متمانەوە هەیە وە لە هەمان کاتدا بە نەرمونیانییەوە. دیسان دەیڵێمەوە کە کەسایەتی خواناس کلیلەکەیە. هەروەک پەترۆس دەڵێت: «ئەو مێگەلەی خودا بلەوەڕێنن کە لەنێوانتاندایە، وەک چاودێر خزمەتیان بکەن، نەک بە ناچاری، بەڵکو بە ویستەوە وەک چۆن خودا دەیەوێت، نەک بۆ دەستکەوتی شەرمەزاری، بەڵکو بە چالاکییەوە، خۆتان بەسەر ئەوانەدا مەسەپێنن کە دراونەتە دەستتان، بەڵکو ببنە نموونە بۆ مێگەل» (یەکەم پەترۆس ٥: ٢، ٣). بوونی شوان وەک نموونەیەک بۆ مێگەل دژەتەنە بۆیان لەبەر ئەوەی سەرپەرشتیاریانە. کاتێک پیران وەکو عیسا دەژین و خەڵکیان خۆشدەوێت، ئەوان وەکو کەسێکی لەخۆبایی و دەسەڵاتگەرا نایەنە پێش چاو. لەبری

ئـەوە، بـە سـاکار وەسـف دەکرێـن وەک هاوشـێوەی عیسـا کـە دەسـەڵاتی هەتاهەتاییـان پـێ دەبەخشـێت و کڵێسـا خۆویسـتانە ملکەچـی دەبێـت. پێویسـتە پیـران لـە ڕێـگای پێشکەشـکردنی نموونـەوە ڕابەرایەتـی بکـەن، وە ببنـە پێشـەنگ، ئەمـە ئەگـەر بیانەوێـت ڕابەرایەتـی بکـەن.

لـە کۆتاییـدا، لـە بەشـی شەشـەم باسـی بابەتـی چەندێتـی پیرانمـان کـرد. چاودێـران نموونەیـەک دروسـت دەکـەن نـەک تەنهـا وەکـو تـاک، بەڵکـو وەکـو تیـم. بیـر لـە کۆمەڵـی پیرانـی کڵێسـاکەت بکـەوە وەک ئـەوەی کڵێسـایەک بێـت لـە وێنەیەکـی بچوککـراوەدا. پێویسـتە شـوانەکان بەجەسـتەبوونێکی زینـدوو بـن لـە ڕێگایـان بـۆ کاردانـەوە، چارەسـەری کێشـەکان، تێکۆشـان بـۆ یەکێتـی، پێکـەوە ڕووبەڕووبوونـەوەی ئالنگارییـەکان بـۆ ئـەوەی تـەواوی کڵێسـا لاسـاییان بکاتـەوە. پێویسـتە دەسـتەی پیـران توانایـان هەبێـت کـە بـە شـێوەیەکی کۆمـەڵ بڵێـت: «لاسـایی ئێمـە بکەنـەوە هـەروەک ئێمـەش پێکـەوە لاسـایی مەسـیح دەکەینـەوە».

جارێکیـان پۆلێکـی خوێندنـم لـە کڵێسـاکەمان فێـر دەکـرد سـەبارەت بـە بابەتـی ئەرکـی پیـر لـە ڕوانگـەی کتێبـی پیـرۆزەوە. لەنێـو ناوەڕۆکـی بابەتەکـە ئـەوە هەبـوو کـەوا بچینـە «گەشـتێکی زانسـتی» بـۆ ئامادەبـوون لـە کۆبوونەوەیەکـی پیـران. لـەدوای ئامادەبوونەکـە خوێنـدکاران گەڕانـەوە و لـە پـۆل دانیشـتن بـۆ ئـەوەی باسـی ئەزموونەکەیـان لـەم کۆبوونەوەیـە بـۆ یەکـتر بکـەن. باسـی ئەمانەیـان کـرد کـە لـە شـێوازی پیـران بەرامبـەر بـە یەکـتر بینییـان، خۆشەویسـتی، سـاکاری و نەرمونیانـی، سـەرباری گرنگیدانـی ڕاسـتگۆیانە کـە پیـران پیشـانیان دەدا لـە کاتێکـدا لـە پێنـاو ئەندامانـی کڵێسـا نوێژیـان دەکـرد. هەندێـک لـە خوێنـدکاران لـەم کۆبوونەوەیـەدا تێبینـی شـتێکی جیاوازیـان کـرد لـە پیـران، شـتێکی بەهێزتـر، یەکگرتـوو و ترسـناک. وە لەبـری ئـەوە، لـە ڕێـگای کاردانـەوەی پیرانـەوە شـتێکیان بینـی هاوشـێوەی عیسـا بـوو. شـەوێکی خـۆش بـوو بـۆ چاودێرانـی کڵێسـاکەمان.

ئایـا دەبینیـت چـۆن خوێنـی پێویسـت بـۆ ژانـی خوداناسـی پێویسـتە لـە ڕێـگای هـەر ئەرکێکـدا بـڕوات کـە پیـر ئەنجامـی دەدات؟ بـەڵام ئەگـەر پیـر گرنگـی بـە پاکیی خـۆی نەدا و لـە کاتـی یاخیبوونـی لـە خـودا چارەسـەری قبـوڵ کـرد، خزمەتەکـە دەمرێـت. ڕەفتـاری پیر لەگـەڵ عیسـا بـەو داوە دادەنرێـت کـە بەنێـو هەمـوو دەنکەکانـی مرواریـدا دەڕوات کـەوا وێنـای ئەرکـی کارەکـەی دەکات. ئـەم داوە ببـڕە دەنکـە مرواریيـەکان دەکـەون و لـە هەموو شـوێنێک بـڵاو دەبێتـەوە. ڕەنگـە پیرێکـی بەهرەمەنـد بێـت، خاوەنـی ئەزموونـی بێـت،

وە کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشی هەبێت، بەڵام ئەگەر بەباشی ڕەنگدانەوەی عیسایان نەبێت، بێگومان پێنەگەیشتوویی ئەو بەرە لەژێر پێی بەهرەکانی دەردەهێنێت. کەسایەتیی پیر ڕاستگۆیی و هێز بە کردەوەکانی دەبەخشێت. ئەمەش ڕاڤەی ئەو هۆکارە دەکات کە کتێبی پیرۆز ئەم لیستە فراوانەی داناوە بۆ شایستەییەکانی پیر، هەروەک لە بەشی یەکەمدا بینیمان، وە هۆکاری چڕبوونەوەی ئەم لیستانە لە پێگەی یەکەمدا لەسەر کەسایەتی نموونەییە کە شایانی ئەوەیە لاسایی بکرێتەوە. پێویستە پیر «گلەیی لەسەر نەبێت» (یەکەم تیمۆساوس ٣: ٢). تەواوی خزمەتەکەی لەسەر ئەمە بەندە.

## ◌ ئاگاداری ژیانی خۆت بە

لەسەر بنەمای گرنگیدان بە نموونەبوونی پیران لە کڵێسادا، ناتوانین کۆتایی بەم بەشە بهێنین بەبێ ئەوەی باسی ئەرکێکی گرنگی دیکە بکەین بۆ ئەرکی پیر: پێویستە هەموو پیرێک بەردەوام کۆشش بکات بەرەو پیرۆزی و خۆشەویستی و پێگەیشتنی ڕۆحی. پێویستە پیران زیاتر و زیاتر هاوشێوەی عیسا بن بۆ ئەوەی وەکو عیسا ڕابەرایەتی بکەن.

پۆڵس ئەمەی بە تیمۆساوس گوت: «ئاگاداری خۆت و فێرکردنت بە، لەسەری بەردەوام بە، چونکە ئەگەر ئەمەت کرد خۆت و گوێگرانیشت ڕزگار دەکەیت» (یەکەم تیمۆساوس ٤: ١٦). ئەمە ڕاگەیاندنێکی سەرسوڕهێنەر و بەرپرسیارێتییەکی سەرنجڕاکێشە. پۆڵس دەڵێت کە شوان ڕۆڵێکی دیاریکراو دەگێڕێت کە لە خوداوەیە بۆ ڕزگاری کەسیی خۆی و کەسانی دیکەش بە وریابوون لە ژیانی خۆی و فێرکردن.

ڕەنگە بەشی فێرکاری بۆ ئێمە کەمتر تووشی حەپەسانمان بکات. خەڵکی ڕزگاری بەدەستدێنن بە گوێگرتنیان لەو ئینجیلەی کە فێری کتێبی پیرۆزیان دەکات. وە پاشان، ئەگەر ڕابەری کڵێسا فێرکردنەکەی لە هەڵە پاراست، ئەو کاتە فێرکردنەکە دەبێتە کەناڵێک بۆ نیعمەتی ڕزگارکاری خودا.

بەڵام چی لەسەر ژیانی شوان؟ شوان، بە ئاگاداربوون لە ژیانی خۆی و بەوەی کە «نموونەی باوەڕداران لە قسە و ڕەفتاردا، لە خۆشەویستی و باوەڕ و پاکیتدا» (یەکەم تیمۆساوس ٤: ١٢)، ڕۆڵ دەگێڕێت لە ڕزگابوونی خۆی و ڕزگاربوونی ئەوانەی لە کڵێساکەیدان. ڕۆحی خودا بە جۆرێک ژیانی چاودێر بەکاردەهێنێت کە بەباشی

ئـاگاداری بـووە لـە هێنانەدیـی ڕزگاری کەسـانی دیکـەی کڵێسـا. بۆیـە پێشـەنگی و نموونەیـی بابەتێکی بژاردەیـی نییـە. پێکـەوە دوو بابەتـی بنەڕەتیـن بـۆ چۆنیەتـی ڕوودانـی پێشـکەوتنی ڕۆحـی لـە کڵێسـای ناوخۆیـی.

کەواتـە، ئـەی بـرای پیـرم، لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوە ئـاگاداری ژیانـی خـۆت بـە. ئەگـەر دەتەوێـت لەگـەڵ پۆڵـس بڵێیـت: «لاسـایی مـن بکەنـەوە هـەروەک چـۆن منیـش لاسایی مەسـیح دەکەمـەوە» (یەکـەم کۆرنسـۆس ١١: ١)، بۆیـە پێویسـتە لەسـەرت سـەرەتا دەنگـت بخەیتـە پاڵـی و بڵێیـت: «بەڵکـو لەگـەڵ لەشـم تونـد دەبـم و دەیکەمـە کۆیلـە، نـەوەک لـەدوای ئـەوەی بـۆ خەڵکـی دیکـە جـاڕم داوە، خۆمـڕەت بکرێمـەوە» (یەکـەم کۆرنسـۆس ٩: ٢٧).

دەروون و حەزەکانـت بزانـە کـە وات لێدەکەن شایسـتە نەبیت، هۆشـیار بـە لەو خاڵانەی کـە زیاتـر ڕەنگـە لێیـەوە هێـرش بکرێتـە سـەر شـوراکانی دڵـت، کـەوا تاقیکردنـەوەکان هەڵیدەبژێـرن بـۆ ئـەوەی لەوێـوە هێرشـەکان بکـەن. بـەردەوام بـە لـە بەرگریکـردن لـە گونـاە و لـە هـەر کوێیـەک بینیـت بـە هێـزی ڕۆحـی پیـرۆز بیکـوژە (ڕۆمـا ٨: ١٣). لەگـەڵ ڕۆحـی پیـرۆز هاوئـاواز بـە (گەلاتیـا ٥: ١٦) بـۆ ئـەوەی کارەکانـی جەسـتە وشـک ببنـەوە و بەرهەمـی ڕۆح بچنیتـەوە (گەلاتیـا ٥: ١٩-٢٣). بـا وشـەی خـودا بـەردەوام هـزرت نـوێ بکاتـەوە (ئەفەسـۆس ٤: ٢٢-٢٤). هەمـوو ڕۆژێـک جەسـتەت وەک قوربانییەکـی زینـدوو پێشـکەش بکـە (ڕۆمـا ١٢: ١، ٢).

## ◌ پێشخستنی ئینجیل

وا دامەنـێ کـە تـۆ گەیشـتیتە کۆتایـی لەبـەر ئـەوەی پیریـت، ڕاسـتییەکە تـەواو پێچەوانەیـە: هەسـتانت بـە ئەرکـی چاودێـر پێویسـتە لـە ناختـدا هەسـتێک پەخـش بـکات کـە زۆر پێویسـتت بـە هێنانەدیـی پێشـکەوتن هەیـە لـە لاسـاییکردنەوەی عیسـا.

کۆمەڵـی باوەڕدارانـی کڵێسـاکەت تەنهـا پێویسـتیان بـەوە نییـە کـە پیرێکـی خوانـاس ببینـن، بەڵکـو پێویسـتیانە پیرێـک ببینـن کـە بـەردەوام گەشـە دەکات. پۆڵـس تیمۆسـاوسـی ڕاسـپارد بـەوەی کـە تەنهـا ئـاگاداری ژیانـی خـۆی نەبێـت، بەڵکـو لەبەرچـاوی خەڵکیـش پێشـکەوتنی کەسـیی ڕووبـدات: «بایـەخ بـەم شـتانە بـدە، هەمـوو توانـای خۆتـی تێـدا بەکاربهێنـە، تاکـو پێشـکەوتنت بـۆ هەمـووان دەربکەوێـت» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٤: ١٥). ئایـا ئەمـە جێـگای سـەرنج نییـە؟ کۆمەڵـی باوەڕدارانـی کڵێسـاکەت پێویسـتیان بەوەیـە

پێشـکەوتن ببینـن، نـەک تەواوەتـی. بـەو پێیـەی کـە عیسـایە ئـەوەی تەواوەتـی هەیـە، کڵێسـا پێویسـتی بەوەیـە کـە نـەک تەنهـا لاسـایی ئاسـتی گەشـەی تـۆ بکەنـەوە لـە مەسـیحدا، بەڵکـو بـە هەمـان گرنگـی، لاسـایی ئـەو ڕاسـتییە بکەنـەوە کـە تـۆ هێشـتا وا گەشـە دەکەیـت.

بـە دەربڕینێکـی دیکـە، کڵێسـا پێویسـتی بەوەیـە ببینێـت کـە بـەردەوام ئینجیـل ژیانـت دەگۆڕێـت. وە مـەڕەکان پێویسـتیان بەوەیـە کـە بزانـن تـۆش بـەردەوام تۆبـە دەکەیـت لـە گوناهەکانـت. ئـەوان پێویسـتیان بەوەیـە کـە گوێیـان لێـت بێـت لـە نوێـژدا هـاوار دەکەیـت و داوای هێـزی هەسـتانەوەی عیسـا دەکەیـت لـە خۆتـدا. ئـەوان پێویسـتیان بەوەیـە کـە بزانـن تـۆ هەمـوو ڕۆژێـک کتێبـی پیـرۆز دەخوێنیتـەوە و نوێـژ دەکەیـت، نـەک لەبـەر ئـەوەی تـۆ نازنـاوی پیرۆزێکـی لـە سـەرووی سروشـتیت، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی تـۆ فێـرت کـردوون کـە بەبـێ مەنـی[P] خۆراکـی ڕۆژانـە، توانـات نابێـت بـۆ بەرگریکـردن لـە دژی تاقیکردنـەوە، وە بـۆ خزمەتـی پـەروەردگار.

لـە ڕێـگای پێشکەشـکردنی نموونەیـەک لەسـەر پێشـکەوتن بـە پشتبەسـتن بـە ئینجیـل، تـۆ ئەندامانـی کڵێسـا بـەرەو کەسـێکی دیکـەی جگـە لـە خـۆت ئاراسـتە دەکەیـت، وە ڕێبەرایەتییـان دەکەیـت بـۆ ئـەوەی چاویـان بـەرەو عیسـا هەڵبـڕن کـەوا بـۆ وێنـەی ئـەو دەگۆڕێیـن.

# بەشی هەشتەم
# پاڕانەوە لە خودا لەپێناوی مێگەل

لـە حـەوت بەشـی ڕابـردوودا، لەبـارەی شـێوازی کاری پیـران بەپێـی کتێبـی پیـرۆز قسـەمان کـرد. وە بـە کورتـی باسـی ئەوەمـان کـرد کـە بابەتەکـە پەیوەنـدی هەیـە بـە بەڕێوەبردنـی ئەندامانـی کڵێسـا و ڕابەرایەتییـان بـۆ پێگەیشـتنی زیاتـر لـە ڕێـگای لێکچـوون لەگـەڵ مەسـیح. لەگـەڵ ئەوەشـدا، دەتوانیـن بڵێیـن کـە پیـران بانگهێشـت کـراون بـۆ بەڕێوەبردنـی کڵێسـا خۆجێییـەکان وەکـو عیسـا.

ئـەو هـەوڵ و ماندووبوونـەوەی کـە پیـر دەیـدات چەندیـن نموونەیـە لـە خزمەتـی عیسـا بـۆ قوتابییەکانـی. عیسـا وشـەی خـودای فێـر کـردن؛ وە پیرانیـش بـەردەوام دەبـن لـە فێرکردنـی هەمـان وشـەی خـودا. عیسـا لـە ئاسـمانەوە هـات بـۆ ئـەوەی بـەدوای گوناهبارانـدا بگەڕێـت و ڕزگاریـان بـکات؛ هەروەهـا پیرانیـش، بـە ڕێگایەکـی هاوشـێوە، بـەدوای ونبووانـدا دەگەڕێـن، هەندێـک جـار پێویسـتی بـە قوربانیدانـی کەسییان دەبێـت. عیسـا بـە شـێوەیەکی تـەواو وێنـەی خـودای بەرجەسـتە کـرد؛ بـە هەمـان شـێوە، پیـران هـەوڵ دەدەن لاسـایی عیسـا بکەنـەوە بـە شـێوەیەک کـە بتوانـن ببنـە پێشـەنگی ئەندامانی کڵێسـا. وە پیـران وەکـو عیسـا لـە ڕێـی فێرکردنـەوە کڵێسـا بەڕێـوە دەبـەن، ڕابەرایەتـی دەکـەن، تێدەکۆشـن بـۆ هێنانـەوەی ونبـووان، خزمـەت دەکـەن، وە هـەروەک عیسـا دەبنـە پێشـەنگ.

بـەڵام پێویسـتە کـە شـتێکی گرنگـمان لەدەسـت نەچێـت. پێویسـتە پیرانیـش لاسـایی «نیوە»کـەی دیکـەی خزمەتـی عیسـا بکەنـەوە. شـوانایەتی وەکـو عیسـا واتـا نوێژکـردن وەکـو عیسـا:

> «لەگـەڵ ئەوەشـدا هەواڵـی عیسـا زیاتـر بـڵاو بـووەوە، جـا خەڵکێکـی زۆر کۆبوونـەوە تاکـو گـوێ بگـرن و نەخۆشـییەکانیان چـاک بێتـەوە. بـەڵام ئـەو دووردەکەوتـەوە بـۆ چۆڵەوانـی و نوێـژی دەکـرد» (لۆقـا ٥: ١٥، ١٦).

ئـەم چەنـد ئایەتـە پوختەیەکـمان پێشـکەش دەکات سـەبارەت بـە خزمەتـی عیسـا هەتـا کاتـی ئازارەکانـی. ئێمـە سـەبارەت بـە نیـوەی یەکەمـی پوختـەی خزمەتەکـەی زانیاریـمان هەیـە، واتـا خزمەتـە ئاشـکراکەی، بـەو پێیـەی کـە ئینجیلـەکان ڕوونیـان کردووەتـەوە؛ کـە

چەندین جار و بەردەوام دەبینین عیسا خەلکی فێر دەکات، پەرجوو دەکات، وە لەنێو گەل خزمەت دەکات.

بەڵام نیوەکەی دیکەی پوختەی خزمەتەکەی کە باسی دەکات چۆن عیسا «زۆر جار» بە تەنها دەبوو بۆ ئەوەی نوێژ بکات؟ زۆر شت لەم لایەنەوە نازانین، وە هۆکارەکە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نووسەرانی ئینجیل زۆر وردەکاری ژیانی نوێژکردنی تایبەتی عیسایان باس نەکردووە. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین دەتوانین لە چەند ئاماژەیەکی دووبارە تێبگەین لەم لایەنەی کە بە دڵنیاییەوە بەشێکی دانەبڕاوە لە خزمەتی عیسا. با بەردەوام بین لە خوێندنەوەی چەند نووسینێکی لۆقا:

- عیسا لە کاتی لەئاوهەڵکێشانەی نوێژی کرد، لەم کاتەدا ئاسمان کرایەوە، وە ڕۆحی پیرۆز دابەزییە سەری، وە باوک قسەی کرد (٣: ٢١، ٢٢).
- عیسا لە دەستپێکی ڕۆژە جەنجاڵەکەی لە کەفەرناحوم چووە شوێنێکی دابڕاو، دەبێت بۆ ئەوە بووبێت کە نوێژ بکات (٤: ٤٢؛ بەراوردی بکە بە ٥: ١٦).
- عیسا شەوێکی تەواوی لە دەرەوە بەسەربرد نوێژی دەکرد، بەر لەوەی دوازدە نێردراوەکە هەڵبژێرێت (٦: ١٢).
- عیسا بە تەنها لەگەڵ قوتابییەکانی نوێژی کرد (٩: ١٨)، هەروەها پەترۆس و یاقوب و یۆحەنای برد بۆ سەر چیا بۆ ئەوەی نوێژ بکات، لەوێدا شێوەگۆڕان و شکۆمەندییان بینی (٩: ٢٨).
- نموونەی عیسا لە داکۆکیکردن لە قوتابییەکان بۆ ئەوەی فێریان بکات کە نوێژ بکەن (١١: ١)، فێری نوێژی پەروەردگاری کردن.
- عیسا باسی نموونەی بێوەژنە کۆڵنەدەرەکەی بۆ باسکردن تاوەکو پێیان بڵێت «کە بەردەوام نوێژ بکەن و بێهیوا نەبن» (١٨: ١).
- بەر لە چەند کاتژمێرێکی کەم لە لەخاچدانی عیسا، لە گەتسیمانی بەرەنگاری تاقیکردنەوە بووەوە لە ڕێگای پاڕانەوە لە باوک (٢٢: ٣٩-٤٤).
- لە تەواوکاری لۆقا، واتا لە سیپارەی کرداری نێردراوان، نێردراوەکان «هەموو بە یەک دڵ بەردەوام بوون لەسەر نوێژکردن» (١: ١٤).
- لە کاتێکدا کڵێسا لەدایک بوو و گەورە دەبوو، نێردراوان بۆیان دەرکەوت کە گرنگیدان بە پێویستییەکانی گەلی کڵێسا زۆر لە کاتی نوێژکردنی لێگرتوون. پێشنیارێکیان کرد بە دانانی حەوت پیاو بۆ گرنگیدان بە پێویستییە کارگێڕییە

زیادەکانــی کڵێســا (٦: ١-٣). نێــردراوان چــی دەکــەن لــەو کات و وزەیــەی گەڕاندیانــەوە؟ گوتیــان: «ئێمــەش خۆمــان تەرخــان دەکەیــن بــۆ نوێژکــردن و بــۆ خزمەتیڕاگەیاندنــی پەیامــی خــودا» (٦: ٤).

نێـردراوان بـەردەوام بـوون لـە شـوێنکەوتنی شـێوازی عیسـا، واتـا خزمـەت بـە دوو لـق: وتـاردان و نوێژکـردن.

ئایـا بەلاتـەوە نامۆیـە کـە نێـردراوەکان، تەنانـەت عیسـای پەروەردگاریـش، بـە ویسـتی خۆیـان زۆر لـە وزە و توانایـان بـۆ نوێژکـردن تەرخـان کـردووە؟ ئایـا قسـەکردن لەگـەڵ باوکـی ئاسـمانی بـە نیشـانەیەکی جیـاواز دادەنرێـت لـە ژیـان و خزمەتەکـەت بـە هەمـان شـێواز کـە لـە ژیـان و خزمەتـی عیسـا و نێـردراوەکان جیـاواز بـوو؟

## ◌ لەگەڵ نوێژدا بژی

نوێژکـردن نـە تەنهـا دەبێـت بـە بینینـی نموونـەی پەیوەندیـی کەسـیی عیسـا لەگـەڵ باوکـی ئاسـمانی بـەرەو پێـش بچێـت، بەڵکـو پێویسـتە بـە سروشـتی هەمـان شـوانایەتی پڕ لـە بەرپرسـیاریەتییەش هـان بدرێـت. خزمەتـی شـوانایەتی دەکرێـت بـە ڕێگایـەک بتخاتـە سـەر ئەژنـۆ و نوێـژ و نـزا بکەیـت.

هیــوادارم لــەم خاڵــەدا هەســت بــەم ترســە تەندروســتەی بــەردەم بیرۆکــەی سەرپەرشـتیکردنی کۆمەڵـی بـاوەڕداران بکەیـت. ڕەنگـە کارەکـە ماندووکـەر بێـت؛ فێرکردنی گشـتی بـۆ گەلـی کڵێسـا، وە فێرکردنـی تایبـەت بـۆ تاکـەکان، ڕووبەڕووبوونەوە، کۆششـکردن بــەدوای ونبــووان و دوورکەوتــووەوەکان، ڕابەرایەتــی خەڵــک، هەمــوو ئەمــە کاتــی زۆر دەخایەنێــت، ڕەنگــە دەروون مانــدوو بــکات. ئــەو چاودێرییــەی کــە مــرۆڤ دەیــکات هەرچەنـد بێـت، هـەردەم دەکـرێ زیاتـر بکرێـت. هـەردەم پیـر دەتوانێـت پەیوەندییەکـی دیکـەی تەلەفۆنـی بـکات، یـان بەقوتابیبوونـی کەسـێک ئەنجـام بـدات، یـان بانگهێشـتی کەسـێکی دیکـە بـکات بـۆ نانـی ئێـوارە. شـوان چـۆن پێناسـەی وشـەی تـەواو بـوو دەکات؟

سـەیر نییـە کـە پیـران بە ئاسـانی دەکشـێنەوە بـۆ نموونـەی مۆدێلـی ئەندامانی دەسـتەی نوێنـەران. زۆر ئاسـانترە کـە پیـر چەنـد کاتژمێرێکـی کـەم لەسـەر مێـز دابنیشـێت، گفتوگـۆی چەنـد سیاسـەتێک بـکات، وە داوای دەنگـدان بـکات لەسـەر چەنـد بڕیارێـک، وای دادەنێت کــە کارەکــە ئیــتر «ئەنجــام دراوە» لــە کاتــی دواخســتنی کۆبوونــەوە یــان کۆتاییهاتنــی

کۆبوونەوەکـە. بـەڵام لـە کاتێکـدا حـەز بـە خزمەتـی شـوانایەتی مـرۆڤ دەکەیـت، جـا ئەگـەر خزمەتکارێکـی پسـپۆر بێـت کـە پـارە وەردەگرێـت، یـان چاودێرێکـی (پیرێکـی) پـارت تایـم بێـت، تووشـی سـنووورداری دەبیـت لـە کات و وزە و بەهـرەت. ئـەوەی هیـوای بـۆ دەخـوازرێ ئەوەیـە کـە ئـەم ڕووبەڕووبوونەوەیـە هانـت دەدات بـۆ هاوارکـردن لـە پێنـاوی داواکردنـی پاڵپشـتی لـە خـوداوە. وە سـەبارەت بـە پیـران، نوێـژ تەنهـا بـە ئـەرک دانانرێـت، بەڵکـو سـتراتیژیەتی گرنگـە بـۆ مانـەوە.

نـە تەنهـا سـەختیی کار پیـر ناچـاری نوێژکـردن دەکات، بەڵکـو ئامانجـی کاریـش. هـەروەک لـە بەشـی دوو بینیـمان، پیـران ئامانجیانـە کـە ئەندامانـی کڵێسـا لـە مەسـیحدا پێبگەیەنـن، لەگـەڵ ئەمەشـدا، توانـای ئەوەیـان نییـە کـە وا بکـەن هیـچ یەکێکـی دیکـە لـە ڕووی ڕۆحییـە پێشـبکەوێت. چاودێـران دەتوانـن فێـری کتێبـی پیرۆزیـان بکـەن، بـەڵام ناتوانـن کـە وا لـە خەڵـک بکـەن لـە دڵـەوە گوێڕایەڵـی بـن. پیـر دەتوانێـت ئەندامانـی ناکـۆک ئاشـت بکەنـەوە، بـەڵام ناتوانـن وا لـە هیـچ یەکێکیـان بکـەن لـەوەی دیکـە خۆشـببێت. خـودا ئامانجێکـی بـە پیـران داوە جگـە لـە خـودا کـەس ناتوانێـت بیپێکێـت. ئەمـەش بەگوێـرەی ئـەوەی کـە پۆڵـس باسـی دەکات بـۆ ئەندامانـی کڵێسـای کۆرنسـۆس کـە شـوانی کڵێسـایان دەپەرسـت: «مـن چانـدم و ئەپۆلـۆس ئـاوی دا، بـەڵام خـودا بـوو گەشـەی پێکـرد. ئیـتر نـە تۆوچێـن گرنگـە و نـە ئاودێـر، بەڵکـو تەنهـا خـودا گرنگـە کـە گەشـەی پـێ دەکات» (یەکـەم کۆرنسـۆس ٣: ٦- ٧).

پێویسـتە بێتوانایـی ڕۆحـی وامـان لێبـکات هـاوار بکەیـن بـۆ خـودا و داوای هێـز بکەیـن و گەشـە بـدات بـە ژیانـی باوەڕدارانـی کڵێسـاکەمان. وەکـو نموونـەی ئەلیـاس، دەتوانیـن قوربانـگا نـۆژەن بکەینـەوە و قوربانـی ئامـادە بکەیـن، بـەڵام دەبـێ خـودا ئاگـری ڕۆحـی پیـرۆز بنێرێـت بـۆ نـاو دڵـی مـرۆڤ و ژیانیـان (بڕوانـە یەکـەم پاشـایان ١٨: ٣٠-٣٩).

دەکـرێ بڵێیـن پیـر برێکـی کـەم هۆشـیاری ئـەوەی هەیـە کـە خواسـتی بـۆ گونـاه دەکـرێ خزمەتەکـەی وێـران بـکات. کـە کتێبـی پیـرۆز دەکاتـەوە ڕەنگدانـەوەی دڵـی دەبینێـت لـە فێڵکردنـی ئیبراهیـم، هەوەسـی داود، بێهیوایـی ئەلیـاس، لووتبـەرزی حزقیێـل، وە نکوڵیکردنـی پەتـرۆس. ئەگـەر ئەمـە بـەس نەبێـت، دەبینێـت شـێرێکی بـە نەڕەنـەڕ دەسـووڕێتەوە تینـووی خوێنـی بەرخـە نێچیرەکانییەتـی (یەکـەم پەتـرۆس ٥: ٨). کاتێـک پیـر دەزانێـت تینـووە، برینـدارە، سـەرگەردانە، خـۆی نێچیرەکەیـە، دەنگـی بـەرز دەکاتـەوە و دەپاڕێتـەوە بـۆ داواکردنـی یارمەتـی لەلایـەن شـوانە دڵسـۆزەکەوە.

بەڵێ، نموونەی عیسا ئێمەی پیران بەرەو نوێژکردن کێش دەکات. بەڵام داواکارییەکانی خزمەتی شوانایەتی و شوێنەکانی کەموکوڕی و بێتوانایی تێماندا دەبێ ئەویش هانمان بدات بۆ ئەوەی داوا لە عیسا بکەین کاری مەحاڵ بکات. ئێمەی چاودێر نابێت تەنها بۆ ئەوە نوێژ بکەین کە وەکو مەسیح شوانایەتی بکەین، بەڵکو لەبەر ئەوەی پێویستمان بە عیسایە کە لەڕێگای ئێمەوە و بۆ ئێمە کاری شوانایەتی بکات. خزمەتی پیر بە نوێژ دەژییێت.

## ◌ ڕاهێنانی نوێژ کردن

شێوازی خزمەتی پیری پڕ لە نوێژ چۆنە؟ چۆن پیرەکان لە عیساوە ئیلهام وەردەگرن و بە بەرپرسیاریەتییان پێویستان بە بەرزکردنەوەی دەنگی نوێژەکانیانە؟

هەوڵ بدە وا بیر لە نوێژ نەکەیتەوە کە چالاکییەکی زیادەیە و ئاخنراوەتە نێو خشتەی کارەکانت کە بە کردار بارکراوە. لەبری ئەوە، وەک سیستەمێکی کارپێکردن بیری لێبکەوە کەوا جێبەجێکردن و بەرنامەکانی دیکە بەڕێوە دەبات. هەروەک پۆڵس گوتی: «بەردەوام نوێژ بکەن» (یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٧). نوێژ لە باشترین بارەکانی دەبێت کاتێک دەربڕینێکی زارەکی دەبێت بۆ حاڵەتێکی چەسپاو و بەردەوام لە پشتبەستن بە خودا. تەواو وەکو کەسایەتی، پێویستە لە هەرچییەکی پیر دەیکات هەڵبقوڵێت. پێویستە جۆرێک بێت لە هەناسەدانی ڕۆحی کە ژیانی ڕۆح بۆ ژیان و کردەوەکانمان دەهێنێت.

لە خوارەوە چوار ڕێگا هەیە بۆ تێکهەڵکێشکردنی داکۆکیکاری لەنێو چینی خزمەتەکاران وەکو پیر.

## ◌ نوێژی گشتی

هەوڵ بدە هەر کاتێک لە کاتەکانی ڕابەرایەتی گشتی بقۆزیتەوە وەک دەرفەتێک بۆ نوێژکردن. کەسێک بە هەر دەرفەتێک بۆ نوێژکردن بقۆزەوە. جا ئەگەر ڕێوڕەسمی ئێوارەخوانی پەروەردگار بەڕێوە ببەیت، یان پۆلێک لە پۆلەکانی قوتابخانەی ڕۆژانی یەکشەممە بەڕیوە ببەیت، یان ئەگەر قسەکەر بیت لە کۆنفراسێکی پەروەردەیی، یان کاتێک کۆبوونەوەیەکی کڵێسا بەڕێوە دەبەیت، لەم کاتەدا دەسەڵاتەکەت بقۆزەوە بۆ ئەوەی لەجیاتی ئەو خەڵکەی لەگەڵت کۆبوونەتەوە نوێژ بکە. وە کاتێک لەگەڵ

ئەندامانـی دیکـەی کڵێسـا دەبیـت لـە بۆنەیـەک بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەیەک. تـۆ ئـەو کەسـە بـە کـە دەڵێـت: «پێویسـتە کەمێـک ڕاوەسـتین و داوا لـە خـودا بکەیـن کـە یارمەتیـمان بـدات». وە ئەگـەر لـە هـەر گردبوونەوەیەکـی ئەندامانـی کڵێسـاکەت پرسـی کـە ئەگـەر دەتوانیـت نوێـژ بکەیـت، هەرگیـز کـەس ڕەتـی ناکاتـەوە.

سـەرباری بەهـای خـودی نوێـژ، بڵاوکردنـەوەی داکۆکیکـردن لەنێـو کۆبوونـەوە گشـتییەکان هەروەهـا دەرفەتـی ئەوەشـت پێـدەدات بـۆ فێرکردنـی خەڵکـی کـە چـۆن نوێـژ بکـەن لـە ڕێـگای پێشکەشـکردنی نموونەیەکـەوە کـە لاسـایی بکەنـەوە. کەواتـە، کاتێـک لەجیاتـی ئەندامانـی کۆبـووەوە نوێـژ دەکەیـت، هـەوڵ بـدە کـە بیسـەلمێنیت نوێژەکـەت هاوسـەنگە و لـە دڵـەوە دەرچـووە. وە مکـوڕ بـە لەسـەر ئـەوە کـە نوێـژ دەکەیـت نـەک هـەر تەنهـا بـۆ پێویسـتییەکانی تاکەکانـی کۆمەڵـی بـاوەڕداران، بەڵکـو هەروەهـا لـە پێنـاوی کڵێسـاکانی دیکـە و لـە پێنـاوی دامەزراندنـی کڵێسـای نـوێ لـە ناوچەکـەت. تەنهـا لـە پێنـاوی هەڵبژاردنەکانـی داهاتـووی ناوچەکـەت نوێـژ مەکـە، بەڵکـو لـە نوێژەکەتـدا کاری ئینجیـل لـە هەمـوو جیهـان بـەرز بکـەوە. نوێـژ بکـە لـە پێنـاوی نانـی ڕۆژانـە، وە لەبیـر مەکـە کـە بپاڕێیتـەوە لـە پێنـاوی ئـەوەی کـە پاشـایەتی ئاسـمان بێـت و بـۆ ئەوەی خواسـتی ئـەو بێتـە دی، وە هـەوڵ بـدە کـە دەسـتپێکی نوێژەکـەت وەک دەسـتپێکی زۆرینـەی نوێژەکانـی نێـو کتێبـی پیـرۆز بێـت؛ واتـا: کـە ستایشـی ئـاکار و کردەوەکانـی خـوا بکەیـت: «بـا نـاوت پیـرۆز بێـت» (مەتـا ٦: ٩). وە بـە نیعمەتـی خـودا خەڵکـی لاسـایی نوێژەکـەت دەکەنـەوە هـەروەک تـۆ لاسـایی نمونەکانـی کتێبـی پیـرۆز دەکەیتـەوە.

کاتێـک لەبـەردەم جەمـاوەر نوێـژ دەکەیـت، ئـەوا تـۆ تەنهـا نموونەیـەک پێشـکەش ناکەیـت سـەبارەت بـەوەی دەبێـت چـۆن نوێـژ بکـەن، بەڵکـو هەروەهـا نموونەیـەک پێشـکەش دەکەیـت بـۆ هەڵوێسـتی پشتبەسـتوو بـە خـودا. ئەگـەر ڕابـەری ڕۆحـی بڵێـت: «ئێمـە پێویسـتمان بـە پشـتیوانی خـودا هەیـە»، ئـەوا پەیامێکـی بەهێـز دەنێرێـت بـۆ ئەوانـەی شـوێنی کەوتـوون. نوێـژی گشـتی پشتبەسـتوو بـە خـودا ڕێگایەکـی دیکەیـە بـۆ ڕابەرایەتیکردنـی خەڵـک بەبـێ خۆسـەپاندن بەسـەریاندا.

لـە مـاوەی خوێندنـم لـە کۆلێـژی یەزدانناسـی، مامۆسـتایەک وانـەی پێدەگوتـم بـە نـاوی میریـدس کلایـن. کاتێـک لـە پۆلەکـەی ئـەودا بـووم، ئـەو خەریـک بـوو خانەنشـین بێـت. دکتـۆر کلایـن مایـەی سەرسـامی قوتابییـەکان بـوو بـە هـۆی زانسـتی زۆری لـە بـواری یەزدانناسـی کتێبـی پیـرۆز؛ شـەیدای تێگەیشـتن و ڕوونکردنـەوەی ئـەوە بـوو کـە چـۆن

چیرۆکی کتێبی پیرۆز بە تەواوەتی لە هەموو بەشەکانیدا لەگەڵ یەکتر دەگونجێت. بەڵام بواری کارکردنی یەزدانناسی گشتگیر کە بەوە جیا دەکرایەوە تەنها ئەوە بوو یارمەتی دام بۆ خوێندنەوەی پیرۆز وەکو یەک گورزە، ئەوەی کاریگەری لێ کردم نوێژکردنی دکتۆر کلاین بوو.

لە هەموو وانەیەکدا بە نوێژکردن دەستی پێدەکرد، بە دەنگێکی نووساوەوە دەناسرایەوە، زبر، بە جۆرێک هێواش، لەگەڵ ئەرکی داکۆکیکردن نەدەگونجا لەبەردەم جەماوەر، وە نوێژی دورودرێژی دەکرد. زۆربەی کات دکتۆر کلاین بۆ ماوەی دە خولەک یان زیاتر نوێژی دەکرد. سەرباری ئەمە، قسەکردنی لەگەڵ خودا سەرنجڕاکێش بوو. وە لە کاتی نوێژکردنەکەی، وەکو ئەوە بوو کە زانیارییە فراوانەکەی لە کتێبی پیرۆز و یەزدانناسی بگۆڕێت بۆ بەندایەتی و پاڕانەوە لە خودا. هەڵڕشتنێکی هزرم بینی لەبەردەم مەزنیی خودا دادەنرا، وە چێژی دەبینی بە لایەنەکانی کاری عیسای ڕزگارکار. ئەم پیرە پیاوە باڵا کورتە کاریگەری لە دڵم کرد، لە پۆل و لە پاش پۆلیش، حەزم دەکرد وەکو ئەو خودا بناسم و قسەی لەگەڵ بکەم. ڕاوەستانی لەپشت سەکۆ گشتییەکەی وەک دەرفەتێک بەکارهێنا بۆ نوێژکردنی گشتی و کاریگەرییەکی قووڵی لە ژیانی قوتابییەکان دروست کرد.

کەمن ئەو پیرانەی یان ئەو شوانانەی قووڵی تێگەیشتن و زانیارییان هەبێت وەکو دکتۆر کلای؛ بەڵام هەموو چاودێرانی کڵێسا شوێنی گشتییان هەیە کە دەکرێ دەرفەت بقۆزێتەوە بۆ بەکارهێنانی لە پێناوی نوێژکردن بەپێی کتێبی پیرۆز لە دڵەوە دەربچێت. وە مەرج نییە ئەوەی ئەمە دەکات هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت.

### ◌ نوێژی پیر

نوێژ بکە بە بەشێکی دانەبڕاو لە «کۆبوونەوەی پیران»کە تێیدا ئامادە دەبیت. کاتی هاتووە بۆ ئەوەی هەنگاوێک زیاتر پێشبکەویت لەوەی تەنها داوا لە یەکێک بکەیت کە کۆبوونەوە بە نوێژ «دەستپێبکات» یان «کۆتایی پێبهێنێت». هەر کاتێک کۆبوونەوە کاتێک تەرخان بکە بۆ داکۆکیکردن. لە ڕاستیدا، ئەم کاتە بکە بەندی یەکەمی خشتەی کارەکان.

مەترسە لەوەی لە نێوان بڕگەکانی کۆبوونەوە نوێژێکی سەرپێیی بکەیت. ئەو شێوازەم بەلاوە پەسەندە کە بۆب لە کۆبوونەوەکانی تایبەت بە پیران بەکاریدەهێنا؛

کـە هەندێـک جـار پێویسـت بـوو گفتوگـۆی بابەتێکـی قـورس بکەیـن، وەکـو هەڵوێسـتێکی بێزارکـەری پەیوەسـت بـە یەکێـک لـە ئەندامانـی کڵێسـا یـان بڕیارێکـی قـورس کـە دەبووایـە بیدەیـن بەبـێ ئـەوەی بـژاردەی ڕوونمـان هەبێـت. زۆر جـار بـۆب دەسـتی بـەرز دەکـردەوە و دەیگـوت: «ئایـا دەتوانیـن سـاتێک ڕابوەسـتین بـۆ ئـەوەی لـە پێنـاوی ئـەم بابەتـەدا نوێـژ بکەیـن؟» بڕیاردانـە قورسـەکان بـە یەکێـک لـە نەرمەواڵەکانـی پیـر دادەنرێـت کـە پێشـتر باسـم کـردووە، بـەڵام نوێـژی پشتبەسـتن بـە پـەروەردگار بـە سیسـتەمی کارپێکـردن دادەنرێـت.

یەکێـک لـە ڕێـگا ئاسـانەکان بـۆ دروسـتکردنی گۆڕانـکاری لـە کۆبوونەوەکانـی پیـران، وە لـە برایانـی پیرانـت، ئەوەیـە کـە بـەردەوام پێکـەوە نوێژ بکـەن لە ڕێـگای تـەواوی ئەندامانی کڵێسـا. کاتێـک ئەمـە دەکەیـت، بابەتـە لەسـەر ئـەوە کـورت نابێتـەوە کـە ئەندامانـی کڵێسـا بەرەکـەت وەربگـرن لـە ئەنجامـی نوێژکردنـی کەسـێک لـە پێناویـان، بەڵکـو تـۆ و پیرانـی دیکـەش لـە نوێـوە چـڕ دەبنـەوە لەسـەر ئەندامانـی کڵێسـا لەجیاتـی چڕبوونـەوە لەسـەر ئـەو ئامـراز و ڕێـکار و سیسـتەمانەی کـە کڵێسـای پـێ بەڕێـوە دەبردرێـت. ڕەنگـە پیـران وای ببینـن کـە داکۆکیکـردن لـە پێنـاوی ئەندامـان کارێکـی ڕەزامەندانەتـر بیـت لـەوەی چەلەحانـێ بکـەن لەسـەر قەبـارەی ئـەو بـڕە پارەیـەی کـە پێویسـتە بدرێـت بـۆ سیسـتەمی نوێـی گەرمـی یـان سـەبارەت بـە توانـای ڕێپێـدان بـە یەکێـک لـە یانەکانـی شـار کـە دەزگاکانـی کڵێسـا بەکاربهێنێـت بـۆ ڕێکخسـتنی ئاهەنـگ و بۆنەیـەک.

بـەم شـێوەیە پیرانـی کڵێسـاکەم هـەوڵ دەدەن کـە هەمـوو ئەمـە پێکـەوە بکـەن. وە ئـەوەی ئێسـتا دەیخەمـە ڕوو ئـەو ڕێگایەیـە کـە دەکـرێ هەبێـت بـۆ دانانـی هەیکەلـی ڕێکخسـتن بـۆ نوێژکـردن لـە کۆبوونەوەکانـی پیـران، بـەڵام بێگومـان تاکـە ڕێـگا نییـە و باشـترینیش نییـە. پیرانـی کڵێسـاکەمان بـە فەرمـی مانگانـە دوو جـار کـۆ دەبنـەوە. وە کۆبوونـەوەی «نوێـژ» دەکەیـن لـە یەکـەم ڕۆژی سێشـەمەی هـەر مانگێـک، وە کۆبوونەوەی «کارکـردن» لـە سێشـەمەی سـێیەم. وە لـە کۆبوونەوەکانـی کارکردنیـش هـەوڵ دەدەیـن نوێـژ بکەیـن، بـەڵام بـە شـێوەیەکی فـراوان نـا هـەروەک کۆبوونـەوەی نوێـژ.

لـە کۆبوونـەوەی نوێـژدا باسـی پێداویسـتییە زانراوەکانـی کڵێسـا دەکەیـن، لەوانـەش پێویسـتییە کەسـییەکانی خۆمـان وەکـو پیـران، ئینجـا کاتەکـەی دیکـە بەسـەردەبەین بـە نوێژکـردن لـە پێنـاوی ئـەم داواکارییانـە و بـە خشـتەیەکی درێـژی ئەندامانـی کڵێسـاوە نوێـژ دەکەیـن. ڕەنگـە کۆبوونـەوەی نوێـژی تایبـەت بـە پیـران یەکێـک لـە خۆشـترین چالاکـی کڵێسـا بێـت بـە لای منـەوە.

بیرۆکەیەکی دیکە: بیر لەوە بکەوە بانگهێشتی پیرانی برات بکەیت بۆ بۆنەیەکی تایبەت بە نوێژکردن، وە تەنانەت بۆ ڕۆژووگرتنیش. کاتێک پیرانی کڵێساکەمان ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی قورسی ژیانی کڵێساکەمان دەبوونەوە، جار بە جار هەفتەیەکمان بۆ نوێژ و ڕۆژوو تەرخان دەکرد. بۆ هەر پیرێک چەند ڕۆژێکی دیاریکراومان دادەنا بۆ ڕۆژووگرتن هەتا ئەوەی هەموو پیرەکانمان لە تەواوی هەفتەکەدا دابەش دەکرد. پێویستمان بە کاری زیاترە لەمە.

### ◌ نوێژی تاکەکەسیی

مەبەست لە نوێژی «تاکەکەسیی» ئەوە نییە کە بە تەنها خۆت نوێژ بکەیت (لە خاڵی داهاتوودا باسی ئەمە دەکەین بە ناونیشانی «نوێژی نهێنی» واتا نوێژی بە تەنها). بەڵام مەبەست لە نوێژی کەسێکە لە پێناوی کەسێکی دیکە لە ئەندامان.

دووبارەی دەکەمەوە، ئەم نوێژە چالاکییەکی زیادە نییە لە خشتەی ئەرکەکانت، بەڵکو پێویستە ببێتە بەشێکی کاری شوانایەتی ئاساییت. هەرچەندە قسەت لەگەڵ ئەندامێکی کڵێسادا کرد، هەوڵ بدە لە پێناویدا نوێژ بکەیت، لە هەرکوێ بینیت، وە لە هەمان شوێندا، وە بە شێوەیەکی کەسیی. هەر بابەتێک لە بارەیەوە پێکەوە قسەتان کرد وەریبگرە و بەرزی بکەوە بۆ خودا، جا ئەگەر لەگەڵ کەسەکەدا قاوەتان دەخواردەوە یان لە دوای نانخواردنی ئێوارە لە ماڵی تۆدا قسەتان دەکرد. یان تەنانەت ئەگەر لە هۆڵی قەرەباڵغی کڵێسا لە دوای کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممە بێت کە ئەندامێک باسی شتێک دەکات پەیوەست بە خۆی یان ئەو ئەزموونەی پێیدا ڕەت دەبێت، هەوڵ بدە ڕاوەستیت و لێی بپرسیت: «ئایا دەتوانم ئێستا لەپێناوی ئەم بابەتە نوێژ بکەم؟» هەرگیز هیچ کەسێکم نەبینیوە ئەم داوایە ڕەت بکاتەوە.

هەروەها هەوڵ بدە ڕێگایەکی گونجاو بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی پیران ئەم دەقەی کتێبی پیرۆز لە (یاقوب ٥: ١٤، ١٥) بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە:

> «کامەتان نەخۆشە؟ با پیرانی کڵێسا بانگ بکات بۆ ئەوەی نوێژی لەسەر بکەن و بە ناوی عیسای خاوەن شکۆوە چەوری بکەن. ئەو نوێژەی بە باوەڕ دەکرێت نەخۆش چاک دەکاتەوە و عیسای خاوەن شکۆ هەڵیدەستێنێتەوە. ئەگەر گوناهێکیشی کردبێت دەبەخشرێت»

ئـەم دوو ئایەتـە زۆر پرسـیاری گرنـگ دەوروژێنــن، وەکـو: «ئایـا پێویسـتە زەیـت بەکاربێـت؟»، «پەیوەندیـی نێـوان نەخۆشـی و گونـاە چییـە؟» وە «لایەنەکانـی پەیوەنـدی چیـن لـە نوێـژی پیـر لـە پێنـاوی نەخۆشـی و لێخۆشـبوون؟» ئامانجـی مـن لێـرەدا ئـەوە نییـە کـە ڕاڤەیەکـی وردی ئـەم دوو ئایەتـە بکـەم، بەڵکـو بـە سـاکارییەوە دەپرسـم: «ئایـا تـۆ و پیرانـی هاوبەشـت بـەردەوام لـە خزمـەت نوێـژ دەکـەن لـە پێنـاوی نەخۆشـەکان وەک ئـەوەی یاقـوب دەڵێـت؟»

پیرانـی کڵێسـاکەمان ئـەم شـتە دەکـەن، زۆر کـەس دەڵێـن کـە ئەمـە یەکێکـە لـە پێکهاتە گرنگەکانـی خزمەتەکەتـان وەکـو پیـران؛ بینیـمان کـە خـودا کار دەکات. وە هەندێـک جـار خـودا بـۆ ماوەیـەک بڕێـک پشـووی بـە ئەندامانـی نەخۆشـی کڵێسـا بەخشـیوە. وە چەندیـن جـار، خـوا بـە پەرجـو چاکبوونـەوەی لـە نەخۆشـی پێبەخشـیوین لـەو جـۆرەی کـە وا دەکات پزیشـکی پسـپۆڕی زانسـتی گرێناسـی بەهـۆی سەرسـامی و سـەر سوڕمانی سـەری بخورێنێـت. وە چەندیـن جـاری دیکـە، دڵنیـا نیـم لـەوەی کـە خـودا چاکبوونـەوەی لـە جەسـتەی کەسـێک کردبێـت، جگـە لـەوەی بـرای نەخـۆش هێـزی ڕۆحیـی وەرگرتـووە بـۆ ئـەوەی بـەرەو پێـش بچێـت.

لـەم کاتـەی ئـەم وشـانە دەنووسـم، باوکـم لەگـەڵ نەخۆشـی شـێرپەنجە لـە ململانـێ دایـە. دایکـم و باوکـم ئەندامـی کڵێسـان؛ داوای نوێژکردنیـان کـرد لـەو پیرانـە کـە بەڕاسـتی ئامـادە بـوون و لەپێناویـدا نوێژیـان کـرد. هێشـتا نازانـم خـودا چـۆن وەڵامـی ئـەم نوێـژە دەداتـەوە لـە پێنـاوی چاکبوونـەوە. بـەڵام دەڵێـم بینینـی نزیکـەی دوازدە پیـاوی خوانـاس لـە ژووری دانیشـتنی باوکـم دڵیـان هەڵدەڕێـژن بـۆ خـودا لـە پێنـاوی دایـک و باوکـم سـاتێکی زۆر قووڵـە بـۆ دایـک و باوکـم، وە بـۆ ئـەم پیاوانـەش.

## ◌ نوێژی نهێنی

لــە کۆتاییــدا، گرنگــە کــە کاتێــک تەرخــان بکەیــت بــۆ نوێژکردنــی داکۆکیــکاری و پەیوەنـدی لەگـەڵ خـودا لـە نێـوان خـۆت و ئـەودا. وە ئـەوەی لـەم قۆناغـەدا هیـوای بـۆ دەخـوازم ئەوەیـە کـە پێویسـتی زۆرت بـە نوێژکردنـی نهێنـی وەک پیرێـک شـتێکە هـەر دەبێـت زۆر بـە ڕوونـی هەبێـت. ئەگـەر لـە نزیـک خـودا نەڕۆیـت، ڕێـگا ون دەکەیـت، وە ڕەنگـە مێگەلیـش لەگـەڵ خـۆت ببەیـت.

مکـوڕ بـە لەسـەر ئـەوەی نوێـژی نهێنـی بکەیتـە بەشـێکی دانەبـڕاو لـە ژیانـت. هەمـوو

ڕۆژێـک کاتێـک تەرخـان بکـە، لـە شـوێنێک، بـە هـەر ڕێگایـەک. لـە کاتـی چوونـت بـۆ کارکـردن نوێـژ بکـە، یـان لـەم کاتـەی کـە پیاسـەیەک بـە سـەگەکەت دەکەیـت، یـان لـەو کاتـەی دەچیـت بـۆ کڕینـی شـتێک. خەشـتەیەکت هەبێـت بـە نـاوی ئەندامانـی کڵێسـا، لـە کاتەکانـی جگـە لـە کاتـی کارکـردن نـاوی هەمـووان لەبـەردەم خـودا بهێنـە.

ڕەنگـە نوێژکردنـی نهێنـی و هاوبەشـی لەگـەڵ عیسـا لـە ڕێـگای وشـەی پیرۆزیـەوە لەنێـو پشتگوێخسـتراوترین نەریتـەکان بێـت لەلایـەن شـوانانەوە. لەگـەڵ ئەمەشـدا، ئـەم دوو نەریتـە بـە بەڵگـەوە زۆرتریـن پەیڕەوییـە یەکلاکەرەوەکانـە بـۆ بووژانـەوەی ژیانـی ڕۆحـی و خزمەتەکەمـان. دەبـێ چـی ڕووبـدات لـە کۆمەڵـی بـاوەڕداران لـە کڵێسـا ناوخۆییەکانمـان ئەگـەر شـوانەکانی ژێـر سـەرکردایەتی عیسـا خۆیـان بـۆ نوێژکـردن تەرخـان کـرد بـە هەمـان شـێوازی کـە خۆیـان تەرخـان دەکەیـن بـۆ بودجـە، سیاسـەتی خزمەتکـردن، وە نامـە ئەلیکترۆنییـەکان؟

### ◌ بڕۆ پاڵ کۆبوونەوەی نوێژ

بـە ڕامـان لـە ئەنجامدانـی نوێژکردنـی عیسـا دەسـتمان بـەم بەشـە کـرد. خزمەتـی ئاشـکرای عیسـا نوێژکردنـی لەگـەڵ بـوو، کـەوا بنچینـەی دەسـتپێکەکەی بـوو. پێویسـتە پیـران تەماشـای نموونەکانـی عیسـا (وە نێـردراوان) بکـەن و پـەرۆش بـن بـۆ ئـەوەی وەکـو ئـەوان بـن.

جگـە لـەوەی لایەنێکـی دیکـەی پیشـان دەدات لـە خزمەتـی نوێژکردنـی عیسـا کـە پێویسـتە لەبەرچـاوی بگریـن: هەتـا ئێسـتاش عیسـا نوێـژ دەکات.

عیسـا زینـدووە، لـە دەستەڕاسـتی باوکـە، داکۆکـی لـە گەلەکـەی دەکات بـەو پێیـەی کـە سـەرۆک کاهینمانـە (ڕۆمـا ٨: ٣٤؛ عیبرانییـەکان ٧: ٢٥). عیسـا، داکۆکیـمان لـێ دەکات، لەگـەڵ بـاوک قسـە دەکات و داکۆکیـمان لـێ دەکات (یەکـەم یۆحەنـا ٢: ١). بـەر لـە چەنـد کاتژمێرێـک لـەوەی عیسـا بچێتـە سـەر خـاچ، نوێـژی بـۆ بـاوک کـرد کـە قوتابییەکانـی بپارێزێـت و لەناونەچـن وەک ئـەوەی یەهـوزا لەناوچـوو (یۆحەنـا ١٧: ١١-١٥). بـەردەوام گەلەکـەی بـە نیعمەتـی خـودا پارێـزراو بـووە کـەوا عیسـا لەجیاتـی ئێمـە لەگـەڵ بـاوک قسـە دەکات.

لەبـەر ئـەوە، کاتێـک پیـران لـە پێنـاوی کڵێسـاکانیان نوێـژ دەکـەن، ئـەوان تەنهـا

هاوشـێوەی مەسـیح نابـن، بەڵکـو دەچنـە پاڵـی و لەگـەڵ ئـەودا یەکدەگـرن. ئـەو شـوانانەی لەژێـر سـەرکردایەتی سـەرۆک کار دەکـەن دەنگیـان دەخەنـە پـاڵ دەنگـی سـەرۆکی شـوانان و پێکـەوە داوا لـە خـودا دەکـەن کـە مێگەلەکـە بپارێزێـت و بـە سـەلامەتی بگاتـەماڵـەوە.

# کۆتایی
# ئەرکی جاویدانیی شوانایەتی

ئای لەم شانازییە خۆش و بەرپرسیارێتییە مەزنە کە وەک پیرێک لە کڵێسای خۆجێیی خزمەت بکەیت، چونکە گرنگییەکی هەتاهەتایی هەیە! وا دیارە ئەرکێکی ماندووکەرە، بەڵکو هەندێک جار مەحاڵە، لەگەڵ ئەوەشدا، شایستەی هەموو ئەوەیە کە ئەنجامی دەدەیت؛ چونکە گرنگی بە کەسانێک دەدەیت کەمتر نین لەوەی گەلی خودا بن کە بە خوێن کڕیونییەتەوە، وە کار دەکەیت لە پێناوی چاکەیان و شکۆمەندی خودای هەتاهەتایی.

هەروەها، ئەی پیران و ئەوانەی دەتانەوێ ببنە پیر، با دوو بیرۆکەی کۆتاییتان بۆ بەجێبهێڵم لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بارە هەتاهەتاییەی شوانایەتی. بیرۆکەی یەکەم هۆشدارییە و بیرۆکەی دووەم بەڵێنە.

یەکەم، هۆشداری: **باش بلەوەڕێنە، چونکە دەبێ وەڵامدەر بیت.** ئەم وشانەت لەبیر بێت کە لە نامەی بۆ عیبرانییەکان نووسراوە:

> «گوێڕایەڵیڕابەرەکانتان بن و ملکەچیان بن، چونکە ئێشکتان بۆ دەگرن، وەک بڵێی حیسابیان پێشکەشی خودا دەکەن، تاکو بە شادییەوە ئەمە بکەن نەک بە بێزاری، چونکە ئەمە زیانی بۆتان دەبێت» (عیبرانییەکان ١٣: ١٧).

ئەم دەقە لە بنەڕەتدا هۆشداری بە ئەندامانی کڵێسا دەدات، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هۆشدارییەکی تێدایە بۆ چاودێرانیش. پیران ئێشک دەگرن «وەک بڵێی حیسابیان پێشکەشی خودا دەکەن»؛ کڵێسا موڵکی عیسایە، مێگەلەکەی کڕیوە و هی خۆیەتی. پیران تەنها سەرپەرشتیارانی ئەو کەسانەن کە «دراونەتە دەستیان» (یەکەم پەترۆس ٥: ٣). شوانەکان هەژمارێک دەدەنە خودی خاوەنەکە سەبارەت بە چۆنییەتی هەڵسوکەوتکردنیان لەگەڵ مێگەلەکەی. هەروەک هەژمارێک دەدەینە زاوا سەبارەت بە چۆنییەتی هەڵسوکەوتکردنمان لەگەڵ بووکەکەی. ئایا ڕاستیی ئەو فێری خەڵک دەکەین، ئایا بە تەواوی ڕاستیی ئەو فێر دەکەین، هیچ شتێکی دیکەی جگە لە ڕاستیی ئەو؟ ئایا مێگەلەی ئەومان خۆشدەوێت وەک ئەوەی ئەو خۆشیدەوێت؟ ئایا

ئێمە ستەمکار بووین یان نەرمونیان بووین؟ ئایا خوشک و براکانمان بەرەو ئاراستەی عیسا دەبەین، یان ئێمە بەردی کۆسپین لە ڕێگای هەوڵدانیان بۆ شوێنکەوتنی ئەو؟

بەڵام هەروەها بەڵێنێکی هەتاهەتایی هەیە: **بەباشی بلەوەڕێنە، تاجێک چاوەڕێت دەکات.** لەدوای ئەوەی پەترۆس پیرانی هاندا بۆ بەڕێوەبردنێکی بێ فیزانە و نموونەیی، ئەم بەڵێنەی پێدان: «کاتێکیش سەرۆکی شوانان دەردەکەوێ، تاجی شکۆ وەردەگرن کەکاڵ نابێتەوە» (یەکەم پەترۆس ٥: ٤).

زۆر لەو شتانەی کە هەموو هەفتەیەک هەوڵی بۆ دەدەین یان نیگەرانی دەبین، پووچ و بێ کەڵکن. سیپارەی ژیرمەندی بەبیرمان دەهێنێتەوە کە ماندووبوون و دەستکەوتەکانمان پووچن. ئێمە کۆ دەکەینەوە و بنیاد دەنێین، تەنها بۆ ئەوەی بۆ کەسانی دیکە بەجێیبهێڵین. بەڵام پاداشتی بەرهەمداری شوانایەتی لەناوناچێت و گەندەڵ نابێت. چییە ئەو شتەی دیکە کە هەموو هەفتەیەک دەیکەیت و بەڵێنت پێدەدات کە لەناوناچێت؟

ئەی برایان، کە بیر لەوە دەکەنەوە ببنە پیری کڵێسا، بەها و باجەکەی دەژمێرن، لە یادتان بێت کە بیر لە شکۆی هەتاهەتایی بکەنەوە کە بۆ بەندە چاک و سەرڕاستەکان هەڵگیراوە.

> «زۆر لەوانەی لەناو خۆڵی زەویدا نوستوون هەڵدەستنەوە، هەندێکیان بۆ ژیانی هەتاهەتایی و هەندێکی دیکەشیان بۆ سەرشۆڕی و سووکایەتی هەتاهەتایی. تێگەیشتووان وەکڕووناکی ئاسمان دەدرەوشێنەوە، ئەوانەش کە خەڵکێکی زۆریان بۆڕاستودروستی گەڕاندووەتەوە بۆ هەتاهەتایە وەک ئەستێرەن» (دانیال ١٢: ٢، ٣).

# ٩نیشانەکان: زنجیرەی بنیادنانی کڵێسا

ئـەم زنجیرەیـە لـە ٩نیشـانەکان کتێبـی کـورت و پوخـت پێشـکەش دەکات کـە خوێندنـەوەی ئاسـان بێـت. سـەبارەت بـە ڕێکخـراوی ٩نیشـانەکان کـە سـەرەتا شـوان مـارک دێڤـەر پێشکەشـی کـرد لـە کتێبـە پڕفرۆشـەکەی بـە نـاوی «نـۆ نیشـانەی کڵێسـای تەندروسـت»، سـەرباری کتێبێـک سـەبارەت بـە بیروبـاوەڕ.

ئـەم زنجیـرە سوودبەخشـە بـۆ خوێندنـی تاکەکەسی. ئەمانـە کتێبـی کـورت و پوختن و یارمەتیـت دەدەن بـۆ تێگەیشـتنی ئـەوەی کتێبـی پیـرۆز سـەبارەت بـە کڵێسـای نێوخۆیـی پێشکەشـت دەکات و چۆنیەتـی بنیادنانـی گەلێکـی تەندروسـت.

IX 9Marks

Building Healthy Churches

# ٩نیشانەکان

بنیادنانی کڵێسای تەندروست

**ئایا کڵێساکەیەکی تەندروستت هەیە؟**

ڕێکخراوی ٩نیشانەکان ئیشی ئەوەیە کە ڕابەرانی کڵێسا بە بینین و ئاشکراکردنی کتێبی پیرۆز و سەرچاوەی کردەیی تەیار و ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کڵێسای تەندروستەوە شکۆی خودا نیشانی گەلان و نەتەوەکانی جیهان بدەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانە، دەمانەوێت یارمەتی کڵێساکان بدەین کە لە نۆ نیشانەی تەندروستدا گەشە بکەن کە زۆربەی کات پشتگوێ دەخرێن:

١. وتاردانی ڕوون و ئاشکرا
٢. یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز
٣. تێگەیشتن لە ئینجیل بەپێی کتێبی پیرۆز
٤. تێگەیشتن لە گۆڕینی مرۆڤەکان بەپێی کتێبی پیرۆز
٥. تیگەیشتن لە مزگێنیدان بە پێی کتێبی پیرۆز
٦. ئەندامێتیی کڵێسا
٧. تەمبێکردنی کڵێسایی بەپێی کتێبی پیرۆز
٨. بەقوتابیکردن بەپێی کتێبی پیرۆز
٩. ڕابەرایەتیی کڵێسا بەپێی کتێبی پیرۆز

ئێمە وەکو ڕێکخراوی ٩نیشانەکان بابەت و پەڕتووک و هەڵسەنگاندنی پەڕتووک دەنووسین، هەروەها ڕۆژنامەیەکی ئینتەرنێتیش بەڕێوە دەبەین. کۆنفرانس ساز دەکەین و چاوپێکەوتن تۆمار دەکەین و سەرچاوەی دیکەش بەرهەم دێنین بە مەبەستی تەیارکردن و ئامادەکردنی کڵێساکان تاکو شکۆی خودا نیشان بدەن.

سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە کە بابەتەکانی بە زیاتر لە ٠٣ زمان بەردەستن بۆ خوێندنەوە، وە ناوی خۆت تۆمار بکە تاکو ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی بێبەرامبەرت بەدەست بگات. دەتوانیت لەم لینکەی خوارەوەدا لیستی تەواوی ماڵپەڕی زمانە جیاوازەکان ببینیت:

**https://www.9marks.org/about/international-efforts/**

**9marks.org**

## به کاریگەرییەوە ڕابەرایەتیکردنی کڵێسا چۆنە؟

لەم کتێبەدا پڕ لە گفتوگۆیەدا، قەشە جێرێمی ڕین خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کاری پیر دەخاتە ڕوو کە خوێنەر بە ئاسانی لێی تێدەگات، کە پشت بە فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز دەبەستێت سەبارەت بە ڕابەرایەتیی کڵێسا.

ئەم کتێبە ڕێنوێنییەکی کرداری بۆ پیرانی نوێ پێشکەش دەکات، هەروەها یارمەتی ئەندامانی کڵێسا دەدات بۆ ئەوەی باشتر لە ڕابەرەکانیان تێبگەن و پشتیوانییان بکەن. هەروەها ئەم کتێبە پوختە ڕابەران هان دەدات بۆ بنیادنانی بانگهێشتەکەیان بە نیعمەت و دانایی و ڕوانگەیەکی ڕوون.

**قەشە ئەلیستەر بێگ**، شوانی کڵێسای پارکساید، لە کلیڤلاندی ویلایەتی ئۆهایۆ دەڵێت:
"جێرێمی ڕین بە ڕێگایەکی نوێ و بە شێوەیەکی ڕوون و بنەڕەتی ئەوە دەردەخات کە کتێبی پیرۆز دەیڵێت سەبارەت بە پێناس و چالاکیی پیرانی کڵێسای خۆجێیی. دەکرێ پیران پێکەوە ئەم کتێبە بخوێننەوە بۆ سوودوەرگتنیان لێی، هەروەک یارمەتی ئەندامانی کڵێسا دەدات بۆ نوێژکردن لە پێناوی ڕابەرەکانیان و پشتیوانیکردنیان".

**قەشە جەی. دی. گریار**، شوانی ڕابەر لە کڵێسای سەمت لە دۆرهەم، کارۆلینای باکوور دەڵێت:
"خزمەتی نۆ نیشانەکان یارمەتییەکی مەزنی کاریگەر و سەرڕاستانەی کڵێساکەمانیان داوە لە دامەزراندنی پەیکەری ڕێکخستن لە کڵێساکەماندا. وە ئەم کتێبە پشت بە کتێبی پیرۆز دەبەستێت و لە ڕووی کردەییەوە سوودبەخشە".

**تۆنی پاین**، بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوە لە دەزگای مەتیاس میدیا دەڵێت:
"ئەم کتێبە بچووکە لەسەر بنەمای کتێبی پیرۆز و بە داناییەوە باسی سروشتی بە کۆمەڵ دەکات بۆ خزمەت و ڕابەرایەتی لە کڵێسادا. لەم کتێبەدا زۆر شت دەبینیت کە ڕووبەڕووی ئالنگاریت دەکاتەوە، هاندات دەدات و ڕێنماییت دەکات".

**جێرمی رین** (بڕوانامەی ماستەری لە یەزدانناسی بەدەستهێناوە، لە کۆلیژی گۆردن کونویل بۆ یەزدانناسی) شوانی کڵێسای ساوت شۆرە باپتیستە لە هینگهام، لە ویلایەتی ماسەچوسێتس. وە بەردەوام بەشداری لە نووسینەکانی گۆڤاری نۆ نیشانەکان کردووە. وە نووسەرێکی بەتوانایە لە کۆمپانیای "گود بوک"، هەروەها مامۆستایە لە ورکشۆپەکانی "سیمۆن ترست"ی تایبەت بە ڕاڤەکردنی کتێبی پیرۆز. جێرێمی لەگەڵ جێنیفەری خێزانی و چوار منداڵەکەیان لە ساوت شور لە بۆستن دەژین.

ئەم کتێبە بەشێکە لە زنجیرە کتێبەکانی نۆ نیشانەکان: زنجیرەیەک کتێبە چڕ دەبێتەوە لەسەر بنیادنانی کڵێسای تەندروست.

handofhelp
Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR
IX 9Marks
www.9marks.org